ماموٚستا شێرکوٚ

# قەڵەم

ئەفسوس قەڵەم خەڵتانی خوێنە

تا سنوری خزمێنەو خێڵ تێ ئەپەڕێنێ

تاستەملێکراو ستەم ئەڕوخێنێ

تاخوێندەواری دەستی کوێر ئەگرێ

تا شارستانی دوایی بە پاشاگەردانی دێنێ

تاخوٚشەویستی کوٚتایی بە دەمامك دێنێ

تا داد نادادپەروەری هەڵدەتەکێنێ

ماموٚستا شێرکوٚ

# پێشەکی

**ئەوەندەی دەستم پیا ڕاگەیشت و دۆزیمەوە لەو بابەتانەی نوسیومن بیان خەمە دوو تویّی چەند لاپەڕەیەکەوە بۆ نەفەوتان و ئاشنا بوونتان لە بیرو بۆچوونەکانم بە هیوام سوودێك بگەیەنێ.**

# ئەوەی ماڵی کوردی بەلاوە گرنگە

ڕژێمی دیکتاتۆری گۆڕکراو دوا ڕۆژی عیراق و کوردستانمان بۆ یەکالا ئەکاتەوە و ژێر بەڕەمان بۆ ئەخاتە سەر بەڕە، کوردی فیرکرد جۆن بەرهەڵستی بکات و ڕۆڵەی گەلەکەمان بوونە پێشەنگی پێشمەرگی بەرەـــ نگاری و خۆبەخت کردن ، نموونەی بێ وێنەن باس لێکردنیان لە کتێبەکاندا جێگای نابێتەوە.

ڕژێمی گۆرکراو نموونەی کوشتن و بڕین بوو، چەوساندنەوە، تۆقاندن ، فڕاندن ،تالانکردن ، شۆرینەوەی مێشک بوو، مێردەزمەی سەروگوێلاکی هەموو مرۆڤێک بە هینەکانی خۆشییەوە ، نموونەی دەسەلاتی بێ سنوور بوو ، نموونەی پەڕۆ هەڵگرتن، وێنە هەڵگرتن و بت پەرستی و سەقامگیرکردنی گیانی خۆبەدەـــ ستەوەدانی هەموو مرۆڤێک بوو بۆ خێزانی دەسەڵاتدار ، نموونەی پیلانگێری و سەوداکاری و شێواندن و مل کەچ پێ کردنی هەر نووزەیەک لە هەر مرۆڤێکەوە بهاتبایە، نموونەی سەوداکاری بە گیانی دۆستایەتی بە بیروباوەر بە ئایین و گیانی خواپەرستی .

ڕێبازو ئایین و دۆستایەتی و درووشم و ئاڵاو وولات و نەتەوە گشتی بۆ چەواشەکردن و سەرلێشیواندن و گێرەشێوێنی و سەقامگیرکردنی جێ پێی خۆیان بوو،دارایی و داهات و پارەو بەرووبووم تەرخان کرابوون بۆ مانەوەی خۆیان، هەژار کردن و چۆڕبرکردن و نەهێشتنی یاسا و دادگاو شێواندنی بەرنامەکانی خوێندن و بەبەعسی کردنی داموودەزگاو قوتابخانەکان گشتی بۆ گەندەڵ کردنی بیروو بۆچوونی مرۆڤ بوو ، گێرانەوەی مرۆڤی عێراق بوو بۆ زۆر ڕابوردوو.

به کوردییەکەی تاک پەرستی ( کەس یا حیزب) پەڕۆ پەرستی هەرڕەنگێک بێت ئەنجامەکەی ئەو مێردەزمەیەیە کە پێی دەڵێن دیکتاتۆرییەت.

لەم هەلەڕەخساوەدا ماڵی کورد چۆن ئاوا ئەکرێت ، مانەوەی بەدووکەرتی ، بەپەڕۆ ، بەتاک ڕەوی حیزبایەتی ، بە کات بەسەربردن بۆ بەدەست هێنانی ڕای خەڵک و مەرامی حیزبی .

ئەی ئەوانەی بەتەنگ ماڵی کوردەوە دێن ، ئەوەی لە پێشەوە خرایە پێش چاو هەڵی سەنگێنن تا هەمان هەڵە لە ماڵی کوردا دووبارە نەبێتەوە تا لە دوا ڕۆژدا ڕابووردووی خەبات و ئابڕووی حیزب و سەرکردەکانی لە هەمان هەڵە بپارێزین.

به گیانی خزمەت کردنی مرۆڤی کورد دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی گەل ئاسوودە ئەبێت یەکێتی ریزەکانی گەل پتەوتر ئەبێت ، داموو دەزگاکانی دەوڵەت بۆ بەڕێوە بردن و خزمەت کردنی خەڵکە نابێت قۆرخ بکرێت لەلایەن حیزب و سیاسەتەوە لە کۆمەڵی دیموکراسیدا ، لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە حوکمڕانی بگرە دەست و مرۆڤی کورد ئاسوودە بکە تا هەست بەبوونی خۆی بکات ، کۆمەڵی شارستانی دیموکراسی بریتییە لە کۆمەڵێکی ئازاد لە هەڵسوو کەوت ، ڕادەربڕیین ، بڕیاردان .

کورد خۆشەویستان لەگەڵ مەستی ئازادییدا ڕۆژانی ئاییندە زۆر ناسکە لە مێژووی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی ، سەرنج بدەن و بکۆڵنەوە لەوەی عێراق چی لێ بەسەردێت گۆڕانکارییەکانی بەچی ئەگات و بۆ کوێی ئەبەن باکوورو باشوورو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات کە هەریەکە لە هەوڵی ئەوەن لچکیکی

بەرەکە ڕاکێشن و سوودوکەڵکی خۆیان لەدەست نەدەن و جێ پێی خۆیان دیاری بکەن و سەقامگیری بکەن ، هەمووشیان لەسەر حیسابی کەوڵی کوردی پارچەکراو کە نازانێ دوارۆژی بەچی ئەگات لەبەر نەزانین و ڕوولێ وەرسووڕان . کەواتە هیچ نەبێت بتوانیین ئەوانەی چاوسوورەکەنەوە، ئەوانەی چەقۆی خۆیان ئەساون کورد کەوڵ بکەن هەوڵەکانیان لەباربچێت ، بۆیە تا زووەخۆ کۆکردنەوە پێویستەو ، پەرلەمانیش شەوو ڕۆژ بخاتە سەر یەک بۆ پتەوکردنی ماڵی کورد .

هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کەم یازۆر چاک یا خراپ جوان یا ناشیرین خزمەت گوزار یا کەم تەرخەم توانیویانە کوردستان بە ئاستی ئێستا بگەیەنن گەورەتریین دەسکەوتیش ئازادی یە، ئاوەدانکردنەوەیە دوور لە دەسەڵاتی رژێمی گۆڕبەگۆڕ ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ دنیا شامی شەریفەو ئەوپەڕیمان هێناوە ئەمرۆ لە دوێنی سەخت ترە سبەینیش لەمرۆ سەخت تر ئەبێت ، بە دووری نازانم ئەم هەویرە ئاو زۆر ببات ، هەوڵ و کۆششەکانی کۆسپ خستنە ڕێگای ئازادی کوردستان زۆر گەرمە و بۆشیان بکرێت ناشیرینترین ناوبانگمان دەدەنێ بەهۆی ڕەفتاری کۆمەڵێ خەڵکی دەروون نەخۆشەوە، ئەبێ زۆر ووریا بیین وەک مەلەکەی مەلای مەشوورمان لێ نەکەن .

خەڵکی کوردستان موبتەلای ئەو دووپارچەیەیە کە بەداخەوە ڕەگێکی مێژوویێ هەیە و نابێتە هۆی ئەوەی کورد وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی تۆکمە ڕوو بە ڕووی ئەم هەلە ناسکە ببێتەوە و ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لەهێوڵکردنەوەی دۆخی شڵەژاوی عیراق و ناو بژی کردنی هەبێت و بچێتە پێشەوە بەبێ ئەوەی کەسێک بتوانێ کەلەبەرێک لە تۆکمەیی کوردا بدۆزێتەوە، بەداخەوە کورد ناتوانێ ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی و ناشتوانێ بەم شێوەیەی ئێستای ڕوو بەڕووی ڕووداوەکان ببێتەوە. ڕاستە حیزبەکان دەوریان بووە لە کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسۆنی عیراق کە خۆشیان لە بنەڕەتدا باوەریان بە ڕاستی و درووستیان نەبووە و گومانیشیان لە سەرجەم هەڵسوو کەوتیان هەیە و هەندیکیشیان ناون و شاری وێرانن ، بەڵام زەمانە وای لێیان کردووە کە کاتیان لە گەڵدا بە سەر بەرن و دەوریشیان بدەنێ ، ئەمە ئەو دەمەی هێشتا ڕژێمی گۆرکراو دەسەڵاتی بوو ، بەڵام ئەمرۆ باروو دۆخێکی ترە کەسایەتی نوێ حیزبی نوێ بێنە ئاراوە و هەندێ لەوانەش بپوکێنەوە.

بۆیە پێویستە بەرێوەبەرایەتی کوردستان یەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەبێ بۆ ماوەی دیاری کراو نەک هەتا هەتایی کە لە عیراقی ئاییندەدا خۆی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبە_ ڕایەتی کوردستاندا ئەبیینێتەوە، هەرچی زووترە بڕیاربدرێت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەو :

1. بەزوویی ( بۆ کورد) یەکخستنەوەی بەرێوەبەرایەتی هەولێرو سلێمانی بەکردەوە،
2. نەهێشتنی پەرۆی سەوزو زەرد کەتەنها لەڕۆژی هەڵبژاردن پێویستە،
3. نەهێشتنی وێنەی هیچ سەرکردەیەک ،
4. تێکەڵ کردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ئەگەر نیازی ئاشتی و دیموکراسییان هەیە)، تا ببێتە ناوکی سوپای عیراقی دوارۆژ ،
5. دوورخستنەوەی حێزبایەتی لە داموو دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی کوردستاندا ،

6 . پەرلەمانی یەکگرتوو و حوکمەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان دەم سپی و دەم راستی
کوردستان بێت لە ووتووویژووگۆڕانکارییەکانی عیراق دا.

ڕەوای هەقە بە ویژدانەوە دوور لەبەرژەوەندی کەسایەتی و حیزبایەتی بەتەنگ کوردەوە بێن ،
زۆر کراوە بەڵام ئەمرۆ زیاتری ئەوێت لێ بووردنی ئەوێت ، گەر باوەر بە دیموکراسییە
ئەو هەنگاوە زۆر بەرزترە .

بژێ ئەو کەسەی خۆی ئەکا بە خۆشەویستی گەل و هەنگاوی ئەمڕۆی
پێویست ئەنێت ئەگەر لەسەر حیسابی خۆشیی بێت ، ئەبێتە ئاڵا هەڵگری کوردستان که
گشت پەڕۆکانی تێداکۆبۆتەوەو کەسیش مەغدوورنابێت ، کورد تۆکمە ئەکات و دووری ئەخاتەوە
لە چارەنووسی خراپ و ڕەش،
هەربژی کوردو کوردستان
بژی دیموکراسی گۆڕکرێ بۆ هەتایە دیکتاتۆری.

مامۆستا شێرکۆ
ئەتلەنتا
2003 . 04 . 21

ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوی
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
نەورۆز لەهەموو لایەک پیرۆزبێت ، تەنانەت لەو گەلانەش کە یادی نەورۆز ئەکەنەوە وەک ڕۆژی نوێ ی ساڵی تازە.

بەنرخ ڕاگرتنی ئەم یادە لەوەدا خۆی ئەبێ بنوێنێ کە تاکی کورد چەند پەیوەستە بە کولتورو نەریت و زێدی باوو باپیران و کۆمەڵی کوردەوارییەوە .

تاکی کورد ئەو کۆڵکەیە یا بنەمایەیە کە کۆمەڵی کوردەواری لێ پێک دێت ، ئەو کەسەیە کە هەڵگری نیشانەو سیفەتەکانی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردە هەر لە زمان و خوو نەریت و کوڵتورو نەتوانەوەی لە بۆتەی نەتەوەکانی تردا جا لە کوردستان یا لە دەرەوەی کوردستان .

کورد ئەو مرۆڤە دیرۆکەیە لەوەتەی هەیە لەو ناوەندە زەوییەی ئێستادا دەژی ، ڕووبەڕو بوونەوەی لەگەڵ ئەسکەندەری مەکدۆنی ، 14هەزار سوارەی یۆنانی کە گەزەنەفوون لە کتێبی ئەنابازدا باسی دەکات و ناوی هێناون بە کاردۆ کاردۆخی ،کورد.

فەرمانڕەوایەتی میدییەکان و ئۆرارتووییەکان و دەولەتی دۆستەکی سەلماندنن بۆ بوونی کورد ، بەڵام ئایا کورد وەک یەک نەتەوەی یەکگرتوو لە مێژووی مرۆڤایەتی و خۆیدا خۆی

سەلماندووە .

شەرەفخانی بەدلیسی لەشەرەفنامەدا ئەڵێ کورد تەنها لە شایەتماندا یەکگرتوون ، دیارە شەرەفخان خۆی کوردەو لە مێژووی تیرەو هۆزەکانی کوردی کۆڵیوەتەوە و باسی شەڕو پەلامارەکانیان بۆ سەر یەکتری دەکات واتە کورد بە کورد بە کوشت چوون ، هیچ یەکێک لە هۆزو تیرەکان ئەوەندە بە دەسەڵات نەبوونە تا دەسەڵاتی نەتەوەیێ کۆرد درووست ببێت لەبابەتی مەگۆلەکان کە چۆن جەنگیز خان توانی تیرەو هۆزەکانی مەگۆل مل پێکەچ بکات و بیکات بەنەتەوەیەکی یەکگرتوی شەڕانی پەلاماردەر ، زۆر وولاتیان داگیرکردو کردیانە کاولەوێرانە و فەرمان ڕەوایەتیان گەیشتە شاری حەڵەب و بەغدایان وێران کرد ، بیسمارک نەتەوەی ئەڵمانی یەکخست و کردی بە هێزێکی نەتەوەیی هاوچەرخی دەسەڵات دارو پێش کەوتوو لە ڕووی زانست پیشەسازی و سەربازییەوە .

فارسەکان هەر لەدێر زەمانەوە وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو دەسەڵاتدارو پەلاماردەر لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستداگوررزی خۆیان وەشاندووە و فەرمانڕەوایەتی یەمەنیشیان کردووە .

لەناوچەی مێزۆپۆتامیا کەدەورووبەری زێی دەچڵە (دیجلە) و فرەهات ( فورات) دەگرێتە خۆی نەتەوەی وەک کلدان ئاشور

ژیاون و فەرمان ڕەوایەتی و شارستانی خۆیان بووە تیرەو هۆزەکوردەکانیان بێ بەش نەکردووە لە پالامادران کوشتن و بڕین دیاکۆنۆف ڕۆژهەلات ناسی ڕوسی لە کتێبی میدیادا زۆر بە رونی و بەڵگەی مێژوویی و هەڵکەندراوەکانی سەر بەرد و پاشماوەکانی ئەو سەردەمەپەلاماری ئاشوری بۆ سەر تیرەو هۆزەکانی کورد ڕوون کردۆتەوە ، کەچی ئاشوورو کلدانەکان وەک دەسەلات لە ناوچوون وەک نەتەوەش کەمایەتیەکی زۆر کەمن ، تیرەو هۆزەکانی کورد لەسەردەمی دەسەلاتی ئەواندا وەک ئێستای کلدان و ئاشورەکان بوون ، هەر چەندە کورد ئێستا بەسەر ژمێرو خاکەکەی زۆر دیارتروو لە گەشەکردندایە بەلام خاوەنی قەوارەی نەتەوەیی نییەو گیانی پێک هێنانی نەتەوەیی نەگەییشتۆتە دەمارگیری نەتەوەیی .

هۆکارەکانی نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی لە دیرۆکی پێش زایین بریتین لە :

1 – کورد تیرەو هۆزی ناکۆک بوون لەگەڵ یەکدا.

2 – ڕەوەند بوون واتە لەگەرمیان وکوێستاندابوون .

3 – هەڵکەوتووی نەتەوەیی بەدەسەلات و توندوو تیژی لێ پەیدا نەبووە تا یەکی بخات .

4 – دەسەلاتدارێتی فارسەکان و گریکەکان و ئاشووری و

کلدانەکان زۆر زاڵ بووە بەسەر ناوچەکەداو ،ناوچەی
تیرەو هۆزەکانی کورد گۆڕەپانی شەڕی ئەوان بووە .
لە دوای زایین هەندێ گۆڕانی دی بەسەر جێ گۆڕکێی
هێزەکاندا هاتووەو بەڵام تیرەو هۆزەکانی کورد گۆڕانێکی
دیاری بەخۆیەوە نەدیوە :

1 – فارسەکان هەر بەدەسەڵتداری مانەوە و بەهێزیش
بوون و ئیسلامی شیعەیان کرد بەکراسێکی باوەڕو لەبەریان
کرد و قەوارەی فارسی خۆیان بەهێز کردوو نەیان هێشت
عەرەبە داگیرکەرەکان لەژێر ئاڵای ئیسلامدا قەوارەکەیان
هەڵتەکێنێ ، ئەوکێشەیە لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی و
بنەماڵەی بەرمەکیەکاندا بەڕوونی دیارە ، کەواتە تیرەو هۆزەکانی
کورد هەر لەژێر گوشارو پەلاماری فارسەکاندا مایەوە تا
ڕادەی شێواندنی مێژوویێ و دیموگرافی ، لەوانە شا عەبباسی
سەفەوی کوردەکانی شاری هەمەدانی گوێزایەوە بۆ سنووری
تورکمانستان و تورکە ئێرانییەکانی کە ئەکەوێتە ژووروی ڕۆژ
هەڵاتی ئێرانەوە نیشتە جێ کرد لە شاری هەمەدان .

2 – عەرەبە ئیسلامەکان فەرمانڕەوایەتی کوردستانیان خستە
ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و هەوڵی توانەوەی مۆڕکی نەتەوەیی نەتەوە
کانیان ئەدا ، دیارە خەلافەتەکەحوکمەتی بنەماڵەی عەرەب بوون،

تەنانەت پیاوی هەڵکەوتووی کوردیش وەک سەلاحەدین  چ خێرێکی بۆ کورد نەبوو ، پارێزەری بەرژەوەندییکانی عەرەب بوو.

3 – هاتنی هۆلاکۆ و بنەماڵەی سەلجووقییەکان کەڕەچەڵەکی تورکن ، پاشان عوسمانییکان ئەمپراتورییەکان درووست کرد  و خەلافەتی ئیسلامیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد ، دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بەسەر موسولمانانندا بەکوردیشەوە جگە لە فارسەکان ، شەڕی ئەرمەنیان کردوو بەسەر کوردیانا ساغکردەوە ، پاشان زۆر بە توندی بەرپەرچی شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیرانیان دایەوە و دایان مرکاندەوە .

لەئەنجامی شەڕی نێوان تورکەکان و فارسەکان لە چاڵدێران رێکەوتن نامە مۆرکرا و خاکی کوردستان بۆ یەکەم جار لەت کرا بەدەست نیشانکردنی سنووری ئێران و تورکیا .

4 – لە سەدەی بیستیشدا . ڕاپەڕینەکانی سمکۆی شکاک و کۆماری مەهاباد  سەرکوت کرا ،دیارە دەستی نێو دەوڵەتیش هۆکارێک بوو . پاشان ڕژێمی شا کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە تەواوی شێواند و ناوی کوردستانی لە شاری سنە نا کرماشانی لەنەخشەی کوردا سڕییەوە و لوڕی وەک تیرەیەکی گەورەی کورد لە کورد دابڕی و شارەکانی مهاباد و بۆکان و سەقز و بانەو سەردشت وخانە و ورمێ و ماکۆ و خوی کرد بە

ئازەربایجانی غەربی تورکمان و ئازەری نیشتەجێ کرد و فارسەکانی تیادا دەسەڵاتدار کرد .

خەلافەتی عوسمانییەکان ڕووخا تورکە کەمالیستەکان دەسەڵاتیان کەوتە دەست و ناوی تورکی شاخاویان بەسەر کوەردا دابڕی و زمان و جل و بەرگ و کولتوری کوردی قەدەغە کرا .

لەدەوڵەتی ڕوسیای سۆشیالیستیدا کورد گورزی گرانی بەر کەوت بە گوێزانەوەیان لە ناوچەی ئێریڤان و شووشەو نەخچەوان بۆ کۆمارەکانی تاجیکستان و ئۆزبەکستان لە ناوەڕاستی ئاسیا هەر وەها بۆ لیتوانیاو ئوستونیا لەسەر دەریا بالتیکی ئاسکاندەنافی ، بە جۆرێکی دڕندانە کە ژن و مێردو منداڵیان لەیەک جیاکردەوە .

پەیمانی سایکس بیکۆ کوردستانی دابەش کرد بەسەر تورکیاو ئێران و عیراق و سوریا ، پەیمانی سیڤەر کە دانی بەمافی کوردا نابوو بە پەیمانی لۆزان هەڵوەشایەوە .

نامەی شێخ مەحمودی نەمر بۆ سەرۆکی روسیای بە ناو قەڵای گەلە چەوساوەکان حیسابی بۆ نەکرا ، شێخ مەحمود لە نامەکەیدا بۆ عوسبەتولئومەم داوای سەربەخۆیی دەکات و نایەوێ لەگەڵ عەرەب دا بژێت ، شەڕی بەسەردا ئەسەپێنرێ

و بەیارمەتی ئینگلیزەکان دوور ئەخرێتەوە بۆ هیندستان .
ڕاپەڕینی بەرزان لەناو دەبرێو چوار ئەفسەرە قارەمانەکەش لە سێدارە دەدرێن .

14 ساڵی خەباتی کوردستانی خوارو نێردرا بۆ پشوو لە لایەن دوژمنانی کوردەوە بە پشتیوانی زلهێزەکان .

بەکۆمەڵ کوشتن ، بەکار هێنانی چەکی کیمیایی و چۆڵ کردنی گوند و شارەکان لەلایەن عەرەبەکانەوە لە عیراق .
درووستکردنی پشتێنی عەرەبی لە ناوچە کوردنشینەکان لەسوریا و پێ نەدانی ناسنامەی هاووڵاتی بوون و بە دەرەکی زانینیان ، سیاسەتێکی تری دڕندانەی نەتەوە پەرستی عەرەبی دەسەڵاتدارە بەسەر کورد دا .

بەم بۆنەیەوە دەست خۆشی لەسەران و سیاسەتمەدارانی کورد دەکەم کەهەنگاوی ناوەکی گرنگیان نالە یەکخستنەوی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کوردستان کە ئەبێتە هاندەر و قووڵ بوونەوەی گیانی نەتەوەیی کورد وداخستنی ئەو دەلاقەیەی دوژمنانی کورد کەڵکیان لێ وەرئەگرت بۆ ئاژاوە نانەوە .

لاوانی کورد لەهەندەران کوردو کوردستان چاوی لە دەست و بازوو هۆش و بیری ئێوەیە ،خەم و مەینەتییەکانی ئەو

گەلە سووک بکەن و کەلێن و کەلەبەرەکانی دواکەوتنی
بە زانست وپێشکەوتن پڕ بکەنەوە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی
باری کۆمەڵایەتی پسپۆروو شارەزاو کارامە دابهێنن ، هەر
دووکوردێک نەتەوەی کورد پێک بهێنن نوێنەری کوردبن ، گرنگی
بدەن بە کۆڕوو کۆمەڵی ڕۆشنبیری زانستی ئابووری یاسایی
دوور بکەونەوە لە کاری تورەهات و بێ دوا ڕۆژ ، یانەی کوردی
دروست بکەن بە زمانی شیرینی کوردی لەگەڵ یەکدا بدوێن ،
پشتگیری یەکدی بن لە قوتابخانەکاندا لەکاروو پیشەدا ، ئەتۆ
کوردی ، وەک چۆن ئێمە بە کەسێکی ناکورد ناڵێین کورد
بەهەمان شێوە ئەوپەڕی پێمان ئەڵێن کوردیش ئەمەریکان ،
کەواتە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بزر بکەین .

ئەمڕۆ یادی کۆچی دوایی سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو
تێکۆشەری کورد ئیبراهیم ئەحمەدە و سەرەخۆشی لە
بنەماڵەکەیی و هاوخەبات و گەلی کورد ئەکەم و بە
هیوام خەڵاتی نەمر پێشکەش بەیەکەیەکەی لاوانی
کورد بکرێت .
هەموو کاتێکتان هەر شادی و خۆشی ئاهەنگ بێت .
زۆر سوپاس .                    مامۆستا شێرکۆ 4/08/06

# ئەنفال

پێم وایە زۆر دوور تر بروانینە ئەنفال و چۆن و کەی و کێ و هاوکارەکانی ئەنجامیان دا ، هەر کەسە بچوکترین زانیاری لایە ئاشکرای بکات، گومانی تێدانییە بەعس و رەگەزپەرستان دەستی یەکەمن لە جێ بەجێ کردنی ئەو کارەساتە، دوای ئاشبەتاڵی 14 ساڵەی شۆرش بەعس ئەنفالێکی بێ ناونیشانی دەست پێ کرد لە ساڵی 1978 بە بیانۆی پاراستنی سنووری "عیراق" بە چۆڵ کردنی بە قوڵایی 20 کم ئەوە هەنگاوی یەکەمی بوو لە حەرام کردنی ژیان لە کورد لە سەر خاکی خۆی و بەهەند هەڵنەگرتنی سیاسەتمەدارانی کورد ، ئایا کوکردنەوەی کورد لە ئۆردووگا زۆرە ملێ کاندا هەر ئامادەکردنی نەبوو بۆ لە ناوبردنی ، دوورخستنەوەی لە زەوی و زار بێ کارکردنیەتی لە بندەستی خۆیایەتی بە ئاسانی توانی 450 هەزار جاشی لێ درووست بکات و تا رادەی حیزبەکان شانازیان ئەکرد هەندێکیان دەست چێنی خۆیانن ئەوەبوو بەکارهێنران لە رەبایەکاندا بۆ پاراستنی جادەکان و پاشان پەلاماری گوندەکان لە ئەنفالدا. لە گفتووگۆی یەکێتی و بەعسدا لە 1984دا بەعسییەکان لەوانە عزت دوری بە مام جەلالی گوتبو گەر داوای هەڵوەشانەوەی مفارز خاسە و

خەفیفە بکەن خراپتر ئەکەین و ئەندامێکی م.س یەکێتی گوتوبوی ئێمەش پاسدار ئەهێنینە کەرکووک ، وەڵامی نا درووست بە بێ ئامادە کاری درووست ئەنجامی نادرووستی دەبێ ، بەعس و بەرنامەکەی سرینەوەی کورد و ناسنامەکەی بوو، کەچی نوێنەرێکی سەرکردایەتیم بینی ووتی ئەچین بۆ قەڵا چۆکردنی نەبیاوە لەساڵەیی کە عەرەبی هاووردەی لێ نیشتەجێ کرابوو کە ئەو بریارە بۆ ئەو سەردەمە و هەموو سەردەمێک نادرووست بوو من زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە ئەمزانی وەڵامی داگیرکەر زۆرباجەکەی قورسترە ، ئەنجام درا و حوکمەتیش پەلاماری خۆی دەست پێ کرد لە گۆپتەپەوە، پاسداروو کاتیۆشاو 120 ئێرانی بە کارهات لە کەرکووک زیبانێکی ئەو تۆی نەگەیاند و ئێرانیش بە چالاکییەکی قەرارگای رەمەزانی لە قەڵەم دا، حوکمەت بریاری سووتاندنی تەروو ووشک و کوشتنی هەر مرۆڤێک و تەنانەت ئاژەڵێکیشی دەرکرد لە1986/6/6 دا و هەر لە مفاوەزاتدا هەرەشەی چەکی کیمیایی کرابوو ، یەکێتی بە حیسابی خۆی خۆی ئامادە ئەکردو چەک و تەقەمەنی ئێرانی ئاودیوی ناوچەی جافایەتی ئەکرد بەڵام نەپلانی تەکتیکی یا ستراتیژی سەربازی لە ئارادا نەبوو بە درێژایی 3 مانگ شەری قەیوان ماوەت ئەنجام تەواوی ناوچەکە لە

ئەنفالی 1 دا کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەعس و خەڵکێکی زۆر تیاچوون و ئاوارە بوون کە سەر پەرش و بڵاو پێ کرا شوێنەکانیکەبە فوویەک کۆتایی هات ، بەڵام لێرەدا هەلوەستەیەک بۆچی سەرکردەو فەرماندەکانی یەکێتی سوودیان لە تێشکان و ماڵ وێرانی ناوچەی جافایەتی وەر نەگرت ، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای ئەوەی قەرەداخی بەجێ هێشتبوو ئەی ووت لە چەمی رەزان بنکە دائەنێین پاشان خۆی لە سوورەدێی بی نییەوە ، یەکێتی پلانی رزگار کردنی هاووڵاتیانی قەرەداخ و گەرمیان نەدا هەر بە هەمان شێوەش ناوچەی شوان شێخ بزێنی و قەڵاسیوکە هەمان کارەساتی تێدا دووبارە بۆوە بە بێ ئەوەی هانی خەڵک بدرێت خۆی رزگار بکات ، ناڵێم سەرکردایەتی یەکێتی هاوکاری راستەو خۆ بوو بەڵام بێ پیلانی ئەیخاتە خانەی ئەو هاوکارییەوە، لێرەدا کە باس لە هەر کارەساتێک دەکرێ پێویستە بو دەست خستنە سەر هەڵەکان و کەڵکی ستراتیژی لێ وەر بگیرێ نەک هەر بۆ کرووزانەوەو یاد کردنەوە بێت، کە دەسەڵاتێک لە وێوە هاتبێت ئەبێت ئێستا چ بەرنامەیەکی ئاوەدان کردنەوەی هەبێت ناڵێم قەرەبوو کردنەوە چونکە بەرنامە زۆر فراوانترە ئەشێ قەرەبوو بە پارەیەکی کەم ئەنجام بدرێ ، بەرنامەی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان خرانە سەر پێی

ئابووری وولاتەو پشت بە خۆ بەستنە نەک وابەستەیی دراوسێ داگیرکەرەکان یان کرانەوەی بازاری کوردستان بۆ جیهان گەلێک خۆی بەرهەم هێنەر نەبێت کەس ئامادە نابێت ئالوگۆری بازرگانی درێژ خایەنی لە گەڵدا بکات.
٢٠١٢/١١/٢٨

**ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دووربێ**

**باچواردەورمان کڵپەی ئاگر بێ**

**لەم ڕێگە پیرۆزە هەرگیز لانادەین**

**ئێمەین بۆمردنیش ئامادەین**

ویردی سەرزمانی لاوێکی چەکەرە کردووی بنەماڵەیەکی هەورامی لە شارە نەوتاوییە خێر لە خۆنەدیوەکەی کەرکووکدا، شەهیدی لاو ئازاد هەورامی ، نەسرەوت بوو، کوردوکوردستان خۆشەویست بوو، دەست و دەم و داوێن پاک و خوێن گەرم بوو، رۆشنبیر و خزمەت گوزار و بەتەنگەوە هاتوو ماندوونەناس ، پێ شەنگی پێشمەرگە بێ ئەزموونە ڕچە شکێنەکانی پێشمەرگە سەرەتاییکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو .

لە ساڵی 1972 بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو خوێندکارێکی ژیر و چالاک و لێهاتوو بوو رۆڵی کاریگەری بینی لە بڵاوکردنەوەو هوشیار کردنەوەی خوێندکاران بە بیری نوێ ڕێبازی نوێ تەقینەوەیەک بوو بۆ کۆمەڵە لە شاری کەرکووک، قوتابخانەی بەگژاچوونی رەگەز پەرستی ،گەر پرسیاری شەهید دەکەی شەهیدانی ڕێگا وەڵام دەدەنەوە لە ئیمام قاسم بێستوون و مدحت لە رەحیماوە ساجد لە ئازادی ئەنوەر حەسەن و نەجات لە شۆریجە نجم الدین فاتح شاهیدی حەق ئەدەن کە چۆن تەلی گیتارەکەشی لە خزمەتی خەباتی رەوای گەلی کوردا ئەهێنایە ئاواز ، چەند لەسەر زاری شیرین و خۆش دەری دەبری لەزمانی مەحمود دەروێشەوە کە هۆنراوەکەی بە زمانی عەرەبی هەردەم ئەووتەوە **ماقیمة الانسان بلا ارز بلا وتن بلا عنوان سجل براس السفحةالاولی انا عربی ...**

ئەوەندە ژیر بوو هەر لە پرێکدا گەییشتە پلەی سەرکردایەتی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە لە بوون پێشمەرگەییشدا وەک ئەندامی سەرکردایەتی کەمتەمەنترین لاوی سەرکردە بوو نموونەی تەبایی و گونجان بوو لە ناو هاوەڵەکانیدا.

دەستی ستەم و رەش لەهەڵمەتێکی شەرەنگێزیدا دڵی شەهیدیان لە لێدان خست و هیواو ئاواتەکانی ئەوقارەمانەیان بردە گڵەوە.

٢٠٠٨/٦/٢

# پرۆژەی خەمخۆری

ئەم پرۆژەیە خۆی لەسەرەدیردا نیشاندەدا چونکە پسپۆر نیم لە کاری یاساناسی بە هیوام ببێتە بابەتی باس و لێدوان لە نێوان خەمخۆرانی گەلەکەماندا بۆ مەبەستی چاکسازی دوور لە گیپانی ئازاردان و بەکەم زانینی هەوڵ و کۆششی حیزبەکان و پەرلەمان و حوکمەت ، با هەموو بەیەکەوە شان بدەینە بەر ئەرکی هەڵساندنەوەی باری خراپ و خراپ چاوەروانکراوی کوردستان، پێم وانییە هیچ لایەنێک ،حیزبێک ، حوکمەت گەل بەتەنهاو بە بێ یەک هەڵسانەوە ئەنجام بدات .

سەر لەبەری ئەوانەی رەخنە ئەگرن و ئەپێچنەوە لە دۆخی ئێستای حوکمرانێتی و حیزبایەتی بەوە نازانم لە رووی ڕق و کینەوە بێت مەگەر هەندێک نەبێت کە ناکۆکی کەسێتییان هەیە و تکاشییان لێ دەکەم واز لە کێشەی لاوەکێ و کەسێتی بهێنن بۆ کوردستان باشترە، رەوایە کە نارێکی لە جێ بە جێ کردنی فەرمانرەوایەتیدا ئەبینرێ میدیا کۆمەڵ لێی بێدەنگ نەبێت و سەردەمەکەش هی ئەوەیە ڕەخنە لێ گیراو سنگ فراوان کراوە بێت و بەدەنگەوە بێت لە بەرژەوەندییەکانی کوردستانەوە بروانێتە ڕەخنەکان و خۆی بەوە نەزانێت لە هەموو کەس زاناترە ئەو ئێستای هێناوەتە دی ، خەڵک قەرزاری ئەوە، پێشرەوە، نەمرە، پیرۆزە، لە فەرمانرەوایەتی ئەم سەردەمەدا ئەو بۆ چوونانە سەنگییان نییەو جێگایان نابێتەوە، لە تەک ئەوەشدا جنێو قسەی سووک ناشیرین کردن نابێت لە هیچ لایەک جێگای ببێتەوە. **گەندەڵی ، دزی ، داوێن پیسی ، بەرژەوەندی تایبەتی ، خزم خزمێنە ، بەتەنگەوە نەهاتنی بەرووبوم ، بێ پلانی ، لێ نەپێچانەوە، بەکارهێنانی دەسەڵات** ، ئەوانەدەردن پێویستییان بە چارەسەرە لەزۆر لە وولاتانی دنیادا هەن کەم و زۆر چونکە وولاتەکەی ئێمە و فەرمان رەواکانی ئێمە نوێن لەم کارەداو تا ئێستا تەپوو تۆزی شاخییان لە خۆیان نەتەکاندووە و لە سێرەی تفەنگ و حیزبایەتییەوە ئەروانە بەرێوەبردنی وولات بەسەختی ئەچنە ژێرباری رەخنە لێگیرانەوە، پێم وایە میدیا چەند سەر سەختانە بدوێ بەڵام بەبەڵگەوە هەر چەندە بەڵگە لەم جۆرە فەرمان رەوایەتییە بێ سەرووبەرەدا زۆر بەکەمی دەست دەکەوێ چونکە کەسێک شتی لەسەر بێت ئامادە نابێت پشکنین لە فەرمانگەکەیدا بکرێت بۆیە ئەبێ دییاردە بخرێتە روو بەراشکاوی بە بێ منجە منج و ها لێرەو ها لەوێ وێنە شوێن وتوو وێژی درووست و باوەر پێکراو مێژوو پاشان ئەتوانرێ رێگای دادگای بۆ بگیرێتە بەر.

**پرۆژەکەم لە چاکسازی حیزبەکان ، هەڵبژاردنی پەرلەمان ، حوکمەت دا دییاری ئەکەم :**

## چاکسازی لە حیزبدا

حیزبەکانی کوردستان هەر هەموویان لاسایی کردنەوەی حیزبە کۆمۆنیستی و تۆتالیتارییەکانی سەدەی رابوردوون لە گەڵ ئێستاو ژییانی دیموکراسیدا ناگونجێن و گییانی لە یەک گەییشتنیان تێدا نییە بۆیە لە بچووکترین نەسازاندا لێک هەڵ ئەبەزنەوەو دوور نییە شەرپشی تێدا بقەومێ کە بۆ ئێمەی کورد کارەسات هێنەرە ، لە دامەزراندنیاندا بۆ پارتی پێشرەو سەرکردەی پێشرەو بەرنامەی پێشرەو کە لەم سەردەمەدا کەسێک بەسەلکە توورێک نایکرێ چونکە خەڵک بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان ئەوێت بە گوفتارو

کردار. کەواتە خۆیان دابماڵن لەدەربرینی پێشرەوایەتی و سەرکردەی هەتاهتایی و بنەماڵەیی و نەمری و لە گەڵ ڕێزمدا بۆ سەرکردەی پاک و خەمخۆر ، حیزبەکان درووشمی خزمەت گوزاری و داد و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەرز بکەنەوە.

سەرتاپا پەیرەوی حیزبەکانیان بگۆرن مۆرکە تۆتالیتارییەکەی توور بدەن ، هەر کەسێک ئارەزو مەندانە بە پێ خۆشبوونەوە ببێ بەئەندام نەک بەزۆر ، بۆ ئەوەی لە ڕێی حیزبەوە ببێ بە سیاسی و چالاکی بنوێنێت یا دەنگ بۆ حزبەکەی بدات لە هەڵبژاردندا.

حیزب ئامرازی گەییشتنە نەک ئامانج ،بۆ ئامادە کردنی کەسی شییاوو لێهاتوو ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حوکمەت لە هەرێمدا، ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەخەمە روو:

1- سەرکردایەتی حیزبەکان بەو قەبارە گەورەیە نەمێننەوە

2-ناوەمدێتی دیموکراتی واز لێ بهێنن

3-رەخنەی ئازاد بە پێی بەڵگە لە هەرکەسێ بگیرێ

4-شارستانی کردنی حیزب ، شەرمە ناو دیمیکراتی بێت و بنەماڵە دەستی بەسەر حیزبدا گرتبێت، سۆسیال دیموکرات بێت و کورو کەس وکار دامەزرێنی.

5- هەموو رێکخراوەکانی قوتابیان ،خوێندکاران ، مامۆستایان ، ژنان ، ئافرەتان ، کرێکاران ، جوتیاران ئەوەی پێی ئەووترێ رێکخراوە دیمیکراتییەکان هەڵبوەشێندرێتەوە، با خۆیان ئازادانە رێکخراو دابمەزرێنن و حوکمەت کۆمەکیان پێ بکات بە پێی ئەو چالاکییانەی ئەنوێنن ، ئەگینا پارە خەرج کردن بۆ دەزگای لەو بابەتە بێ بەرهەم هێنەرانەو بارن و لە خۆرا پارەیان پێ دەدرێ ، خەرج کردنی ئەو پارانە بۆ یانە وەرزشییەکان باشترە، لەم کاتەدا حیزب ئەکەوێتە بەردەم تاقی کردنەوەی نەمانی ئەوانە ئەوسا بۆی دەرەکەوێ کە سەنگی چۆنە لە ناو خەڵکدا، ئەو توێژانە پارێزراو تر ئەبن کۆشش کار تر ئەبن بۆ پر کردنەوەی ئەو بەتاڵی و سەر لێشێواوییەی هەیان بوو ، هەر وەها شیرازەو رەوتی خوندن رێگای ئاسایی خۆی وەردەگرێ نە ناکۆکی ئەمێنێ نەدەست وەر ئەدرێت لە بەرێوە بەرایەتی قوتابخانەو زانکۆ و ئەگەرێنەوە بۆ زانست و زانیاری ، ئەوسا حیزبایەتی شێوەی درووستی خۆی وەردەگرێ و هۆشمەندانە کاری حیزبی ئەنجام ئەدرێت ، هەر وەها توێژەکانی تریش دەرباز دەبن لە بەکار هێنانی حیزبی و ئەکەونە سەر رێچکەی ژیان لە هەموو ووڵاتە کانی دنیادا جگە لە تۆتالیتارییەکان نەبێت ئەو جۆرە رێکخراوانە نابینیت .

6-هاندانی ئەندامانی حیزب بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو جوگرافیای کوردستان و ئاستی زانستیان بەرز بکەنەوە خوێندەواری و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو فێربوون سەنگی مەحەکی بەرز کردنەوەی بێت شان بە شان خوو رەوشت و دەست و داوێن پاکی و توانای خزمەت گوزاری پێش کەش کردن بە بێ پارە وەک لە خۆ بووردوویی هەوڵی دۆزینەوەی کارو خۆ ژیاندنی رەوا.

7-دیارە ئۆرگانەکانی حیزب لانی کەم خاڵی 6 ی تێدابێت بۆیان هەیە شوێنی تایبەت لە حوکمەتدا بۆ

حیزبەکانیان پڕ بکەنەوە وەک ئەندامی شارەوانی سەرۆکی شارەوانی پارێزگار کە بە هەڵبژاردن دەبێت.
8-هەڵبژاردنی ئازاد بۆ سەرکردایەتی و سەرۆکی حیزب ، ئازادی لە خۆ کاندید کردن لە کۆنگرەدا، ماوەی مانەوەی سەرۆکی حیزب لە 8ساڵ پتر نەخایەنێ و کۆنگرە لە دوو ساڵ تێپەر نەکات.
9-هەر ئەندامێک ئەندامێک تواناو لێهاتویی هەیە خۆی کاندید بکات بۆ کاری حیزبی یا حوکمەتی بە تاقی کردنەوەی حیزبیدا بروات و لێپێچانەوەی لێ بکرێت لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە.
10-دارایی حیزب پێک بێت لە ئابوونەی ئەندامان و پەیداکردنی پارە بە رێگای شایستەو رەوا و فەندرێزی بۆبکات لە ناو کۆمەڵدا بە رێگای ئازاد کێ پارەی پێدەدات یا نادات، حوکمەت پارەیان پێ نەدات چونکە دارایی حوکمەت بۆ کۆمەڵگەیە.
11-حیزب چۆن خۆی ئامادە دەکات بۆ حوکمرانی کردن، بە ئامادەکردنی ئەندامانی بە پێی لێهاتوویان و خزمەت گوزارییەکانیان کە نواندوویانە بۆ نوێنەرایەتی دێ و ناحییەو قەزاو شاری گەورە بە شارەوانییەکانیشەوە، بۆ پەرلەمان ، سەرۆکی حوکمەت، کەمن پێم باشە سەرۆکی هەرێم و حوکمەت یەک کەس بێت
12-هیچ حیزبێک خاوەنی دەزگای ئاساییش نەبێت لە بابەتی پاراستن و دەزگای زانیاری ، چونکە هەر حیزبێک ئەو دەزگایەی هەبێت بۆ تۆقاندنە راوودوونان و هەرەشەو چاو سوورکردنەوەو کوشتنیشە.
13-هیچ حیزبێک لەشکری تایبەتی خۆی نەبێت، بوونی دوو لەشکر یا زیاتر یا باندی چەکداری سەر بە کەسێک یارێکخراوێک دەربرینە لە دەستە گەرێتی و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت دوور لە پاراستنی گەل ، بۆیە هەوڵی بنەرەتی بدرێت هێزی پێشمەرگە بکرێتە لەشکرێکی نا حیزبی کوردستان بۆ ئەوەی هیچ حیزبێک کەرەسەی هەرەشە کردنی بەدەستەوە نەبێت دژی یەکتری و تەنها بۆ پاراستنی کوردستان بێت، چەکی دەستی گەل بێت بۆ لابردنی دیکتاتۆرو فەرمان رەوای خراپ.
14-کەم کردنەوەی مەڵبەند و لق وهەرچییەکانی تر تا حیزبەکان بتوانن دارایی بۆ ئەو کەسانە دابین بکەن کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ کاری حیزب
15-حیزبەکان واز بهێنن لەتەزکییەی حیزبی و دەست وەرنەدەن لە کارو باری حوکمەت و خەڵک و خوێندکار لە کار نەکەن بە هێنانیان بۆ سەر جادە چونکە سەرکردەیەکی حیزبی یا حوکمەتی هاتووە.
16-دانەوەی خانووبەرە حوکمەتییەکان بە شارەوانییەکان جا ئەوەی بەدەست حیزبەکانەوەیە یا بە دەست ئەندامەکانیانەوەیە.
17-کەس لاف و گەزافی خەبات و حیزبایەتی بەسەر جەماوەرەوە لێنەدات و هەر خۆیان بە شای تێکۆشان دابنێن ئەی ئەو گەنجەی دوای راپەرین و پاشماوەی بێ داک و بابی کارەساتی بەد ناوی ئەنفالە ئێستا رۆشنبیرەو خەریکە ئەبێتە پسپۆر چ گوناهێکی هەیە بۆ ئەبێ دەمی داخاو وورتەی لێوە نەیات ، دیارە پیرەکان گیرفان پرەکان چەقیوەکان لە نەتوانینی چاکسازی نۆرەتان تەواو.
18-بەرز راگرتنی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد بە هەموو پارچە داگیرکراوەکانییەوە، سەوداو

مامەڵەی لەسەر نەکرێت، هەر رێکەوتنێک پووچەڵ بکرێتەوە گەر ئابووریش بێت گەر بینرا سازشی تێدایە دژی تەواوی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد.

19-لەسەر ئاستی ستراتیژی بەرنامەی حیزبەکان دەربرین بێت لە پێشخستنی ئابووری وولآت ، بە پیشەسازی کردنی بە وەبرهێنانی کانزاو دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی، پلانی درێژخایەن دابنرێت لە دەرهێنانی نەوتدا، بە پەلە بۆ مەرامی حیزبی جۆربرِوو هەرزان فرۆش نەکرێت .

20-ئاووردانەوە لە پیشەسازی کردنی کشتووکاڵ و ئاوەدان کردنەوەی لادێکان و فەراهەم کردنی کەرەسەی کشتووکاڵی و تۆوی چاکراوو چاککردنی کێلگەکان و رێگاو بانەکان و بە کاربردنی ئاوی بەنداوەکان بۆ کاری کشتووکاڵی شان بە شانی پیشەسازی کارەبا.

21-زانست و زانیاری و تەندروستی و ووردەکاری خزمەت گوزارییەکان لە بەرنامەی حیزبەکاندا رەنگ بداتەوە.

22-مافی تاک و راو بۆچوون و کێشەی ئافرەت و بێکاری لە بەرنامەی حیزبدابێت

## پەرلەمان

سەرلەبەری کێشەکانی پەرلەمان لە هەڵبژاردنەوە دەس پێدەکات، کاندیدی حیزبەکان بە لیست کە چ جۆرەتاقیکردنەوەیەکی سەر نەکەوتووە لە خواستی حیزبایەتی دایە کۆمەڵێک فەرمانبەر دا ئەمەزرێنن بەبێ دەسەلآت، بێ شارەزایی وەک داشی دامە لە گەڵ رێزم بۆیان ئەوەندەی لێ دەزانن، حیزبەکانیان ناحەقن، میللەتێک بە زەبر فیفتی فیفتی بەسەردا سەپێنراوە.

1-بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردن کەسانی پسپۆرو لێوەشاوە بن چاودێری یاسایی لە پشتیان بێت، چاودێری بیانی ئامادە بێت، سانسۆری تەواو هەبێت، میدیا ئازادانە بڵاو کردنەوەی خۆیان ئەنجام بدەن.

2-کاندیدەکانی حیزبەکان ئازادانە خەڵک دەنگیان بداتێ جا هەر ناوێکی لێ دەنرێت، لیستی حیزبی بۆ یەکجاری بێ بایەخ بکریت و کاری پێ نەکرێت.

3-ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راستەو خۆ دەست بکرێت بە بڵاوکردنەوەی و پارێزراو بێت لە لایەن پۆلیسەوە، میدیا رۆڵی ئازادانەی خۆی ببینێ لە بڵاو کردنەوەی.

4-پەرلەمان سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرێ بە زۆرینەی دەنگ و بەتەمەن تریشیان بێت چاکترە لەوێ بەدواوە حیزبایەتی بپێچنەوەو بکەونە مشوور خواردنی دامەزراندنی دەستەی پەرلەمانی هەر دەستەو بۆ کاروو بارێک، کارامەو چالاک و نەترس بن لە هەموو کەموو کوورییەک

بپێچنەوە.

5-پەرلەمان دەستووری هەمیشەیی تاوو توێ بکات و بیخاتە بەر دەستی کۆمەڵانی بۆ دەنگدان دوای پەسند کردنی، هیچ پەرلەمانێکی تر بۆی نەبێ خاڵێکی بێ کار بکات، تەنها بەرەوپێشبردنی و دەوڵەمەند کردنی.

6-پەرلامان بریار لەسەر گێرانەوەی شوێنە دابراوەکانی کوردستان بدات و نەهێڵێت کەس مامەڵەیان پێوە بکات.

7-هیچ حیزبێک خۆی بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا نەسەپێنێت.

8-ئاڵاو دروشم و شێوەی فەرمانرەوایەتی و ئایین و یاساو ریساکان لە پەرلەماندا بە پێی دەستوور یەکالا بکرێنەوە دوور لە تێروانینی حیزبی بۆ ئایندەی کوردو کوردستان بۆ ئازادی هەموو کوردستان.

9-پەرلەمان مافی بریاردانی جیابوونەوەی هەبێت لە کاتی گونجاودا.

## حوکمەت

1- سەرۆکی هەرێم و حوکمەت یەک کەس بێت بە هەڵبژاردنی ئازاد دووساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەماندا و ماوەکەی 4 ساڵ بێت و بتوانێ بۆ 4 ساڵی تر خۆی کاندید بکاتەوە، لانی کەمی دەرچووی زانکۆ بێت شارەزایی سیاسیانەی هەبێت و لە مێژووی کوردو جوگرافیای کوردستان شارەزابێت ، زمانی کوردی کرمانجی یا سۆرانی شارەزاو پاراو بێت، خێڵەکی نەبێت لە بیرو بوچوون و رەفتاردا لایەنگری کومەڵ کوژان نەبێت، لە موڵک و ماڵ و داهاتوو کوردبوونی بپێچرێتەوەو جاشایەتی ناوەکی و دەرەکی نەکردبێ ،سەر بە هیچ لایەنێکی جاسوسی ناوەوەو دەرەوە نەبێت و خەمخۆری کوردستان بێت شەوو رۆژ بخاتە سەر یەک بۆ گەشە پێدانی کوردستان، لە کۆشکی سەرۆکایەتی لە پایەتەختی کوردستان دابنیشێت و پارێزراو بێت لە لایەن دەزگای ئاسایشی کوردستانەوە نەک باندی چەکداری تایبەت بەخۆی، ماڵ و منداڵی لەوێ بن خاوەنی ناسنامەی هیچ دەوڵەتێک نەبێت.

2- پاش هەڵبژاردنی ، وەزیرەکانی دیاری بکات لە کەسانی شارەزاو پسپۆر و پێشکەشی پەرلامانی بکات بۆ پرسیارو وەڵام و هەڵسەنگاندنیان، دیارە ئەبێ مەرجەکانی پیاو چاکی و خەمخۆری و بەتەنگەوە هاتنیان تێدا بێت ، ئامادەی هەر بانگ کردنێک لە لایەن پەرلەمانەوە

دوور لە گیانی خزم خزمێنەو بەرژەوەندی تایبەت کار بکەن.

وەزارەتەکان زۆروو بۆر نەبن، بریتی بن لە :

1-وەزارەتی ناوخۆ، هەڵسێ بەکاروو باری پاراستنی ناو خۆو سەر سنوور، پاراستنی ناوخۆ بسپێرێ بە پۆلیس، سەر سنوور بە هێزی پێشمەرگە بەو پێیەی لەشکری کوردستانەو نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی بەغدا، بەر پرسیاری ئاسایش بێت ، گەر حیزبی نەبێت باشترە

2-وەزارەتی دارایی ، شارەزای دارایی بێت سەر بە حیزب نەبێت باشترە.

3-وەزارەتی پەروەردەو زانیاری.

4-وەزارەتی داد و باشتر

5-وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

6-وەزارەتی پیشەسازی

7-وەزارەتی کشتووکاڵ و ئاوو ئاودێری

8-وەزارەتی پلاندانان

9-وەزارەتی پەیوەندییەکان و گواستنەوەو رێگاو بان

10-وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

11-وەزارەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە ، تەواو کاری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بێت

12-وەزارەتی تەندروستی

13وەزارەتی ووزەو کارەبا

14وەزارەتی بازرگانی

15 وەزارەتی نەوت

16 وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن

گرفتەکانی زۆری وەزارەت:

* زیاد بوونی ژمارەی مووچەخۆری بێ کار

* پەرەسەندنی بیروکراسی لە بەرێوە بردندا

*گیانی رایی نەکردنی کارو باروو دەستی دەستی کردن

*زیاد بوونی کەلێن و کەلەبەر بۆ یاری کردنی خزم خزمێنەو بەرژەوەندی تایبەت

*خەرجی زیاد

6

* زۆربوونی کێشەکان

**مامۆستا ۆرکێش ئەمەریکا**

15مەی 2008

ئەتوانن بەم مەیلە پەیوەندیم پێوەبکەن

aminaskari50@hotmail.com

# پڕۆژەی دەربازبوون و چاکسازی

## نوسینی مامۆستا شێرکۆ

**لە مانگی ٥ ی ئەمساڵدا ئەم پرۆژەیەم دایە بزوتنەوەی گۆڕان هەر چەندە من گۆڕان نیم**

**٢٠١٦/٤/٣٠**

بەچاکم زانی لەم کاتەی کە پارتی خەریکی گفتوگۆیە بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز وەک خۆی هەر چەندە ٨ مانگ تێپەڕ دەبێت بەسەر نوسینەکەیدا ، پارتی بە هیچ شێوەیەک مل بۆ دیمەکراسی و سەروەری یاسا نادات ، بەهیوام بەوردی بخوێندرێتەوە .

## پرۆژەی دەرباز بوون و چاکسازی

بۆ دەرچوون لە دۆخی چەقبەستووی سیاسی کوردستان ئەم پرۆژەیەتان پێشکەش دەکەم و ئامادەشم گفتووگۆی لەسەر بکەین :

١- مانەوەی سەرۆکی پارتی وەک سەرۆکی هەرێم بۆ تەواو کردنی دوو ساڵەکەی تری، بتوانێ خۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ چوار ساڵی تریش لە دەنگدانی گشتیدا ، بە مەرجی ئەم خاڵانەی خوارەوە ؛

١-١- **دان پێدانانی** مەسعود بارزانی کە ماوەکەی تەواو بوەو لەبەر بەرژەوەندی گشتی بمێنێتەوە بە ئیمزا کردنی ئەم ڕێکەوتنە ڕازی بوون دەگەیەنێ ، جێگرەکەی لە حیزبێکی تر بێت کە خۆی دیاری بکات و هەمان دەسەڵاتەکانی ئەوی هەبێت لە نەخۆشکەوتنێکی کوشندەدا و پەککەوتنی و چوونە دەرەوەی وڵات هەروەها ئەگەر کۆچی دوایی کرد ؛

١-٢- کە سەرۆکایەتی هەرێم لە هەر حیزبێک بوو سەرۆکی حوکمەت لە حیزبێکی تر بێت و جێگرەکەی لە حیزبێکی تر بێت بە پێی ڕێژەی دەنگی پەرلەمانی ؛

١-٣- هەڵوەشاندنەوەی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری وەک دەزگای حیزبی و کردنیان بە دەزگایەکی هەواڵگری کوردستانی (کەئێستا ناوی ئەنجومەنی

ئاسایشی هەرێمە )  بە ناوێکی تروو سەرپەرشتی کردنی یا بەڕێوەبردنی لە لایەن کەسێکی نا حیزبی و شارەزا لەو بوارەدا قەدەخەکردنی دەزگای لەو بابەتە لە هەموو حیزبەکان ؛

٢ - ١- سەرۆکی حوکمەت هەڵبژێردراو ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە یا بە ڕاسپاردنی سەرۆکی هەرێم لە حیزبێکی تر( ئەم خاڵە بە پێی ڕێکەوتن لە ئێستادا ) کە بڕیار لەسەر دەستوور درا بە پێی دەستوور ، مۆڵەت نەدانی تر بە **<u>نێچیرڤان بارزانی</u>** کە زۆرترین کاتی پێدراوە بۆ سەرۆک حوکمەتی ؛

٢-٢- سەرۆکی حوکمەت بەرپرسە لەبەردەم پەرلەمان بۆ لێ پرسینەوەو مل کەچی هەموو پرسیارێک بێت لە هەر پەرلەمانتارێکەوە ئاراستەی بکرێت ، بە پێی توانا ڕێگە پێدراو بێت وەزیرەکانی هەڵبژێرێت لە کەسانی ئەستۆپاک و کورد خۆشەویست ئەوجا شارەزا لە بواری وەزارەتەکەدا ، کەمکردنەوەی وەزیرەکانیش

٢ -٣- کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و کردنی هەندێکیان بە بەڕێوەبەرایەتی

٢ -٤- چاکسازی لە هەموو وەزارەت و دام و دەزگای حوکمەتدا بۆ بنە بڕکردنی دەست وەردانی حیزبی و گەندەڵی ( دزی ، خۆبردنە پێشەوە ، خزم خزمێنە ، بەرتیل ، بازرگانی بە هۆی دەست ڕۆیشتن ، پێشێل کردنی مەرجی لێوەشاوەیی ، بەهەدرەدانی پارە و سامانی گشتی ، دەست بەسەرا گرتنی زەوی ،... هتد )

٢- ٥- هەڵگرتنی پارەی هەرێم لە بانکی فەرمی هەرێم نەک بانکی تایبەت ؛

٣-١- هەڵوەشاندنەوەی هەموو هێزەکانی چەکداری حیزبی و تێکەڵ کردنیان بەیەک و قەدەخەکردنی کاری حیزبی تێیدا؛ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێ درووست بکرێت ؛مانەوەی٢٠٠ پێشمەرگەی زێرەڤانی بۆ پاراستنی سەرۆک ؛

٣-٢- لێسەندنەوەی دەسەڵاتی سەربازی لە هەموو سەرکردە حیزبیەکان و ئامادەکردنی کەسانی سەربازی پسپۆڕ بۆ فەرماندەیی کردنی سوپای کوردستان ؛

٣-٣- فەرماندەیی بەر پرسی یەکەمەو حیزبی نەبێ، دوای سەرۆکی هەرێم دێت؛

٣-٤- پێشمەرگە پاسەوان و پارێزەری وڵاتە هەر کەمتەرخەمی کردنێک بەرامبەری وەک ناپاکی کردن بێ بەرامبەر بە کورد و کوردستان ، مانگانەی تەواو بە دەوام کردنی تەواوەوە پێی بدرێت کە زامنی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی بکات ، چەک و تەقەمەنی پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت و خۆی پارەی تیادا خەرج نەکات ، دابین کردنی خواردنی تەواو بۆی لەهەر شوێنێک بێت ، دابین کردنی پزیشک و برین پێچ و ئامبۆلانس و تیمارگای مەیدانی و نەخۆشخانەی سەربازی بە تەواوی کەرەستەکانییەوە ، بەردەوامی ڕاهێنان و مەشق ، پێشمەرگە کارەکەی پێشمەرگایەتیە لە بێ پلەیەکەوە تا فەرماندەییش ، هەمیشە ئامادەی هەر پەلامارێکی نەخوازراوی دوژمنان و ئازادکردنی ناوچەی داگیرکراو بێت کورد هێشتا

له سەرەتایە؛سزای مەیدانی بۆ هەر گەندەڵکاریەک لە سوپای پێشمەرگەدا ؛

٣-٥- وەرگرتنەوەی هەموو فەوجەکانی پاراستنی پەرپرسەکان و دیاری کردنی پاسەوانی تایبەت بە پاراستنیان و ژمارەیان لە ١٠ کەس تێپەڕنەکات و مانگانەیان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕاستەوخۆ پێبدرێ و بڕینی دەرماڵەی بەرپرسەکان ؛

٤-١- هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش حیزبایەتیان تێدا قەدەخە کراو بێت و وەزارەتی ناوخۆش کەسێکی دادپەروەرو کورد پەروەرو شارەزا بێت و ڕابووردووی پاکی هەبێت ، هێزەکانی ناوخۆ لە خەڵکن دەبێ بۆ پاراستنی سەرووماڵیان بێت نەک سەرکوت کردن ، هاوڵاتیانیش ڕیزی یاسا سەروەر کردنیان بپارێزێت ؛

٤-٢- دابین کردنی ژیان و گوزەرانی پۆلیس و ئاسایش و کردنیان بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو ببێتە پیشەیان بە ڕاهێنان و مەشق کردن ؛

٥-١- دارِشتنەوەی مووچە لە سەرۆکی هەرێمەوە تا دەگاتە کارمەندێکی ئاسایی ؛ چڕبوونەوە لەسەر پلە باڵاکان بە تایبەتی ؛

٥-٢- سەرۆکی هەرێم ساڵانەکەی لە ١٤٠ هەزار دۆلار تێپەڕ نەکات جێگرەکەی ١٠٠ هەزار دۆلار، سەرۆکی حوکمەت لە ١١٠ هەزار دۆلار ، وەزیر و ئەندام پەرلەمان ٩٠ هەزار دۆلار ،جێگری  سەرۆکی حوکمەت پلەی وەزیری هەبێت ، نەهێشتنی

خانەنشینی وەزیرو ئەندام پەرلەمان بەوانەی ڕابووردووشەوە؛

٥-٣- دارِشتنەوەی موچەی فەرمانبەران ، دیاری کردنی کرێی سەعاتی کار ؛ دابەزاندنی نرخی پێداویستیەکانی ژیان و بەنزین و گاز ؛

٥-٤- وەزیر و ئەندام پەرلەمان پاسەوان وشوفێریان پێ نەدرێت و خانووو ژیان لەسەر پارەی سالآنەی خۆیان بگوزەرێنن ؛

٦-١- بڕینی سالآنەی هەموو حیزبەکان بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیانەوە؛

٦-٢- بڕینی دەرماڵەی هەموو دەزگا ڕاگەیاندنی حیزبی و ئازاد ، ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەو سایتەکانیشیان ؛

٧- کارکردن بۆ هوشیارکردنەوەی هاونیشتمانیان و ئامادەیی ئەوەی لەسەروو ١٨ ساڵە بەشداری ڕوو بەڕوو بوونەوەی دوژمن بێت جا بەشداری لە بەرەکانی جەنگ یا لە پشتەوەو ڕایی کردنی پاراستنی شارو شارۆچکەو گوندەکان ، چڕ کردنەوەی گیانی بەرگری و **هەڵنەهاتن** لەبەر دوژمن خاک هی هەموانە پاراستنی لە ئەستۆی هەموانە ؛

٨- خاکی کوردستان هی هەموانە خاوەندارێتیەکەی بۆ کەسێکی تایبەت ناگەڕێتەوە ئەو کەسە بەختەوەرە کە گەورەترین خزمەت بە نیشتمان دەکات و منەتی بەسەردا ناکات ، کوردستان کۆمارییەو پاشایەتی ڕەتکراوەیە ؛

٩- دادگای بەرز ئەبێت مل کەچی یاسا بێت و کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت لە سەدا سەد مۆرکی حیزبی پێوە نەبێت ؛ داواو سکاڵاو کێشەکان بە فەرامۆشکراوی جێ نەهێڵێ و چارەسەری یاسایی بدۆزێتەوەو بڕیاری لێ بدات ؛

١٠-١ پەرلەمان بخرێتەوە گەڕوو وەزارەتەکان بدرێتەوە بە گۆڕان و دەسەڵاتی تەواویان هەبێت لە ڕایی کردنی وەزارەتەکاندا

١٠- ٢- سەرۆکی حیزبەکان ڕاستەوخۆ بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکەن و گەر لە هەڵبژاردن دەرچوون بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەن بۆ دانی شکۆی تەواو بە پەرلەمان و نەگەڕانەوەیان لە چارەسەری کێشەکاندا بۆ کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیەکان ؛

١١- ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی خۆپیشاندان لە هەموو شوێنێکدا بە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ، حوکمڕانی بۆ هاونیشتمانیە بۆیە هاونیشتمانی مافی هەبێت لێپرسینەوە بکات هەر لە سەرۆکەوە تا نزمترین پلەی بەرێوە بردن ؛

١٢- زۆر بە پەلە دەستوور بۆ کوردستان و لەسەدا سەدی هاونیشتمانیانی بنووسرێتەوە و مۆرکی حیزبی پێوە دیار نەبێت ؛

١٣-هەڵبژاردن شۆڕبکرێتەوە لە سەرۆکی هەرێم و حوکمەت و پارلەمان و

پارێزگارو ئەنجومەن و سەرۆکەکەیی و قایمقام وسەرۆکی شارەوانی مدیر ناحیەو ئەنجومەنی گوند و ئەفسەر پۆلیسی گوندو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ؛ نەک لە پەرلەماندا قەتیس بکرێت و ئەوانی تر بە بەش بەشێنە پڕ بکرێتەوە ؛

١٤- کێشەی نەوت و غاز و پارە ئاشکرا بکرێت و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای تری هەناردە کردنی نەوت و ئاشکرا کردن و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی ٥٠ ساڵە لە گەڵ تورکیا ؛ کەمکردنەوەو نەهێشتنی خەرجی دەرماڵە بەهەدەر دراوەکانی کە لە خزمەتی بەرژەوەندی سەرکردەو تاکە کەسەکاندایە ، لە بەرامبەر هەر خەرجیەکدا کارێک ئەنجام درابێ لە خزمەتی کوردستاندا بێت ئەوەیە پاشەکەوتی ڕاستەقینە نەک کەم کردنەوەی مووچە ؛

١٥- هەموو ڕێکەوتنێکی هەرێم بەتایبەتی و حیزبەکان بە گشتی لە گەڵ ئێران وتورکیاو عیراق بۆ لێدان و بەگژا چوون و لاواز کردنی کوردانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا بە **<u>ناپاکی دژی کورد لە قەڵەم بدرێت</u>** ، سنووری کوردستان ئاوەڵا بێت بۆ کوردی پارچەکان بۆ پاراستنیان و پڕکردنەوەی دەستی کار لە جیاتی هێنانی کرێکاری بێگانەی وڵاتان و بردنە دەرەوەی پارەی وڵاتمان ؛

١٦- تەواوی خاڵەکانی ئەم پرۆژەیە لە ماوەی یەکساڵدا جێ بە جێ بکرێت و هیچ پاساوێکی بۆ نەهێنرێتەوە .

شێرکۆ ٣٠/٤/ ٢٠١٦

**•پشتیوانانی•یاسا**

•• کوردە بە ئاگا بێرەوە ، سڕینەوەی شێخ و کوێخاو بنەماڵەو خێڵ و براگەورەی بڕیاردەرو دیوەخان هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ئامانجی نەتەوەیی و سەپاندنی یاساو باڵکێشانی دادپەروەری بەسەر هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا .

سەرانی حیزبەکان لە ٦٥ ساڵەی سەدەی ڕابووردوودا خوێندەواریو هوشیاری و بیرکردنەوەو درووست کردنی سوپایەکی هوشیاری نەتەوەییان خانەنشین کرد ، ڕۆڵەکانی کوردیان ڕاهێنا مل کەچی سەرکردەی کارێزما بن و گەوج بن ، خۆیان کردە فەریاد ڕەس ، دەروونی خۆیان و خوار خۆیان بە ماکیاڤیلییەت پاراو کرد و نەخۆشییەکی کوشندەی مەلایی و جەلالی جێگای بیرکردنەوەو یاسای گرتەوەو ئێستاش هەر درێژە پێدەری ئەو ڕەفتارە چەوت و بڵحەن ، میللەتەکەمان ئەوەندە گەوجێندراوە تا دێت بەرەو پاش هەنگاو دەنێت ، بۆیە نە لە یاسا دەزانن نەش دەزانن نەتەوە چییە ، ئەو سڕینەوەیە کورد دەکاتە نەتەوەیەکی یەک پارچە ، دوورمان دەخاتەوە لە سۆرانی و کرمانجی و ئاکۆیی مەنگوڕو زێباری و هەرکی و لۆلانی و یەزیدی و کاکەیی و فەیلی و هەورامی و جاف زەنگنەو باڵەکی و تاڵەبانی و بارزانی، سەرکەوتنە وەک کورد دەست لە ناو دەست کەین .

مامۆستا شێرکۆ

• ٢٠١٦/٣/٩•

## ...................................جاشایەتی و هەڵدانەوەی لاپەرەکان

بەداخێکی زۆرەوە و بە ناچاری ئازارەکانی کورد رامدەکێشێ بۆ بابەتێکی نامۆو قێزەوون مایەی داخ و پەژارەیە چ قەڵەم بنووسێ و چاو بیخوێنێتەوە نەتەوەیەکی خۆشی نەچەشتوو لە ژیانی ئازادی و سەرفرازی بە لام لەکەدار و تلاوە بە دەردی جاشایەتی واتە خۆفرۆشی و بوون بە دەستی داگیرکەر بۆ کوشتن و راوودوونانی رۆڵەی نەتەوەی خۆت ، ئای کە نەنگییە سووکایەتییە بۆ ئەوانە، ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی جیهانییەو لە مێژووی زۆر نەتەوەدا بەرچاوە . هەر وەک چەکدارانی ئاغاو ستەمکاران بوون، چەکدار پەیدا بوون بە جل و بەرگی ئاسایی لە گەڵ پۆلیسدا دەردەچوون بۆ لادێکان بۆ بردنی تەبلیغی سەربازی یا راوو دوونانی چەتەو رێگر ، دیارە بۆ ئەم کارە کەسانی نەفام و بێ هۆش و چڵێس و کاسەلێسی هیچ لە بارانەبووی کار نەکەروو تەمەڵ ، دیارە ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە لە بارە بۆ قۆزتنەوەی ئەو درمە کوشندەیەی بە گیرمانی هێناوە بە هەندی هەڵبگرین و هەڵوەستەیەک بکەین بۆ دەرئەنجامەکانی ، لە جیاتی ئەوەی سەدان هەزار کەس پارێزگاریان لە داموو دەزگای داگیرکەران دەکردوو دەستیان دەگرتن و پەناو ئەشکەوت و دۆڵ و چیاکانی کوردستانیان پێ ئاشنا ئەکردن ئەبوونە سووری بەر لەشکریان لانی کەم دەستیان بە کلاوی خۆیانەوە بگرتایەو ژیانی مەمرە مەژیان هەڵبژاردایە، ئەوە کای کۆن نییە چونکە دەنگۆی سەرهەڵدانەوەی هەمان دەردە .

جاشایەتی جگە لە ناتەندرووستی باری دەروونییەوە بواری دوژمنایەتی خێڵەکی پاڵی بەچەند سەرۆک خێڵێکەوە نا بچنە بەرەی داگیرکەرانی کوردستانەوە بە هۆی مل کەچ نەبوونیان بۆیەک و پەنا نەبردنیان بۆ چارەسەر کە لە راستیدا دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و ناشارستانێتی ئەو جۆرە درمانە لە خۆیان دەگرن بەدەگمەنیش کەسی خوێندەوارو زانست خۆشەویست بە دیی ناکرێت کەواتە ئەو جۆرە جاشایەتییە بێ مەعریفەتین ، بەلام داخی گرانم جاشی بە مەعریفەتیش سەری هەڵداو خۆی خزاندە ناو حیزب گەلیشەوە لە هەموو بەشەکاندا، سوارەی حەمیدی لە ژێر ئالای ئاییندا جاشایەتیەکی فریودەرانەیە کە تورکە رەگەزپەرستەئایین دارەکان کوردیان پێ لە کەدار کرد بە هۆی ساوێلکەیی و نەفامیان .

ناکۆکییە خێڵەکییەکانی کوردستان بووە هۆی لێکترازانی خێڵەکان و پەنابردنی خێڵەکانی *لۆلان و هەرکی و سورچی و زێباری* بۆحوکمەتی عیراق هەڵگرتنی چەکی جاشایەتی دژی شۆرشی ئەیلول بە هۆی ناکۆکییان لە گەڵ ماڵی بارزانیداو بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی درووستیان نەنا لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە خێڵەکییەدا بۆیە جاشایەتی بە قەدووبالای زۆربەی کەسەکانی ئەو خێلانەدا دابرا و چوونە بەرەی داگیرکەرەوە .

پاش جیا بوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی بارزانی شەرێکی خوێناوی دڵتەزێن لە نێوانیاندا رووی داو بە راستی برا کوژی بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1964دا کوردستانی باشوور بە خوێنی براکوژی برای کورد ئاو درا، مەخابن هەر بەوەشەوە نەوەستا باڵی مەکتەبی سیاسی کە بەشە مەعریفەکەی خوێندەوارەکەی رۆشنبیرەکەی بە لێزانینەوە خزانە پاڵ بەشە بێ مەعریفەکەی چونکە بیانەوێو نەیانەوێ پرۆسەکە یەک واتای هەیەو لەبەرەی دوژمندایە کورد ناوی نا ئەوی لە شاخە باشە ئەوی لە شارە جاشە چونکە خەڵک بە چاوی خۆی دیتی پەلامارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە سایەی تانک و تەیارەی دوژمندا بوو بە زۆریش خەڵک چەکدار دەکرا بۆ شەری پارتی بارزانی ، کەرێکەوتن نامەی 11 ئازار کرا باڵی مەکتەبی سیاسی لە چەک داماڵرا چونکە چەکداری داگیر کەر بوو بە ناچاری ئەوەی مەعریفەی تیدا مابوو گەرایەوە بۆ شاخ هەرە سووک و ریسواکەی وەک سیخوروو جاش لەژێر ناوی پارتی شۆرشگێردا درێژەیان بە جاشایەتی خۆیاندا، ئەم جاشییە بە مەعریفەتە بۆری بە خێڵەکییەکەدا تا وای لێهات چوونە پاڵ دوژمن عەیبێکی تێدا نەبێ و دوژمنی دوژمنەکەم دوستمە، بەو جۆرە پەلاماردانی کوردی رۆژهەلات و رێگرتن لە پێشمەرگەی باکوور بۆ خزمەتی تورکی داگیرکەر هەر یەکە جۆرە جاشایەتی و نۆکەرایەتی کردنی داگیر کەرە .

لە شۆرشی نوێی ئەمجارەدا جاشی گرێدراوی دوو جەمسەرمان بینی مەفرەزە خاسە کە زۆربەیان خۆیان بە ئەندامی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانی و بە دڵ و بە گیان شەری پێشمەرگەی ی . ن . ک یان دەکرد بە تایبەتی

کۆمەڵە وەک ئەوەی هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە لەو گۆر بەگۆرو بەد ناوانە ***قالەی فەرەج ، تەحسین شآوەیس ، حەمەی شێخ حەسەن ، عاسی ، هەباسی بایزی باڵو ، کاکل ئاغا ، مەفرەزە خاسەکانی زەرایەن و هەڵەبجە***، شەهیدان حەمە غەفور ئاغجەلەری و هەڤاڵەکانی لە گوندی کانی بی کۆیە لە شیرینی خەودا لە پەنای دۆستایەتییەوە شەهید کران ، شەهید شامیل و هاورێکانی لە گوندی قازان قایەی قەرەداخ ، شەهید ئارام لە گوندی تەنگی سەر ، شەهید سیروان و حاجی چاوشین و هاورێکانی لە شارەزوور ، شەهید ئەنوەر حەسەن و هێمن چەمچەماڵی و هاورێکانی لە گوندی قازانی دۆڵی سورداش ، جگە لە دەیان کادیرو پ . م بە تەنها بە دەستی ئەوانە جوانە مەرگ بوونە . کەچی تا ئێستاش کەم یا زۆر حیزبی وا هەیە بە هەڤاڵ و شەهیدی خۆیان ئەزانن و شەرمە پیاوێکی پایە بەرز لە پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسی پەیوەندی بوو لە گەڵ قالە فەرەج ئەو دەمەی مەفرەزە خاسە بوو چەند جاری بینیوە جا پیاوی وا خێری چییە ، خۆ سەرکردەیەکی یەکێتی ماوە تا نهێنییەکانی مەجید هەیبەیی ئاشکرا بکات کە چۆن دەیویست 40 کەس بکوژێت بە بیانووی جەلالین و گەر نەیان توانی لە ناوچەکەدا بمێننەوە بچنە ناو حوکمەت و ببن بە مەفرەزە خاسە بۆ کوشتنی پ . م یەکێتی.

دوای شەری ئێران ــ عیراق مەودای جاشایەتی بەر فراوان بوو رژێم فەوجەکانی خەفیفەی بە ژمارەیەکی وا پر کرد لە جاشی کورد لە باس کردنی قێز دەکرێتەوە لە هەموو رێگاکاندا لە هەموو قەزاو ناحیکاندا جاش جاوی بەعس بوو دەستی بوو شەرکەری بوو شآنازیان پێوە ئەکرد خۆیان دزیوەتەوە لە شەر کاریان لەدەست نەچووە چانییە ماون نەبوونەتە خۆراکی شەر بە عەیبوو عاریان نەدەزانی و رێگە خۆشکەری ئەنجامدانی ئەنفال بوون و بستێک نەما نەی پشکنن و چاو ساغی تێدا نەکەن و زۆربەشیان ئەڵێن پەیوەندیمان بە شۆرش و حیزبەکانەوە هەبووە بۆی هەیە راستیش بێت دیارە لە دوو دیو ئەیان خوارد هەندێک چاکە بۆ دوارۆژ ئەوەبوو دوای راپەرین بە حیسابی خۆیان پێشەنگ و سەرقافڵەی راپەرینەکە بوون بۆی هەیە راستی تێدا بێت چونکە گلۆڵەی بەعس کەوتبوە لێژی ، کەس هەڵنەهات بۆ عەربستان لە کوردستاندا گیرسانەوەو دەستی رێزیان بۆ خرایە سەر سنگ کە جوامێر بوونە و خراپەکانیان بە خێر بۆ گەرایەوەو پایەو پلەو پارەو دیوەخانیان بۆ دابین کرا لەسەر حیسابی فراوان کردنی کاری حیزبایەتی و خۆ بەهێز کردن وەک گەلێ پیاوی قارەمان و دنیا دیتە بن ، من پێم وایە بێهێزی حوکمەتی ئێستای عیراقە ماونەتەوە ئەگینا حوکمەت توانای دەست وەشاندنی هەبێ سێو دوو ناکەن لە بوونەوە بە جاش چونکە نەخۆشییەکە لە دەروونیاندایە ، ئەمە جگە لەو هۆیە کاری گەریانەی ناو حوکمەتی هەرێم لە باوەر نەبوونی هەردوو حیزبی دەسەڵات دار بە یەکتری سەرەرای رێکەوتنی ستراتیژی ناپێویست کە وولاتی دیموکراتی پێویستی بەو رێکەوتنانە نییە ئەگەر مەرامی تایبەت و کەسێتی تێدانەبێت ، هەردوو حیزب ئۆپۆزیسیۆنی یەکترین چونکە هەریەکەی نوێنەری تایبەتی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و لە خەڵکیشیان کردۆتە چاووراو.

جاشایەتی هەرەشەو درمێکی کوشندەیە هەمیشە مەترسی زەقکردنەوەی هەیە لە لایەن داگیرکەرانەوە زەمینەی نەخەملّیوی بیری نەتەوەیی کورد واتە تا ئێستاش کورد لەسەر نەتەوەو خاکی نەتەوە یەکگرتوو نین کەواتە حیزبەکانی رابەری کورد بیری حیزبایەتی و دەسەڵاتداری تاکە کەسی لە کرداریاندا خۆی ئەنوێنێ ، رێکەوتنی ستراتیژی هەردوو سەرۆکی حیزبی دەسەڵاتدار لەو بیرکردنەوە تەسکە تێپەرناکات کەواتە چ خێرێکیان لێ چاوەروان دەکرێ گۆران بەسەر بیروو هۆشی خەڵک بەگشتی و دەروون نەخۆشەکانی جاشایەتی .

بۆ هەموو ویژدان داران کورد خۆشەویستان رۆشنبیران تێکۆشەرانی رێگای کوردایەتی با بە هەمووومان ئەو دەروون نەخۆشانە چارەسەر بکەین و ئامۆژگاریان بکەین جارێکی تر نەبنە داردەستی داگیرکەرە عەرەب و فارس و تورکەکان تەنانەت هەر جۆرە پەیوەندییەکی شاراوەی حیزبەکانی کوردستان و حوکمەتی هەرێمیش داردەستی کردنی داگیر کەرانە ، گەرانەوە بۆ کوردایەتی رەسەن و پاککردنەوەی نەتەوەکەمان لە بیری برا کوشتن و دووبەرەکی چ لە ناو حیزبەکاندا چ لە ناو نەتەوەدا.

مامۆستا شێرکۆ ٢٢/١١/٢٠٠٨

aminaskari50@hotmail.com

## •جێهێشتن•یا•هەڵاتن

مەکسیم گۆرکی لە ڕۆمانی دایکدا دەڵێ (( دایک کەدەست بەسەر سینەی خۆیدا دێنێ دەڵێ لێرەوە خۆری بەختیاری مرۆڤایەتی و ڕزگاری هەڵدێت ،بە تیشکی خۆشەویستی بۆ هەمیشە بۆ هەموو ئەوانەی لەسەری دەژین ، خۆشەویستی بۆ یەکتری و بۆ هەموو شتێک )) .

زۆرن ئەوانەی هەڵدێن و شێوەی جۆربەجۆریشیان هەیە هیچ درووستیش نییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە ، هەڵاتن لە زێد یەکێکە لە هەڵە گەورەکان تەنها گەڕانەوە بۆی ڕاست کردنەوەیەتی کەواتە جێهێشتن نیە ، کەواتە دوورکەوتنەوە و بەخەمەوە نەبوون و خۆ بەخاوەن نەزانینە

ئەوەی بییەوێ لە بستێ ئاودا مەلە بکات لە بستێک ئاویشدا ئەخنکێ، زۆر لەمێژە کۆرد مافی خۆی بووە دەوڵەتی هەبێت ، با کۆسۆفۆ بەبیر مان نەهێنێتەوە، هەر گەلەو وولاتێک مەرجی تایبەتی هەیە،مەرجەکانی ناوەکی و دەرەکی، سەرکردەی بوێرو خۆنەویست + رادەی تێگەیشتنی لە بریار و بەرەنگاربوونەوەدا + ئاستی تێگەییشتنی دارشتنی بەرنامەی سیاسی دیمۆکراسی،ئابووری ،رۆشنبیری + نەبۆنی گەندەڵی و رۆشنی لە هەموو بوارەکاندا + نەبوونی حیزبی تۆتالیتاری + رادەی متمانەی سەرکردە بە گەلەکەی و گەل بە سەرکردە + ئامادەیی گەل ،هەستی نەتەوەیی ئامادە، دەرچوو لە گیانی کروزانەوە (دوژمنانی کورد و سەرانی کورد دریخیان نەکردووە لە خراپ کردنی دەروونی تاکی کورد بەو دەردە) هەر وەها سەقەتکردنی تاکی گەنجی کورد بە گیانی تەمەڵی و پارەی ئامادەو خەساندنی گیانی نەتەوەیی، ئەوجا + یارمەتی و هاوکاری و ئامادەکارییەکانی دەرەوە و ئامادەکاری دیبلۆماسی پەیدا کردنی دۆست و هاوپەیمانی نێو نەتەوەیی .

٢٠٠٨/١١/٢٠

دواخستنی مادەی 140 زۆر لەوە ترسناک ترە کە لێی دەترسین ، زۆر نهێنی دار ترە کە دەرکی پێ ناکەین ، زۆر پیلانگێرترە کە بەر هەڵست کردنی سەختە، چۆن کوردستانیان دابەش کردولەکەس نەسڵەمینەوە، چۆن نەوتی کەرکووکیان دەرهێناو پرسیان بەکەس نەکرد و لەسەر خۆیان تاپۆ کرد بۆ ماوەی نیو سەدە شادەماری کوردیان مژی و پاشان بەعسییەکان کەرکووک و کوردستانیان پێ سوتماک کرد،لەبەر چاوی کاڵی پاشایەتی نۆکەری خۆیان شێخ مەحمودیان رەهەندەی وولاتان کرد، چواردەساڵ خەباتی کوردیان کردە قوربانی شاو سەدام، پێم وایە کورد لەتەرازوی هێزەکانی دنیا ناخوێندرێتەوە ، هەر سێ ئیمپراتۆری فارس و تورک و عەرەب لە دوژمنایەتی کورد بەو لاوە هیچ زمانێکی تر نازانن جا کورد لە ناو دراوسێکانیدا وای رەفتار لەگەڵدا بکرێت ئەدی چی رەچاو دەکەیت لە ماسۆنییەت و بەچکە ماسۆنییەت و زل هێزەکانی یەخسیری ماسۆنییەت، زل هێز ئێمە ئەخاتە ژێر پێیەوە بۆ تورکی ماسۆنی و عەرەبی سەقەت و نەفام و فارسی خاوەن مێژوو و دەسەڵات، هاتنی وەرزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کەر کووک بۆ دڵدانەوەی تورکمان و عەرەبی سوننە بوو کە هەرگیز دڵ لە دڵ نەدەن کورد ئەوە ناهێنێ ئێوەی لەسەر زوبیر بکرێت،بە دووری نازانم لە دوایین چارەسەردا لۆکسمبورگی کەرکووک درووست بکەن و کورد بە پاراوێز کراوی بمێنێتەوە، چارەی دروستیش ئەوەیە: 1-هەوڵی کوردو دەسەڵات دارانی کورد بۆ پێ داگرتن لە هەرچی زوتری گێرانەوەی قەزاو ناحێکانی دابراو بۆ سەر کەرکووک،2- حیزبەکان واز لە کێشمەکێشی نێوان خۆیان بهێنن لە ئاست کەرکووکداو بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەرو هەموو شتێکەوە دابنێن.

٢٠٠٨/١/١

دیکتاتۆرەکان بەلە خۆبایی بوون شێتییان ملی خۆیان گییانی خۆیان بەرەو چارەنووسی رەش دەبەن، سەدام هەلێکی زۆر لەباری بۆ خەباتی رۆڵەکانی کورد رەخساند بە دەست درێژی کردنە سەر کوێت،راپەرین مایەی خەباتی کوردە لە گەڵ سەرکێشی سەدامی فاشی، ئەگینا هەموو کەس ئەزانێ سەرکردایەتی کورد و پ .م قارەمانەکانی کورد ئاودیوی ئێران کرابوون و خاک و ئاوی کوردستانیان لێ حەرام کرا بوو، باسەر کردەکانی کورد لافی دلێری و رابەری لێ نەدەن، راپەرین لەسەر دەستی لاوی کورد ئەنجامدرا بۆ ئەوەش هەندێ هۆکاری گرنگ ئامادە بوو کە شێتی و سەرکێشی رژێمی فاشیستی + هەرەشەی زلهێزەکان + بوونی پێشمەرگەی قارەمان + ئامادەیی رۆڵەی تێکۆشەری ناو شارەکان کە تا ئێستا کەس ناویان لە کولەکوی تەریشدا ناهێنێ ، ئەبوایە دوای راپەرین ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدرانایە هەرچەندە لە سەرەتادا حکومەتی بەرەی نیشتمانی پێک هێنرا بوو ئەبوایە پتەو تر بکرایەو گیانی نەتەوەیی و یەک گرتن تۆکمە تر بکرایە بە پێچەوانەوە برینەکانی سەردەمی جەلالی و مەلایی کولێنرانەوەو زامەکان قووڵکرانەوە تەنها بۆ دوو بارە کردنەوەی تاک رەوی حیزبیو دیکتاتۆری و ئەنجام زیان دان لە کوردو بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران، جەنگیزخان بۆ یەکخستنی نەتەوەکەی هەستا بە نووسینەوەی دەستوورێک بە ناوی **ئەلیاسا** و توانی پەلاماری وولاتە دراوسێکانی بدات و نیازی ئەوروپاشی هەبوو ،سەرکردەکانی کورد داوای جیهانی گەرایی ئەکەن بەڵام خۆیان دوژمنی سەرەکی و یەکەمین، ئەبوایەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت باوەریان بەدیموکراتی هەبێ تاکەی بیری کروززانەوەو لاوازی پیشەیان بێت، سڵەمینەوەی داگیرکەرانی کوردستان لەوەدایە هێزی پ.م یەکبخرێ و ببێتە لەشکری پارێزگاری کوردستان نەک پ.م یەکێتی و پارتی، دەزگای زانیاری یەکێتی و پاراستنی پارتی ، دارایی یەکێتی و دارایی پارتی بەراستی عەقلێکی دواکەوتو و پروو پووچە، ئەو حاڵەتەی ئێستای کوردستان خۆزگە بە میرایە تییەکانی کۆن دەچوو بەلای منەوە لە شەرە گە ڕەک دەچێت ، هەرچی بنەماکانی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە پێ شێل کراوە، باوەرێشم وایە سەرکردەکان باوەریان بەچارەنووسی کوردنییەو تا رۆژێک زیاتر چنگیان لە تاڵان کردنی کوردستان دا بێت بۆیان باشترە پێیان وایە کە پێیان ووترا ئەبێ جێی بهێڵن جا بۆ بەدەستی خاڵی برۆن ، پێم وایە راپەرینی ئەمجارە رژانە سەر شەقامە بۆ راستکردنەوەی ئەو بیرە خوارو خێچانە، لە ئەمەریکا خواری و چەوتی و ژاوەژاو کردن لە گەڵ خەڵک و دزی و درۆزنی لە بەردەم یاسادا خۆی ناگرێ سەرۆکی وولات و حوکمەت بارزانی و تاڵەبانی دیاری ناکەن بەڵکو خەڵک دیاری دەکات ، دەستوورو ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران دەسەڵاتیان هەیە، سەرۆکیان ناتوانێ یەک دۆلاریش خەرج بکات گەر بریاری لەسەر نەدرێت، لەشارێکدا 10 پۆلیس ئەتوانێ چاودێری بکات و ئاسایش و ئارامی رابگرێت ، مناڵی هیچ لێپرسراوێک چاو لە خەڵک سوورناکاتەوە ، زۆر سەیرە مناڵی بەر پرسانی کورد زۆربەیان لە هەندەران گەورە بوونەو بەڵام ئەوخوو و رەووشتە نامۆیانەیان هەیە، راپەرین بۆ ئازادی دەوڵەتی یاسا بۆ دیموکراسی بۆ خۆشگوزەرانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێکان بۆ بووژاندنەوەی کێڵگەکان کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو چاکردنەوەی رێگاکان و درووست کردنەوەی کارگەکان و پەرەپێدانیان بە کارەباکردنی وولات و گەیاندنی ئاوی پاک بۆ هەر خێزانێک و دامەزراندنی ئاوو ئاوەرۆی سەردەم لە شارەکان و لادێکان و پێشخستنی بەرنامەی خوێندن و پەروەردە و نە هێشتنی نەخوێندەواری و تەواو کردنی ئامادەیی سەپێنراو بێت، دوای ئەو کارە بنچینەییانە کۆشک و تەلار بڵند بکرێتەوەلەلایەن بەر پرسانەوە کەسێکی پارەدار کەس رێی لێ ناگرێت ئەگەر بەر پرسە ئەبێ ئاشکرای بکات بۆ خەڵک لە کوێی بوو، بەڵێ 17 ساڵ تەمەنێکە بۆ راستی و چەوتی چاکی و خراپی پێشکەوتن و وێران بوون، نا بۆ لەت بوون بۆ یەکگرتن راپەرین بۆ یەکخستن و جێگیرکردنی دەوڵەتی **یاسا**.
٢٠١٢/١١/٢٠

راشکاوانه تر ،روونی له بودجەدا نابینرێ تا گۆرانه بنەرەتییەکان له فەرمان ڕەوایەتی حیزبەکاندا جێ به جێ نەکرێت، ئەویش لەمانەی خوارەوە بەولا تریش ، خۆدامالّینی حیزبەکان لەو ناخه کۆنەی لەسەری دامەزراوون، حیزبەکان هی جەماوەرەکانیان بێت نەک بنەماڵەو عەشرەت ،هەیانه شار چێتیش دەکات، هەیانه به عەولەمه ئاخافتن دەکات و جێ نشین ئاماده دەکەن بۆ دوای خۆیان،زۆر شەرم و نارەوایه لەم دنیای نوێدا سنووری یاسا و سرووشت و دیموکراسییەت ببەزێنرێ بۆ خۆپەرستی ،پرەنسیبێک پەیرەو بکەن کەکەس بۆی نەبێ له مشوور خۆری بۆ کورد بەولاوه نەکات،سنوردار کردنی ماوەی سەرکرده له حیزبەکاندا، پ.م بکرێته هێزی پاراستنی وولات ومۆرکی حیزبایەتی لەسەر نەمێنێ و دامەزراندنی ئەفسەرو کارمەندانی له لایەن وەزارەتی بەرگرییەوه بێت (حوکمەتی کوردستان)نەک لەلایان حیزبه کانەوه، پارەو داهات بگەرێتەوه بۆ وەزارەتی دارایی و حیزبەکان مافی ئەوه یان نەبێت دەستی تێ وەر بدەن ، هەر حیزبه ئێستا خۆی ئەوەندەی هەیه بازرگانی بکات گریمان ئەوەی به تالان له کوردییان بردووه قەرزەو کورد داوای ناکاتەوەو لێیان خۆش ئەبێت ،له وولاته سەرمایەدارەکاندا ئەوپاره زۆرەی له بودجەیاندا هەیه وەک ئەمەریکا حیزبەکان فەند رێزی ئەکەن ناتوانن لەبودجەی دەولّەت پاره دەربهێنن بۆ مەرامی حیزبی خۆیان نازانم ئەم رەواجه خوارو خراپه له کوێوه به سەر کوردی بەشخوراودا سەپێنراوه بێ گومان میراتی عەشیرەت گەرێتی ودیکتاتۆرییه با چیتر بەسەرماندا تێپەر نەبێت، سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران بکرێت بەیەک واته سەرۆکی هەرێم حوکمەت پێک بهێنێ و ماوەشی 4 ساڵ بێت ، کارا کردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی راستەو خۆ نەک دەنگدان به لیست ، دەستوورو پەیرەو کردن و مل کەچ بوون بۆی ئەوانەی سەرەوه زامن دەکات ، دەستوورێک دەربرین بێت له ماف و ئەرکەکانی تاکی کورد، زۆر شەرمه کەی ئێستا باوی ئەوه ماوه مرۆڤ داشی دامه بێت مامەحەمه چی بێ کەسێکی تر هەڵی سورێنێ ، جا بۆ کەسانی سەرکردەوبەڕیوەبەرانی وولات هەر له سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان و بەرێوەبەرایەتییەکان پێویسته ئەوەنده شارەزاییان هەبێت له بەرێوەبردن تا نەبنه داشی دامەو کۆسپ بن له ڕێی عەشرەت گەرێتی و بنەماڵەو دیکتاتۆری ، چاوسوور کەرەوەکان کۆتایی پێ بهێنرێ ، ئاساییش بۆ پاراستنی وولات بەکار بهێنرێ و قوتار بکرێت لەدەستی حیزبەکان و کۆمەڵی پێ نەتۆقێنرێ لەهەمووی نەگریس تر فیفتی فیفتییه که دیموکراسی نییه و دژی هەر چی یاسای دەستوورییه، ترسانه له ئەنجامی هەڵبژاردن.

٢٠٠٧/١٢/١٤

## **سەرنج و تێبینی لەسەر پرۆژەکەی** گۆران

وێڕای دەست خۆشی لەو پرۆژەیە ، پرێک سڵەمینەوەی پێوە دیارە دەست نەبراوە بۆ هەندێک خاڵ کە ئەبووە هۆی زیاتر بەدەنگەوە هاتن و پرواو متمانەی خەڵکی ، لیرەدا دەست دەخەمە سەری وەک هاوخەم و هاوکاربوون لە ڕاستکردنەوەی باری لاری کورد .

**لە قەیرانی سیاسیەوە :**

**١ -** ڕاشکاوانە دەست نەخستنە سەر وازهێنانی مەسعود بارزانی ، بوترایە ئەم پرۆژە چاکسازییە لە مەسعود بارزانیەوە دەست پێدەکات لە مێژووی تەواوبوونی سەرۆکایەتیەکەیەوە ، ئەو سەرۆک نیەو بۆشی نیە دەست وەربداتە پرۆژەکانی چاکسازی و بەرکەنارە لە هەموو بەرپرسیارێتیەکانی.

**٢ -** پرۆژەکە پرۆسەی دیموکراتی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا قەتیس دەکات ، کە دەبێ هەموو جومگەکانی حوکمڕانی بگرێتەوە وەک پارێزگارو ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانیەکانی و قایمقام و شارەوانیەکەی بەڕێوەبەری ناحیە و شارەوانی وئەنجوومەنی گوندەکان و بەڕێوەبەری پۆلیسی گوند کە تا ئێستا فەرامۆش کراوە ، ئەمە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەش بەشێنە .

**٣ -** سەرۆکایەتی هەرێم و حوکمەت لە یەک حیزب یا بنەماڵە نەبن تا هێزی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش ئازاد بێت ، دۆخەکەی ئێستا زادەی دەسەڵاتی حیزب و بنەماڵەیە .

**٤ -** لە پرسی دەستووردا ، یەکلایی بکرێتەوە کە دەستوور بۆ هاونیشتمانیانە نەک بۆ حیزب و دەستەو تاقم ، هەموار کردنەوەی هەمیشە لە خزمەتی هاونیشتمانیاندا بێت .

**٥ -** لە پرسی حوکمەتدا لابردنی ( یان ) لە بڕگەی ت : ، بۆ بینینی ئەم خاڵە بڕوانە پرۆژەکە .

**٦ -** پێم باشە بۆ ماوەیەکی کورت پایتەختی هەرێم بگوازرێتەوە ، پێشنیاری ڕانیە یا کۆیە دەکەم تا چەسپاندنی حوکمی یاسا .

**٧ -** لە جیاتی ڕیفراندۆم کار بۆ کۆنفدرالی بکرێت لە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا کە دەبێتە ڕێ خۆشکردن بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بە مەرجی هێشتنەوەی پەیوەندیەکی هاوسێیانەی باش لە گەڵ عیراق و بەکار هێنانی عیراق بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە دنیای دەرەوە و نەهێشتنی بارقورسی پەیوەندییە گوماناوییەکانی ئێران و تورکیا کە بەرهەڵستی ئەمەش دەکەن کە هەمانە لە عیراق .

**٨ -** لە جیاتی خاڵی ( ١٠ ) دەبوایە پرۆژەکە پێداگری بکردای لە نەهێشتنی پێشمەرگەی حیزب و باندی چەکداری بەرپرسان و حیزبە بچوکەکان ، پێداگریش بێت لە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ڕاهێنراوی نوێی کوردستان ( پەروەردەکراو بە گیانی نەتەوەیی و مرۆڤ دۆستی ) کە زامنی سەروەری یاسایە ، هەموو پرۆژەکە بەبێ ئەوە خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەردا بهێنەو باسی چاکسازی مەکە ، بڕوانە پرۆژەکە .

**لە پرسی قەیرانی داراییدا :**

**١ -** دیاری کردنی ناوی بەرپرس و کەسی حیزبی و ناحیزبی کە پارەی هەرێمی بردووە یا بەهەدەری داوە بە ئاشکرا بدرێتە دادگاو سەپاندنی سزا بەسەریاندا بێ ڕەچاوکردنی پلەو پایەی حیزبی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسە ، هەر چەند ئەم خاڵە پشتیوانی بەڵگەی یاسایی گەرەکە بە ( بەراوردی ژیانی ڕابوردوو و ئێستای ) هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت بە پێی **ئەمەت لە کوێ بوو** .

**٢ -** پرینی بوودجەی حیزبی کە وەری دەگرن لە بودجەی گشتی ، دەبێتە هۆی پیاچوونەوەی ناچاری حیزبەکان بەخۆیاندا و وەستاندنی زۆربەی چالاکیە حیزبیەکان و کادیرو کەسەکانیان ناچار دەبن کار بکەن ئەمەش ئارامیەک دەبەخشێت بە دەروونی هاونیشتمانیان بە نەمانی جیاوازی .

**٣ -** لێ پێچینەوەو سزادانی ئاشتی هەورامی و هاوکارەکانی .

**٤ -** وەرگرتنەوەی **پارەی نەفتا** کە دەست بەرپرسەکان کەوتووە نەک هەر ئاشکرا کردنی .

**٥ -** وەرگرتنەوەی پری **پارەی باج و باجی گومرگی** لە کۆمپانیا حیزبیەکان و ئەو کەسانەی لێخۆش بوونیان لە باج وەرگرتووە .

تەواوی سەرەوە دەوڵەمەند کردنە شکاندن و لێ کەم کردنەوە نیە لە پرۆژەکە ، لە ئەزموونی ژیانەوە لام گەڵاڵە بووە ، گەندەڵی لە کوردستاندا مێژوویەکی درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەراکەی ئەیلولی ١٩٦١ سەرباری هەندێک کەلتووری چەوتی خۆمان و داگیرکەران ، بەهیوای وڵاتێک یاسا سەروەر بێت .

**مامۆستا شێرکۆ**

**٢٠١٦/٢/٢٢**

## سیستەمی دەستووری

چوار نموونەی خوێناوی ناشاییستە نارێک ناهەموار راستەو خۆ یا ناراستەو خۆ نێگەتیڤانە کاریان کردۆتە سەر سیستەمی فەرمان رەوایەتی ئێستای کوردستان " دیکتاتۆری حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، دیکتاتۆرییەتی حیزبی ناسیۆنالیستی نازی هیتلەر، فەرمان رەوایەتی بنەماڵەی سەدام حیزبە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکەی، فەرمان رەوایەتی دیکتاتۆرییەتی کاسترۆی سۆسیالیستی" ئەوانە نموونەی دییاروو روونن ئەگینا نموونە زۆرن.

ئەو سیستەمانە هیچ کامیان دەستووری نەبوون و نین بەواتای سیستەمی دەستووری دیموکراسی کە فەرمانرەوایەتی دەستاو دەست بکات بە پێی دەستوور، مەبەست لەم لێدوانە ئایا سیستەمی ئیستای کوردستان دەستوورییە یا سیستەمێکی بێ سەروو بەروو لێڵ و نا دەستوورییە، هاوولاتی کوردستان بۆی هەیە پرسیار بکات ئایا سیستەمی فەرمانرەوایەتی ئێستای کوردستان بەرەو کام دووچاریان ئەبات چونکە مردن و ژیانی بەندە بەو سیستەمی فەرمان رەوایەتییە، نەخۆشییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئەو چوار سیستەمە بوونە هۆی لە ناو بردنی خۆیان بەڵام خۆ کاسترۆ هەرماوە چ مانێکی سەقەت تر بەوەی فەرمان رەوایەتی گوێزایەوە بۆ رائۆلی برای واتە کۆمارێکی پاشایەتی کە سیستەمێکی نەگونجاوو نارێکە لە گەڵ سیستەمی هیچ سەردەمێکدا نا گونجێت مەگەر لە گەڵ ئەوەی خۆمان ، سیستەمی نادەستووری مانای درێژ و کورت کردن بە پێی ویستی فەرمان رەوا خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و خۆسەپاندن بەسەر کۆمەڵداو مانەوەی هەتا هەتاییان وەک ئەوەی کۆمەڵ قەرزارەو ئەبێ بناڵێنێ لە بن باری ئەو قەرزارییەدا، ئەوە فەرماییشتەی سەرکردەیەکی بەرێزی حیزبێکی کوردستانە.

سیستەمی دەستووری هێڵی سوورە بۆ نەبەزاندنی یاسا ، کە تییایدا کۆمەڵ بە گشتی و تاکیش بەتەنها مافی پارێزراو ئەبێت ، کە دەستوورنەبوو سەرۆکی حیزب سکرتێری حیزب تا ئەگاتە سەرشانەیەکی حیزب خۆیان بە فەرمان رەواو براگەورە دەزانن و کەس نابێت یەک و دوویان لەگەڵ بکات و ئەوان خاوەنی بڕیارن ، کە دەستوور نەبوو ئەزموونێکی سەقەتی کوردستانی لێ درووست دەبێت حوکمەتی فیفتی فیفتی پەرلەمانی لیست داشی دامە لە گەڵ رێزم بۆ کەسایەتی هەر پەرلەمانتارێک ، داموو دەزگای حیزب جێگای هەموو شتێکی گرتۆتەوە، هەر بۆیەشە دەستوور یەکلایی ناکەنەوە تا رۆژێک زیاتر لەسەر کورسی فەرمانرەوایەتی بن، ئایا مانەوەیان بە رەوایی و لە رێگەی دەستوورەوە بێت باشتر نییە من پێم وایە باشتر بێت .

کێ بەر پرسیاری یەکەمە لە کردن و نەکردنی چاکسازی و درووست کردن و دامەزراندنی سیستەمی دەستووری لە کوردستان، رووی دەمم قەڵەمەکەم ئەکەمە دوو بەرێز مام جلال کاک مسعود ئاییندەی چاک و خراپی کورد و کوردستان لە گەردنی ئێوەیە ئێوە رابەری دوو حیزبی گەورەی کوردستانن خاوەنی دەسەڵاتی چەکدارین هەر یەکە بۆخۆی وەک ئێستا نەک بۆ میللەت ، ئێوە بە کوردەوە ئێوەن بۆیە بە هەدەر چوونی یەک فلس و بەرژەوەندییەکانی کوردستان و نەپاراستنی موڵکی نەتەوەیی سەوداکردن بە نەتەوە و دانەمەزراندنی سیستەمی دەستووری بەر پرسیار ئەبن لە بەردەم دادگای ئەو گەلەی هەموو جۆرە قوربانییەکی دا لە پێناو ئازادی سەربەستیدا هیچ کامێک لە ئێوە بە ئەندازەی خێزانێکی گوندێکی کوردستان ئازارتان نەچەشتووە بە دەست داگیرکەرانەوە ، ئەمرۆ ئێوەی سەرکردە ئەبێ تێکەڵی خەڵک بن لێیانەوە نزیک بن خۆتان هەست بە ئازارەکانیان بکەن سەردانی کوتوپڕی دیاری نەکراو بکەن بۆ بەدەست هێنانی راستییەکان کەسەکانی دەوروبەرتان بۆتان ئامادە نەکەن ، خۆتان موڵک وماڵتان ئاشکرا بکەن نەوەک بۆتان ئاشکرا بکەن تابتوانن رەگ و ریشەی دەست پیسان چڵێسان دزوو تالان و برۆکان لەرەگەوە هەڵکێشن ، واز بهێنن لە کاری لاوەکی خەریکی ماڵی کورد بن ، کورد پارچە پارچە مەکەن ئەمە سۆرانی ئەوە بادینی ئەوە یەزیدی ئەوە فەیلی ئەمە باکور ئەوە باشور و رۆژ ئاواو رۆژ هەڵات ، ئەوەی خۆی بە کورد دەزانی ئەبێ شان بداتە بەر باری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکەی و ئەرکی خۆی وەک سەربازێکی وونی کورد ئەنجام بدات ، پێم وایە چەوتی و خواری و خراپییەکان بەریان پێ ئەگیرێ و راستی لە جێیاندا خۆی ئەسەپێنی ئەگەر ئێوەی بەرێز بە پشتیوانی میللەت و بەشداری کردنی رەسەنانەی میدیا بۆ کورد راستەوخۆ خۆتانی بۆ تەرخان بکەن و نەسڵەمینەوە لەوەی موڵک و ماڵتان لەدەست ئەچێت یا ماندوو ئەبن ، ئەوەی ئێستا بەرێوەی دەبەن سیستمی دیموکراتی نییە نە خۆتان هەڵخەڵەتێنن نە خەڵکی ، پێش کات باوەرم هەیە کە گیروگرفتەکانی سیاسی ئابووری کێشە گرنگەکانی لە بابەت کەرکووک و نەوت و پێشمەرگەو حوکمەت و پەرلەمان و خزمەتگوزارییەکان و کێشەی نەتەوەیی هەمووی دێتە چارەسەرکردن گەر سیستەمەکەتان گۆری بۆ سیستەمی دەستووری وەک بەرێز نەوشیروان مستەفا ووتی ئەمەوێ چاکسازی لە حوکمەت و پەرلەماندا بکەم ، چاوەرێی هەوڵ و هیممەت و کۆششتانین ئەگینا کوردستان خۆشی بۆ کەس لێ بەدی ناکرێت تەنها چەند کەسێکی گەندەڵ نەبێ .

مامۆستا شێرکۆ
aminaskeri50@hotmail.com
2008 /10/14

## فەرمان ڕەوایەتی سەپاندنی حیزبایەتی و ڕابوردووی تێکۆشانی چەکداری و فەرمان ڕەوایەتی خەمخۆرانە و گوێ نەدان بەبەرژەوەندی "تاك ، حیزب ، تێکۆشانی چەکداری "

### 1

حیزبایەتی و تێکۆشانی چەکداری ئەرکێکە کەسانی دڵسۆز بۆ دوارۆژی چاکتری هاونیشتمانان خۆیان بۆ تەرخان کردووە ، کەناسنامەی هۆشیارترین و دڵسۆزترین و گیان لەسەر دەستیان پێ ئەدرێ .

بابزانین کەی ؟ لەکوێ ؟ چۆن ؟ ئەو دووفۆرمەی سەرەوە خۆیان دەر ئەخەن و لە چی یەوە سەر هەڵ ئەدەن و ئەنجامەکەیان بەچی کۆتایی دێت ، هاونیشتمانیان چۆن بای باڵی خۆیان دەدەن لەسایەیاندا ،کاری گەری هەر یەکەیان لەبەڕێوەبردن ،بەرەو پێش بردن ، دادو دادوەری ، زانست و زانیاری، پاراستن و بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی.

لێکدانەوەکەنابەمەوە بۆ ڕابوردووی دوور ، بۆیە باسەکە خۆی دەبەستێتەوە بە ڕوداوەکانی سەدەی بیستەمەوە پتر.

سەدەی دوو دۆزەخی مرۆڤ قڕکەر ، پێشێل کەری مافی مرۆڤ ، داهێنەرو ڕوخێنەر ، چێنەرو سووتێنەر ، بنیاتنەرو کاولکەر ، ئازادی و چەوسانەوە ، ڕزگاربوون و داگیرکران ، هاتنەکایەی دیکتاتۆران و ڕوخانیان ، لە ناو چونی ڕژێمی تزاری و مۆتەکەی عوسمانی و دیکتاتۆری فاشیستی و دیکتاتۆری سوشیالیستی ، سەرکەوتنی بەناو دیموکراسی ، دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی "مافی" مرۆڤ ، ڕێکخراوی کێشمەکێشی نەتەوەکان ، پێش کەوتنی تەکنەلۆژیا ( سەربازی ، پەیوەندی ، گواستنەوە ..هتد ) ، ئاسانکاری ژیان لە وولآتانی ڕۆژئاوایی و هەندێك وولآتی ئاسیایی ، لە هەمان کاتیشدا شەڕ و کوشتن بە تاك بەکۆمەڵ بەچەکی سووك یا کۆمەڵ کوژ ( کیمیایی ، بایەلۆژی ، ئەتۆمی ) لە بەرەو پێش چووندایەو هەڕەشە لە مان و نەمانی مرۆڤایەتی دەکات . نەخوێنەدەواری ، برسێتی ، نەخۆشییە درمەکان لە زۆر شوێنی ئەفریقاو ئاسیادا گەمارۆی سەدان ملیۆن دانیشتوانی داوە .

لەو دۆخە ئاڵۆزەی دنیادا ، لەو بێ دادو دادوەرییەدا ، لەو هەموو پیلانگێڕییەی زلهێزەکاندا ، لە ناو تۆڕی بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا ، لە ڕق و کیینەی داگیرکەرانی کوردستاندا ، کورد ئەکەوێتە کوێی ئاوڕدانەوەی خۆی یا دەرەکی ، چی بۆ خۆی کردووە ، چی یان بۆ کردووە ، چەند لە حیسابی دەوڵەتاندا دیارە ، ئاژانسەکان چۆنی لێ ئەدوێن ، لە دام و دەزگا نهێنییەکانی زلهێزەکاندا چ حیسابێکی بو دەکەن بە چاك یا خراپ لە بەرژەوەندییەکانیاندا هەر چەندە چاکیان هەر لە بەرژەوەندی خۆیانەوە ئەڕوانن لە ئاستی دووروو نزیکدا بریتییە لە نوچ دان و وابەستەیی مرۆڤایەتی .

### 2

**لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیەکورد نیشتەجێی ئەم شوێنەیە وەك مرۆڤ ، بۆچی تا ئێستا ژێردەستەیە؟**

**1** . بەتوانایی دراوسێ داگیرکەرەکانی ( فارس ، ئاشورییەکان ، گریکەکان پاشان عەرەب و تورکەکان ) و هەڵمەتبردنیان .

**2** . خێڵەکێتی و پێوەدیارنەبوونی شارستانی ( هەرچەندە شارستانی بوون مەرجی مانەوەنییە ، ئاشورییەکان کەمایەتی زۆرکەمیان ماوە ،گریکەکان دەوڵەتێکی بچوکیان هەیە ، مەکەدۆنییەکان لە دۆخێکدان کورد لە سەر خۆیەوە دڵی پێیان ئەسووتێ).

**3** . توانەوەی مۆرکی کوردانە لە ناو خەلافەتی ئیسلامیدا ، بەزۆر ، بەناچاری ، بەترس نانە دڵ پاشان ڕەگ داکوتانی ئایینی ئیسلام لە دڵی مرۆڤی کورد دا بە درێژایی خەلافەت ، کە بێگومان کاری لە بوارەکانی کۆمەڵی کوردەواری کرد شێوەی نووسینی گۆڕی بۆ پیتی عەرەبی کە شێوەی نووسینی ئاڤێستایی بوو ووشەی عەرەبی

خۆی خزانده زمانی کوردییەوە ، کورد بووە پەراوێز، بە گۆڕانی خەلافەت لە نێوان عەرەب و کەسایەتی فارس و مەگۆلی و سەلجوقی و پاشان عوسمانییەکان هەرکورد نەبوو بەهیچ (جگە لە سەلاحەددین ئەوەی بە بیریدا نەدەهات کورد و پاشایەتی یا فەرمان ڕەوایەتی کورد) بێگومان کورد لەو ناوەندەدا لەژێر کارلێکردنی کولتورو داب و نەرێتی ئەو پەلاماردەرانەدا خۆی بۆ ناپارێزرێ .

**4** . کەدەسەڵاتدارانی داگیرکەر خۆسەپێنەر بوون و ڕۆڵی دەرەکیان بووە لە نەخەملێین و لە سەر پێ نەوەستانی کورد ، خۆیشی هەنگاوی ئەوتۆی نەناوە ، خۆسەپێنەر نەبووە هەڵمەت بەر نەبووە دیارە توانای خەلافەتی بۆ نەرەخساوە وەك کورد هەرچەندە ئەیوبییەکان کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست مۆرکی موسوڵمانەتیان بەخۆوە گرت نەك کوردانە ، بۆ چاوتروکانێکیش بیریان لە کورد نەکردبۆوە دیارە ئەوەش هۆی ناوەکی خۆی هەیە.

**5** . لە مێژووی نزیکدا کورد هەندێك میرایەتی بە خۆوە دیوە زۆر بە زەبرو زەنگ و توندو تیژ نەبوون ، نەیان توانیوە لەرێی پەلامار یا ووتو وێژ پاشایەتی دروست بکەن ، نەشیان توانیوە بە جیا جیا بەرەنگاری پەلاماردەرانی دەرەکیش ببنەوە ، ئەو دەمەی نەتەوەکان خۆیان کۆ ئەکردەوە و بەهێز ئەکرد کورد هێشتا لە بیری خێڵەکیدا سەر مەست بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ژێر دوروشمی دیموکراسیدا هەر خێڵەکییە ، لە باوەڕ بوون بەعەولەمەو سشیالیزمدا هەرخێڵەکییە ، ئەو دەمەی شەرەفخان ئەی فەرموو کورد هەر لە شایەت ماندا یەکگرتووە هەر وەك خۆیەتی ، دەبا بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە ئەو بۆچوونە پوچەڵ بکەنەوە.

**6** . نەبوونی دەمارگیری نەتەوەیی ،هەڵنەکەوتنی کەسایەتییەکی بەزەبرو زەنگ و هوشیاری نەتەوەیی بتوانێ کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ، خۆزگە کەسێکی وەك بیسمارك لە کورد دا هەڵدەکەوت ئەوسا. ئەشێ کەسێ بڵێ ها ئەم کابرایە زۆر لایەنگری زەبرو زەنگە ، بەڵێ سەدەکانی ڕابوردوو وای دەویست، نەتەوەکان خەملێین دەوڵەتیان دروست کرد ، دەوڵەتێك نییە بە زەبرو زەنگ دروست نەکرابێ یا لە پشتییەوە نەبێ یا بۆ نەتەوەیەکی تریان دروست نەکردبێ. **کەواتە زەبروزەنگ ڕۆڵی کاری گەری بووە لە مێژوودا.**

گەزەنەفوون بە ویژدانەوە باس لە قارەمانێتی کورد ئەکات بەڵام بە خاوەن شارستانییەت و دەوڵەت و لەشکر کێشی ناونەبردوون .کە گریکەکان و مەکەدۆنییەکان و ڕۆمەکان و فارسەکان و ئاشورییەکان هەبوون کوردیش هەبوو بەڵگەی گەرەك نییە ، گەزەنەفوون و ئەسکەندەر پەلاماری کورد یان دا وەنەبێ لە وولاتێکی زۆر پان و بەرینەوە هاتبن ، مەکەدۆنیا هەر دووجا بەئەندازەی سلێمانی و دێهاتەکانییەتی ، گریگ بە ئەندازەی کوردستانی باکوور دەبێ ، بەڵام لەشکرەکەیان( 14 هەزار سوار بو 401 پێش زایین واتای پێشکەوتن ئەبەخشێ) لەوێزە بەدەر بوو **کوردەکانیش زۆر قارەمان بوون خۆبەدەستەوەدەر نەبوون .**

**7** . لەسەدەی ڕابوردووشدا بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی خۆی خزاندە ناو ڕۆشنبیرانی کوردەوەو تا ڕادەیەکی زۆر شکستی دا بە خەملێینی بیری نەتەوەیی ، باس کردنی نەتەوە نەنگی و کۆنەپەرستی و دەمارگیری و گێڕانەوەی مێژوو بۆ ڕابووردوو.

## 3

نەخەملێینی بیرو مۆرکی نەتەوەیی کورد زیانی گەورە ئەگەیەنێ بە چارەنووسی کورد ، چوار جێوەیەکی یاسایی نەداتە دەستەوە بڕیار لەسەر دوا ڕۆژی نەتەوەیی خۆی بدات و بەرهەڵستی دوژمنانی بکات وەك قەوارەیەکی نەتەوەیی .

لەگشت بەشە داگیرکراوەکاندا داگیرکەران شێوەی جۆراوجۆری پاکتاوی ڕەگەزیان بەکار هێنا.

ناو لێنانی کورد بە تورکی شاخاوی ، قەدەغەکردنی زمان و جل و بەرگی کوردی شێوەیەکی سایکۆلۆژی دوژمنکارانەی تورکانە ، کوردیش وەڵامی داونەتەوە بەدروست کردنی پارت و ڕاپەڕینی چەکداری شێخ سەعیدو شێخی نەهری و پ.ك.ك وەڵامدانەوەیەکی درووست بوو درووشمەکانیان سەربەخۆیی بوو بەڵام تێ نەپەڕی بۆ دیوی پارچەکانی تر .

تائیستاش ڕژێمی ئێرانی کورد بە بەشێك لەڕەگەزی فارس دادەنێ و کردویەتییە بیان و زۆر زووش کارامەیی خۆیان بەکار هێنا ، کوردی هەمەدانیان گوێزایەوە بۆ سنووری تورکمانستان و کردنیان بە چەپەر و لەم لاشەوە تورکیان لێ نیشتەجێ کرد ، ناوچەکانی ورمێ و خوی و نەغەدەیان تێکەڵ کرد بە تورك و ئازەر ناویان لێ نا ئازربایجانی شەرقی ، شارەکانی مهاباد و بۆکان و سەقز و بانەو سەردەشت و خانەیان ناو نا ئازربایجانی

غەربی ، ناوی کوردستانیان لە شاری سنە نا بۆ چەواشەکردنی کورد ، کرماشان و بیجاڕ و لوڕایەتی کێ ئەتوانێ بڵێ کورد نشینە ، دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری مهاباد نە وەك درووشم نە بەکردەوە خۆی و کوردی رزگار نەکرد لە بییری لکان و ئۆتۆنۆمی ،ماڵی چەپەکانیش ئاوابێ قوڕە کەیان خەست تر کرد بەگیانی خەباتی سەرتاسەری و نە خۆیان هیچیان کردو گیانی نەتەوەییشیان لاوازکرد.
هەش بەسەرمان ئەبێ حاڵمان چۆن بێ لەگەڵ "بەعسییەباشەکاندا" کە کوردیان پارچە پارچە کرد لەژێر ناوی 'الحزام العربی' دا ئەو هاونیشتمانییە بێ ناسنامەیە ، کامەیە باشییەکەیان خوام کرد بەگژتانا ، خۆ کەنداوی ئەسکەندەروونە لەنێوان عەرەب و تورك دا کورد زمانی بە بڕین ئەچێت باسی بکات ، کوردی داماوی سوریا هێشتا لە قۆناغی ئۆتۆنۆمیشدا نییە .
لە کوردستانی خواروو دا پاکتاوی ڕەگەزی گەیشتە تەخت کردنی لادێکان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرە ملێ بە نیازی تواندنەوەی لە هەنگاوی دواتر ، بە زۆر کردن بە بەعسی بە عەرەب ، شێواندنی هەستی خەڵك و کردنیان بە **جاش** بە بیانووی خۆ دزیینەوە لە شەڕی ئێران_عیراق و بێ کاری ، گرنگ کورد بە کورد بەکوشت دان و مراندنی گیانی نەتەوەیی وەك( شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان _عیراق و پارتی "شۆڕشگێڕی "کوردستان لەساڵەکانی 1966 تا 1970 بە فیتی حوکمەتی عیراق هەروەها شەڕە ناوخۆییەکانی نیوان پ.د.ك و ی.ن.ك کە گومانی تێدا نییە دەستی دوژمنانی تێدایە) . ئەمارەتی بابان و سۆران و شۆڕشی مەحموودی بێ مراد" بەدەستی ئینگلیزە خەمخۆرەکانی ئێستاوە" و شۆڕشی بارزان و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵسانی ئاغاکان کە جوتیارە کلۆڵەکانیان بە زۆر ڕاپێچەك کرد و دەربەندەکانیان پێ گرتن دژی **ریفۆرمە زەوییەکەی قاسم** دوای چەند ڕۆژێك بە تێك شکان بڵاوەیان لێ کرد و پاشان ناو نرا شۆڕسی ئەیلول ، 14 ساڵ ڕۆڵەی کورد گیان لەسەر دەست بوو بۆ ئۆتۆنۆمی کە گەیشتە ئەوەی سەر قوتکاتەوە کە خاوەنی 150 هەزار پێشمەرگەو 450 هەزار هێزی پشتگیری بوو سەردارانی عەولەمەی ئیستا هاوپەیمانانی ئەوسای شاو شۆڤینیستانی عەرەب ، شۆڕشی کوردیان نارد بۆ پشوودان گەر برێك گیانی نەتەوەیی هەبوو ئەویش کرایە قوربانی " هاوپەیمانانی " ئێستا . بەڵام دیار بوو نوزەیەك مابوو لەسەرەتای دروست بوونییەوە ئالای دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراسی پۆشی بوو بەرەیەکی پانیان بۆ ڕایەڵەکرد و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی ئەو نووزەیە بوونە مەشخەڵی هەمیشە داگیرساوی ، مەخابن درووشمەکە برِی نەکردوو جارێکی تر ئۆتۆنۆمی 'ڕاستەقینە ' خۆی قوت کردەوە ئەمجا ستارخانی و مراد خانی مافی چارەی خۆنووسینی کرابە بەریا (کەهەر لە زەمانی داهێنەرەکەی لینینەوە بە کورد ڕەوا نەبینرا چ بەوەڵام نەدانەوەی شێخ مەحموود کە پێشوازی کرد لە "شۆڕشی" ئۆکتۆبەر و هەروەها لە سێ کۆنگرەی گەلانی ڕۆژ هەڵات بە چیەش ناوی کوردیان نەهێنا بە مەرجێ نوێنەرانی کورد لەوێ بوون ) ، هەر لەو چوارچێوەیەدا گیری خوارد و ڕەگەپەرستانی ئەنفال بۆ لینگەو قووچ کردن و زڕاندنی ناوی ئەنفالیش دەستی چەپەڵی خۆیان وەشاند بەچەکی چەپەڵی "هاوپەیمانان" بەڕاستی بێژەر لە جێی خۆیدا دەڵێ :

**هەرچی مینای دڵەکان بوو هەڵیان وەران**
**ئەو هەمموو گۆزە جوانەیان شکاند**
**ئەو هەمموو کانی و ئاوەیان گوێزایەوە**
**هەرچی کەڵەکی ژنان و سەکۆی ئێوارانی بەرماڵان بوو**
**هەرچی قیبلە هەبوو قیبلەی نوێژو قیبلەی عیشق و قیبلەی شۆڕش**
**هەر هەموویانووردوو خاش کرد**
**کە هاتن مەوسمی گۆرانی و شەوقی ئەو هەموو ساڵەیان خستە چاڵێك ئاگرەوە**
**ئەو هەمموو دەرگایەیان لەسەر تەنیایی ڕووحەکان داخست**
**ئەو هەمموو خەونەیان بەسەر چڵێکی وەحشەتەوە جێهێشت**
**بەرسیلەکانی منالی چرۆکانی بەرائەتیان هەر بە سەوزی بۆ سەرەنوێڵك فرێدا**
**ئەوان هەر لە ئەزەلەوە هەروا بوون**
**جوانترین گەمەیان کوشتن ناسکترین ووشەیان خوێن بوو**
**ئەوان کەهاتن هەرچی ماڵی کچە عازەبەکان بوو ڕوخاندیان**
**هەرچی هێلانەی ئاوریشمی عیشق هەبوو سووتاندیان.( ١ )**

بەدەست خۆشی لە نووسەرو بێژەر ، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم کە خستمە ناواخنی ئەم باسەوە بێ ڕا وەرگرتنتان ، بە ڕاستی داهێنانە لە وەسفی ئەنفالی ڕەگەزپەرستان .
هەروەها کارتێکردنی کولتوری ونەڕێتی داگیرکەران نێگەتیڤانە کاری کردە کولتورو نەریتی کورد کە بیری نەتەوەیی لاواز دەکات و نەوە نوێکان ڕوو ئەکەنە کولتوری داگیرکەران بەو نیازەی فریشتەی وون بوویان لەوێ بدۆزنەوە ، نموونەیەکی زۆر بچوك کەس نرخی بۆ دانانێ 'لەکام مالّە عەرەب ، فارس ، تورك دا کاسێتێکی گۆرانی کوردی ئەبینی گە زۆر هونەر دۆستیش بێت'کێ لە داگیرکەران ئامادەن فێری کوردی ببێت " شنوللغە الکردیە ، کوردی جزاست از زبانی فارسی ، ترکیا دا کورد یوخت "کەواتە کولتورو بیری نەتەوەیی کەوتۆتە بەر شالاوی پاکتاوی ڕەگەزی بۆ ئەوەی کورد لە ڕیشەی بیری نەتەوەیی دا هەلّکێشن ، بەر پەرچ دانەوەیشی بە پێی ویستی نەتەوایەتی ئەنجام نەدراوە بۆیە
ئەبینین شێوەی خێلّەکی و تاك حیزبی و سەرۆك حیزبی بە درێژایی تەمەنە ، ناوەندێتی دیموکراسی کە هاوردەی پارتە کۆمۆنیستەکانە سەپێنراوە بەسەر لایەنگرانی هەر حیزبێکدا بگرە بەسەر تەواوی جەماوەری کورد کە ئەبێ مل کەچ بێت 'کاکە من حیزبی نیم 'کاکە چۆن ، جگە لەوەش ئەبینین سەرکردایەتی نابێ گۆڕانی بەسەردابێت لە باوو باپیران بۆی ماوەتەوە ئەبێ کوڕاو کوڕی وا بڕوا ، ئاخر دیکتاتۆرییەتی بە لەعنەتی پرۆلیتاریا چ دەردوو بەلاّیەکی بۆمان هێنالەوە لاتر چێت .
باروو دۆخی کوردستانی خوارو زۆر ئالّۆزە ، نەخەملّینی بیری نەتەوەییە بەو جۆرە دوولەتی کردووە ، بەرژەوەندییە تایبەتی و حیزبییەکان خراونەتە پێش بەرژەوەندی کوردەوە ، لەسەرکردە حیزبییەکانی هەر لایەك بپرسی بۆ برا ئەلّێ بەلای منیشەوە وایە ، ئەی خەتای کێ یە سەرسام دەبن و بێ وەلاّم . خۆ ئەگەر بە ڕاشکاوی بلّێی ئێوە هەردوو خەتاتانە دەلاکەون ، تۆ پیاوی گێرە شێوێنی سەر بەفلاّنی ، یا ئەوەندەی پێویستە بدوێ زۆری لەسەر مەڕۆ برا گەورە بە ڕۆژەکەی ناسکە . ئەمرۆش لە ئاژانسەکاندا مقۆمقۆی هاتنی "دیموکراسی" ڕۆژ ئاوایە چونکە تەخت و تاجیان دەشکێنێ و کۆششی هەرە گەورەیان سەقامگیرنەبوونی عێراقە لەبەر :

**یەك** ئەوانیش ئەبێ هەمان شێواز بگرنەبەر ،

**دوو** نەبادا کورد شتێکی دەست بکەوێ .

برایانی سەرکردەکانی ئێمەش یەك قسەن لەوێ موو بەبەینیاندا ناچێت سەد شوکر بۆ خوا، دەبەهەمان گوڕەوە گیروگرفتی ناو مالّی کورد یەك بخەن ، ڕێکی ناخەن بۆتانی لەت و پەت ئەکەن چونکە زۆر جاریان پێ ووتوون دەستتان خۆش بێت ئەزموونی فێدرالی چاکتان هەیە پێویستە خەلّکی عیراق کەلّکی لێ وەربگرێ چونکە " هاوپەیمانانی سایکس بیکۆ " ئەوەی خۆیان هەیانە یا باوەڕیان پێ یەتی هەر ئەوەیە،نموونەش تا خۆیان لەگەلّدا نەبوون هێشتیان پێشمەرگەیەکی کورد بچێتە شاری کەرکوکەوە . هەموو پلانێك بەکار ئەهێنن سوپای تورکیا بێتە ناو عیراقەوە ، کوردیان زۆر بەلاوە گرنگ نییە کە دەست بەرداری بوون کەس لێیان ناگرێ، لەسەر ئاستی دنیا کورد کار لە بازاڕ ناکات چونکە هیچ پرۆتۆکۆلێکی ئابوری لەسەر بنچینەی دەولّەتی نییە بۆیە کەس سەری خۆی پێوە ناهێشێنێ ، ئەوە خالّێکی زۆر گرنگی چارەنووس سازە پێکهێنەرێکی بنەڕەتی نەتەوەییە ، گرێدانی بازاڕی کوردستان بەبازاڕی جیهانی ئەبێتەهۆی سەقامگیر بوونی دۆخی کوردستان و ململانێی بازاڕی جیهان لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە بازاڕی کوردستاندا ، لە سەر ئاستی ناوچەییش هەموویان بۆ هاوپەیمانان مۆردەکەن کورد چەپۆکێکی وای پیا بدرێ جارێکی تر سەر بەرز نەکاتەوە .
چاوەڕوان کردن بۆ ئەوەی ڕووداوەکان پێش بڕیارەکان بکەوێت گەورەترین هەلّەیە ، ناشێ هەلەکان دووبارە بێتەوە ، سەددامی فاشی بێ ئەقلّی شێت یاری بە ئاگری نەوت کرد ،دیارە نەوت پەرستان ئەو یارییەیان پەسند نییەو تێگەیشتن نۆکەرەکەیان زیادە ڕەوی کردووە و ئەبێ لە بێخ دەر بهێنرێ ، بەلاّم کەی ؟ دوای ئەوەی لەگەلّ نۆکەرەکانی تریاندا بوو بە هاوبەرژەوەندی و دەستی کوشندەیان لە 11 سێپتەمبەردا وەشاند، "هاوپەیمانان" شارەزای سیاسەت نین گەر تەکنەلۆژیای سەربازی نەبێ هەمیشە دۆڕاون هەرچەندە ئێستاش زۆر براوە نین بۆیە پشت بەستن پێ یان گەورەترین هەلّەیە ، دیارە ئەو یارییە لە گەردنی خۆی ئالاّ هەلێکی باشی بۆ کورد ڕەخساند دۆخێکی نوێ بێتە ئاراوە و دروشمەکەشی گۆڕی بۆ فێدرالّی ، جا پێش ئەوەی فێدرالّییەکەی خۆیان بسەپێنن کە ئەزموونە لەتکراوەکەی ئێمەیە بۆمان ئامادە کردوون ، لەبیرمان نەچێت پەیمانی سەعد ئاباد و بەغداو جەزائیر بۆ کەولّکردنی کورد بووە زەمان گۆڕاوە بەلاّم بکەرانیان هەرماون

ئەگەر ڕوخسارییشیان گۆڕابێ ناخیان هەر وەك خۆیەتی .
جابۆ کورد
دەست هەڵگرن لە گوێ نەگرتن لە جەماوەرو ڕۆشنبیرانی کورد،
سیاسەتی تاك ڕەوی حیزبی بەلاوە نێن ،
حوکمەتی کوردستان بکەنە یەك و دەمڕاستی کوردستان بێت لە ووتوو وێژ دا لەگەڵ هەر لایەنێك
دەرەکی یا عیراقی ،
داموو دەزگاکانی کوردستان قۆرخ مەکەن بۆ حیزبایەتی ،
مەرج نییە ئەوەی ئێوە ئەیڵێن سەد لەسەد ڕاست بن ڕێ بدەن هەڵەو چەوتییەکان ڕاست بکرێنەوە
لەلایەن جەماوەرەوە ،
شارەزاو لێهاتوان بگرنە خۆتان ،
خوێندنگاکان ئازادبکەن با بۆ یەکجارەکی لە مۆتەکەی حیزبایەتی رزگاری بێت ،
سەندیکاکان هی جەماوەرە خۆیان بڕیار لە داخوازییەکانی خۆیان بدەن ،
بیروکراسی و گیانی خۆ ڕادان بەسەر جەماوەردا کۆتایی پی بهێنن ،
دادگا سەد لە سەد ئازاد بکەن ،
هەڵبژاردنی ئازاد یەکالا کردنەوەی کێ حوکمەتە دۆڕاو ئەبێ ڕازی بێت بە ئەنجام ،
ماوەی حوکمەت دیاری کراو بێت ،
دارایی حوکمەت هی هاوولاتیانە نەك حیزب ،
حیزبەکان بەرێگای خۆیان دارایی بۆ خۆیان دابین بکەن ،
بەتەنگەوە هاتنی دەرامەت و ژیانی هاوولاتیان و هەلی کاریان بۆ برەخسێندرێ ،
نەهێشتنی باندی چەکداری و پۆلیس ئەرکی تەواوی پاراستنی پێ بدرێ ،
"هاوپەیمانان"ناچنە خانەی براوە مامەڵەی داگیر کەریان لەگەڵدا بکرێت وەك خۆیان ئەڵێن و
هەمیشە بەچاوی گومانەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکرێت،
گیانی نەتەوەیی قووڵ بکرێتەوە تا کورد سازو ئامادە بێت بۆ ڕۆژی یەك لایی کردنەوە چونکە
بەرامبەرەکانمان هەمیشە لەپارێزدان کورد بە ئاواتی نەتەوەیی شاد نەبێت ،
هەوڵی هاندانی سیاسیانەی پارچەکانی دیکە بدرێ هاوئاهەنگ کورد بەیەکجار داوای سەربەخۆیی
ڕابگەیەنێ .

جائەوەی ئێستا لە کوردستاندا ئەگوزەرێ بریتییە لە سەپاندنی فەرمان ڕەوایەتی تاك و تاك حیزبی و گیانی نا دیموکراسی بەسەر ئەو گەلەی هەزاران ساڵە چاوەڕوانی ئازادی و دیموکراسی و دادو دادپەروەری و خەمخۆری یە .

مامۆستا شێرکۆ
11 ئۆکتۆبەر 2003

( ١ ) هۆنراوەکە لە نوسینی شاعیر جمال غەمبار بەدەنگی عادل عزیز

## قسەیەک بۆ کورد

من نە سیاسەت زانو دەرچووی کۆلیجی سیاسەتم ، نە ئەفسەری سەربازی و دەرچووی کۆلیژی سەربازیم ، تەنها کوردم و سەردەمانێک لە ڕکخراوێکی سیاسیدا کارم کردوە و چەند سالێکیش پێشمەرگە بوومە و پرێک تێگەیشتن و دید و بۆچوون دەربارەی نەتەوەکەمم لا درووست بووە باش یا خراپ تەواو یا کرچوو کاڵ ، ئەم دواندنەتان پێشکەش دەکەم بە هیوام کەڵکی نەتەوەیی هەبێت.

### شەڕ و شۆڕش ، میرایەتی و خێڵەکێتی و نەتەوە ، کۆمەڵ و حیزب و سازدان و ئامادەکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات یا گەیاندنی نەتەوەیەکی بێ وڵات بۆ وڵاتداری

**شەڕ** دۆخێکی نەخوازراوی کارەسات بارە ئەنجامەکانی بە خراپ ئەشکێتەوە بەسەر هەردوو لای شەڕکەرانیدا لە هەموو ڕووەکانی ئابووری دەروونی و جەستەیی مرۆییەوە ، زۆری ئەوێت تا قەرەبووی هەموو زیان لێکەوتوان بکرێتەوە لەسەر ئەستۆی زۆربەی مرۆکان کە ئەشێ بەو شەڕە قایل نەبووبن و بەسەریاندا سەپێندرا بێت ، یا خود بۆ بێگانە ئەنجام درا بێت، هەروەها شەڕ پتر بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان هەڵدەگیرسێت وەک ململانێی میرایەتی و خێڵەکی و کودەتا و دەسەڵات گرتنە دەست لە لایەن حیزبێکەوە تاکڕەوانە هەروەها دۆزینەوەی بازاڕ و داگیر کاری دەوڵەتێک بۆ سەر دەوڵەتانی ترو بردنی خێر و بێری وڵاتان ، لە دۆخی شەڕدا شتێک نییە بە ناوی دادپەروەری و ڕەواداری و بەتەنگەوە هاتنی مرۆڤ و مافەکانی واتە شەڕ دێوەزمەیەکە بەرۆکی مرۆڤ دەگرێ بە پێی ویستی شەڕخواز و دەبێت نەفرەت لە شەڕ بکرێت، لە مێژووی شەڕدا کەسانێک هەڵکەوتوون ئاراستەی شەڕیان گۆڕیوە بۆ ئامانجی نەتەوەیی بەڵام لە کۆتاشدا هەر لە شەڕخوازییەکەی بەردەوام بووە ، لەوانە **جەنگیزخان** و **بیسمارک** بۆنموونە بوونە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتی **مەنگۆلیا** و یەکخستنەوەی **جێرمەنی** لە وڵاتێکی یەکگرتوودا، لەشکرەکانیان خستە شەڕێکی شەڕنگێزی زۆر گەورەوە ، مەنگۆلەکان شەڕی داگیرکاری و کاولکاریان گەیاندە حەڵەب و بەوەش تێکشکانی خۆیان بەدەستی خۆیان ئەنجامدا ، هەروەها جێرمانەکان لە دووشەڕی کاولکاری جیهانیدا چ کارەساتێکیان بەسەر جێرمان و وڵاتاندا هێناو لە هەردوو شەڕەکەدا شکستی خۆیان بەدەستی خۆیان تۆمارکرد.

لە مێژووی نوسراوی کورد دا نەمان خوێندەوە یا دەماودەم نەگێردراوەتەوە هەڵکەوتوویەکی کورد ویستبێتی بە شەڕ یا هەر ڕێگایەکی تری دانووستان کوردی یەکخستبێ لە قەوارەی نەتەوەییدا کە ئەوە ئەرکی پێشینانی کورد بووە بیکەن و وڵات و نەتەوەیەکی یەکگرتوو ببەخشنە نەوەی ئایندەیان، بە کوردی شەڕو شۆڕی ناو کوردان تا ئێستا خێرو بێری بۆ کورد نەبووەو زۆر جاریش لە خزمەتی داگیرکەراندا بووە ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ یا هەر بۆ ئەوان بووە .

**شۆڕش** ئەرستۆ دەڵێت : شۆڕش گۆڕینی دەستوورە بۆ دەستوورێکی تر یا هەموار کردنەوەی ئەو دەستوورەی هەیە .

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شۆڕش بەو کردەیە ناوبراوە کە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ دەگۆڕێت بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی ، گۆڕین لە هەموو بارەکانی کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی ئەنجام دەدات بە پێی ئایدیۆلۆجیای باوی شوێنی بەرپا بوونی شۆڕش ، لە

شۆڕشە بەناو بانگەکان وەک شۆڕشی فەرەنسا ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، شۆڕشی ئەمەریکا .

لێرەدا قسەکە بۆ کورد ئایا شۆڕشی کردووە و ئامادەکارییان هەبووە بۆ هەڵگیرساندنی و بەرچاو ڕوونی هەبووە لە ستراتیژی سیاسی و سەربازی و ئامانج لێی سەربەخۆیی بووە یا لە هەندێ درووشمی کەمینەیی ناو وڵاتێکی داگیرکار تێپەڕی نەکردووە و کێ و کام جۆرە حیزب و ڕێکخراو بەکاری شۆڕشگێڕانە هەڵساون ، جگە لە کۆماری مهاباد کە ڕاگەیاندنی ڕەوای هەست و نەستی کورد بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەکی بەرتەسکی وەک شاری سابڵاخ و دەورووبەری و پەلی نەهاویشت بۆ شارەکانی تر بەڵام بەرپەرچ دانەوەی دەسەڵات و دەستووری حوکمی شاهانەی ئێران بوو تێکشانەکەشی ئاکامی بێتوانایی سەربازی و ئابووری نەتەوەیی نەبوونی کۆمارەکە بوو قەتیس بووبوو لەشارێکدا.

" شۆڕشی " ئەیلول لە ڕاستیدا بەرپەرچ دانەوەیەکی چەکدارانەی دەرەبەگی کوردستان بوو دژی " یاسای چارەسەری کشتووکاڵ " بەشکستی خۆیان کۆتایی هات و پاشان مۆری شۆڕشیان پێوەنا و چەند بنکەیەکیان بۆ داناو لە یەکەم پەلاماری ڕژێمدا ناچار بە پاشەکشە هاتن و نەیانتوانی بەرگری لە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری بکەن و سووتێندران لە لایەن سوپای ڕژێمەوە و خەڵکێکی زۆریش بەدیل گیران لە لایەن " حرص قومی " بەعسییەکانەوە ، ئەم "شۆڕشە" هەر لەسەرەتاوە داخوازییەکانی لە حوکمی لامەرکەزی تێپەرنەکرد پاشان بووە حوکمی زاتی و سەربەخۆیی نە لە ڕیزەکانی پارتی نە پێشمەرگەش ڕەنگدانەوەیەکی نەبوو بۆیە هەمیشە کوردستانیان هەر چاویان لە وتوو وێژ بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، لەهەموو سەرزەمینی کوردستاندا ئامادەکارییەکی ئەوتۆ بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ئارادا نەبووە نە لە ڕووی خۆیەکی و نە لەڕووی دەرەکی ، کورد تا ئەم ساتە وەختەش نەیتوانیوەلە هیچ پارچەیەکی داگیرکراودا یا بەگشتی وەک نەتەوە یەکگرتووبن لە ستراتیژی سیاسی و سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەری نەتەوەیی ، لەسەر ئاستی پارچەیەکی کوردستانیش کوردهاو ئاهەنگ و یەکگرتوو نین لەبەر پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان .

هەردووک " شۆڕشی " ئەیلول و نوێ نەیان توانی خۆیان ڕابگرن لە بەردەم پیلان وپەلاماری داگیرکاران یەکەمیان بە ئاشبەتاڵ و ئەمی تریان بە ڕاونان بۆ باوەشی داگیر کەرێکی تر لە هەردوو دۆخەکەشدا خواست و ویستی خەڵکی قارەمانی کوردستان نەبووە ، پێشمەرگە خوازیاری ئەو شکستانە نەبوونەو تاوانەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابەرانی هەر دوو شکستەکە ، نەیان توانیوە بەرەو سەرکەوتنی بەرن .

**میرایەتی** کورد شانازی بە میرایەتییەکانییەوە دەکات وەک ئەردەڵانییەکان و بابانەکان پاشایەتی سۆران ، هەر لە قۆناخی سەرهەڵدانیانەوە مردن هیچێکێ وەک میراتی یەکگرتنی نەتەوەیی بەجێ نەهێشت ، نە لەڕێگای شەڕوو شۆڕەوە نە لە ڕێگای ئاشتیشەو دوو بەردیان نەخستە سەر یەک بۆنی یەکگرتنی نەتەوەیی لێبێت هەر وەک ئێستای پارتی و یەکێتی کە بەرژەوەندییە کەسی وبنەماڵەییەکانیان وایان کردووە کورد نەگاتە مەبەستی یەکگرتن .

**خێڵ** شانازی بە خێڵەوە کردن و هەڵگرتنی نازناوی خێڵ بۆ پشت ئەستووری خۆرادان و گەورەیی کەسایەتی و چاوسوورکردنەوە چەسپاندنی پایەی هیچ لەبارا نەبوانەی کۆمەڵایەتیە و پڕ پرەی تێکشکاندنی یەکگرتنی نەتەوەییە و لەسەر بنەمای گەورەیی کەسێک و بچووکی ئەندامانی خێڵ

داڕێژراوەو ناگاتە سنووری نەتەوەیی بەڵکو دژییەتی و هەوڵیش دەدات ببێتە کۆسپ لە ڕێیی نەتەوەدا.

**نەتەوە** کورد نەتەوەیەکی پارچەکراو لە خاك زمانێکی پەرت لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و نا کوڵەک لە هەمە زاراوەیی ، نەتەوەیەک لە ژێر کاریگەری بەرنامەی پەروەردەیی بەغداو تاران و ئەنقەرە و دیمەشق دا نەوەکانی زمانیان دەپژێو و فێری هەرچی کەڵچەری ئەوانە دەکرێن ئێستا لە باشووردا قوتابخانەی وڵاتانی داگیرکەروو بێگانەش خەریکن جێ لێژ دەکەن بەو بەرنامەو پەروەردە پینەکراوەی هەرێمی باشوری کوردستان ، نەتەوەیەک دەوڵەمەندەکانی بە ئاستەمیش بیر لە سنووری نەتەوەیی ناکەنەوە بۆ بەدی هێنانی بازاڕێکی نەتەوەیی و داهێنانی پیشەسازی خۆماڵی و دەرکەوتنیان لە بازاڕی نێو دەوڵەتیداو کاری گەریان هەبێت لەسەر کەم کردنەوەی سەنگی دراوسێ داگیر کەرەکان لەسەر بازاڕی کوردستان ، دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکان لە بریکاری دەوڵەمەندەکانی نەتەوەکانی سەردەست تێناپەڕن و متمانەی نەتەوییان پێناکرێت و هەمیشە دۆست و یاری حوکمەتە داگیرکەرەکانن و خوانەکانیان بۆ ئەوان ڕازاندراوەتەوە ، ئەوەندە کۆیلەی پارەن بۆیە بەرهەمە کانیان گەر هەبێت عەرەبێندراون یا فارسێندراون یا تورکێندراون و لە ڕیکلامە بازرگانییەکانیاندا ئەوەندە مۆرکی کوردی پێوە دیارنییە ، کاری قاچاخ و جۆری خراپ و بەکار بردنی دەستی کاری بێگانەو بەعەرەب و فارس و تورک کردنی کەلتووری کورد یەکێکە لە کردەوە دزیوەکانیان و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر کەلتووری کورد ، دەوڵەمەندانی تا ئێستا لەسایەی دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات هەڵس و کەوت دەکەن و گیانی نەتەوەییان تییادا چوزەرەی نەکردووە تا مشووری سنووری بخۆن و نەوەی نەتەوەیی درووست بێت ، چۆن ڕەگەز پەرستان بەگوێیاندا چرپاندووە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد کفرو جوداخوازی و ئاژاوە گێڕی و یاخی بوونە لەو پێست و بیرکردنەوەیە نەهاتوونەتە دەرەوە و نەوەکانیشیان بە هەمان ڕێچکەدا دەبەن .

**کۆمەڵ و حیزب و سازدان وئامادەکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات یا گەیاندنی نەتەوەیەکی بێ وڵات بۆ وڵاتداری**

وەک هەموو کۆمەڵانی نێو نەتەوەیی کوردێش دابەشی چین و توێژەکانەو چەوساندنەوە نەتەوەییەکەشی سەربارە کە بووەتە هۆی نەخەملین و پێنەگەیینی کورد بوونی تا ئاستی هەموو شتێک لەپێناو نەتەوەدا بێت و پێگەییێک خوێن ڕشتنی کورد بە دەستی کورد ناڕەوا بێ و بچێتە خانەی تاوانە گەورەکانەوە کە خاڵی بنچینەیی سنووری نەتەوەیی کوردبوون سەرکەوتنی بەدوادا دێت ، کۆمەڵی کوردەواری تا سەرئەژنۆ ڕۆچوو ملکەچ پێکراو و چەوساوە تەنگاوکراو بەتەوقی بیری کۆنەپەرستی و مێردەزمەکانی خێڵ و بنەماڵەو چاو لە داگیرکەروو بێگانە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک حیزب سواری سەری بووە و خۆی بەمیراتگری نەتەوە دەزانی و بڕیاری شەڕوو شۆڕ و بوون ونەبوون و یاساو بێ یاسایی و داد و بێدادیان بەسەردا ئەسەپێنی لەژێر ناو نیشانی ڕابەرو ڕابەرایەتی ئەو حیزبانە تا ئێستاش لە بەرز کردنەوەی درووشمیاندا نەگەیشتوونەتە بوێری بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان هەلی باشیشیان بۆ ڕەخساوە پتر ئەمباسە کوردستانی باشوور دەگرێتەوە ، دروشمەکانیش بریتی بوون لە ( لا مەرکەزی ، حوکمی زاتی ، فیدراڵی ) وتمان لەبەر ئاڵۆزی کێشەی نەتەوایەتی و فرەڕەگەزی داگیر کەرو دەوڵەتەکانیان و بە هێزیان وا خواستراوە ئەو درووشمانە بەرز بکرێتەوە بەڕووی داگیر کەردا ، پرسیارێک ئایا لامەرکەزی و ئەوانی تر ئەیهێنا بەسەدان هەزاری بۆ بەکوشت بدەیت ئەیهێنا شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدانی بۆ بکەیت

لەژێرنازناوەکەی تاڵەبانی و بارزانیدا دووبارە کردنەوەی مێژووی بابانەکانی سەردەمی قاجاری و عوسمانییەکان کە تا ئێستاش بەردەوامەو درێژەشی دەبێت تا یەکێتی نەتەوەیی باڵ بەسەر دۆخەکەدا نەکێشێ و لەشکرێکی نەتەوەیی درووست نەبێت .

حیزب گەلێکمان هەیە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی کەمایەتییەکی کەمی دانیشتوانی کوردستان دەکەن و خۆیان لە پریاری بنەماڵەییدا قەتیس کردووە و لەپارێزی یەکترن بۆ جێ لێژ کردنی سەربازی و بە کوشتدانی ڕۆڵەی خەڵک بۆ مەبەستی هەتا هەتایی دەست بەسەردا گرتنی دەسەڵات و بە کۆیلەکردنی خەڵک و یاری پێکردنی لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ، ***ڕاهێنانی خەڵک لەسەر ژیان بێ ئەوان بوونی نییە تێری و برسێتی بەدەست ئەوانە ئەو یاسایە درووستە ئەوان بپارێزێ خێرو بێری وڵات بەدەست ئەوانە هەرزانی و گرانی لای ئەوانە چکە چکەی پاشماوەی ئەوان ئەبێ خەڵک پێی ڕازی بێت*** ، بیرکردنەوەی سەرانی ئەو حیزبانە لە جوخزی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێپەڕناکات جا سەیر لەوەدایە کوڵەکن و ناکوڵەکیشن لەگەڵ یەکدا بە پێی هەڵکشان و داکشانی بەرژەوەندییەکانیان ، شەڕی ڕاگەیاندن دژی یەکدی و سەرۆک و جێگری سەرۆک مێشیش میوانیان نییەو تەباو بێ گیروو گرفت ، بوونیان لە دەسەڵاتدا گرنگی و بەرژەوەندی تایبەتی بەڕی کردنە نەک خەمخواردنی نەتەوەکەیان ، کوردستانی باشوور کوانێکی داگیرساوو دەمێک خەفەکراو کوژانەوەی ئەو کوانووە کاریگەری زۆر خراپ ئەخاتە سەر پارچەکانی تری کوردستان هەموو تێکۆشانەکەی ئەهێنێتەوە سەر خاڵی سەرەتاو قوربانی دانەکانی بەفیڕۆ دەڕوات و ئێستای لە هەموو ساتەکانی جێی سەرنج و هەڵوەستەکردنەو لێکدانەوەو تێڕوانینی گەرەکە ، شەڕێک بەرۆکی پێگرتووە و داگیرکەرانی کوردستانیش بە نهێنیش بێت هاو ئاهەنگن لەگەڵ ئەو تاقمە دڕندەو ڕەگەز پەرست و خوێنڕێژانەدا و بنکۆڵکردنی ئەو هەرێمە نیمچە ئازادە ئامانجی سەرەکییانە ، گەر حوکمەتی هەرێم بە سەرۆکی هەرێم ئەنجوومەنی وەزیران وەزیرەکانی و پەرلەمانەکەیی و حیزبەکانیان هەموو گرفتەکان چارەسەر نەکەن و ئامانجی نەتەوەیی خاڵی سەرەکی و بنچینەیی نەبێت ناتوانن زاڵ بن بەسەر مەرج و خواستی داگیرکەرانی کوردستان ، بۆیە ئامانجە حیزبییەکان ئەبێ سەر دابنەوێنن لەبەردەم ئامانجە نەتەوەییەکان و ژیانی دیموکراسی و دادپەروەری لە بەڕیوە بردنی هەرێمدا ئاکامی سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە و چی زووترە دەستووری کوردستان هەموار بکرێت بەپێێ ویستی جێبەجێ کردنی دادپەروەری لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانیان ، بۆ ڕاست جێبەجێ کردنی دەستوور پێویستە سوپای کوردستان سوپایەکی ناحیزبی هەبێت دەزگای هەواڵگری و ئاسایش بە هەمان شێوە نا حیزبی بن تا کەسێک یا لایەنێک یا حیزبێک بەکاری نەهێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی ، ئەوەدەمە هەڵبژاردن دەقی خۆی وەردەگرێت و حوکمڕانی لەسەر بنچینەی کێ براوەیە و ئەتوانێ خزمەتی زۆرتر بە کۆمەڵانی خەڵک بکات و سوپاو دەزگای هەواڵگری و ئاسایش هێڵی سوورە بقەیە نابێت دەستی بۆبەرێ و بیخاتە خزمەتی خۆیەوە ئەوسا ئەوەی لە هەگبەکەیدایە هەڵی ڕشت ئەبێتە سەنگی مەحەک لە باشی و خراپی حوکمڕانییەکەیدا . لەمەو بەر وەک بۆچوونیک لە پەڕەی فەیسبووکی خۆم نووسییم ئەگەر **ببم بەسەرۆک چی دەکەم؟**

***(حوکمی بنەماڵە ناهێڵم ، پارە بە حیزبەکان نادەم ، هێزی پاراستنی کوردستان درووست دەکەم هەرچی مێلێشیای حیزبە هەڵی دەوەشێنمەوە ، یەک ئاسایش و هەواڵگری درووست دەکەم بۆ پاراستنی سەروو ماڵی هاوڵاتیان ، ڕۆژنامەنوس وا***

***ئازاد دەکەم پەنجە بە چاوی خۆمدا بکەن لە هەر هەڵەو نادادییەکدا ، هەرچی بیانییە ئەیان نێرمەوە وڵاتی خۆیان ، پەرە بە کشتووکاڵ و پیشەسازی دەدەم بۆ ئەوەی ناردەم هەبێت نەک هاوردە ، سنوورە دەستکردەکەم واڵا دەکەم لەبەردەم هەموو کوردی پارچەکانی تردا ، جیرانەکانی کوردستان وەک داگیرکەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم ، ئەوەندە نەوت دەردەهێنم پێویست بێت ، سووتەمەنی بەکەمترین نرخی بازاڕی دنیا بێت بۆ کوردستانیان ، ئەوەی ناداد پەروەری بکات سزا بدرێت گەر دادگا ناداد بوو لە پێش هەمواندا سزا بدرێت ، کە بووم بەسەرۆک ئەوسا فراوانتریش بیری لێدەکەمەوە ، هەموو تاکی کورد خاوەنی ئەم وڵاتەیە هەرە هوشیارەکانی ئەرکی زیاتریان لەسەرشانەو ئەبێ خەمخۆرترین پێش هەموو کەس ماندوو پاش هەموو تێر ، بەڵێنیش دەدەم و سوێند دەخۆم بە هەموو پیرۆزییە جۆربەجۆرەکانی تاکی کورد باوەڕی پێیەتی بە گیرفانی بەتاڵ بچم بە گیرفانی بەتاڵیش دەرچم لەماوەی دیاری کراوی خۆیدا ، پێشم وایە سەرۆکی کورد ئەوە ئەرکەکانێتی بۆ ئەوەی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیە بگاتە ئامانجی خۆی.)***

ئەوەی جێی داخ و نەزانینە سەرانی کورد هەمیشە رۆڵەی کورد بە گیانی پشت بەستن بە بێگانە ڕادەهێنێت و پێش وەختە بیر لە تەنگانەکان ناکاتەوە لە بستە ئاوێکدا مەلەش دەکات و دەشخنکێت ، کە بێگانەش ڕەنگی سەوزی بۆ هەڵکرد ئەکەوێتە خۆ هەڵکێشان و لێشی تەوەلا بوون لووت شۆڕ دەکەن و مل کەچی هەموو شتێک دەبن یا هەڵدێن و خەڵکیش لەگەڵ خۆیاندا ورە دەڕووخێنن ، یا ئەوەتا هەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان مەبەستە یا درک ناکەن بەوەی پەروەردەی نەتەوەیی و ڕاهێنانی خەڵک لەسەر بەکژا چوونەوەی دوژمنان و سەختییەکانی خەبات و تێکۆشان و گرنگی نەدانیان بە مەشقی سەربازی قورس لە هەر جێیەک بێت بە سادەترین چەکێک کە هەیانە ، کە لێیان دەقەومێ بیانوویان ئەوەیە هاوسەنگی چەک  بەلای ئەواندا نییەو پێویستییان بە جۆری چەکی قورس و کاریگەرە ، ئەی کەوا دەزانن بۆ بەهاشەو هووشە دنیا پردەکەن شۆڕشتان هەڵگیرساندووە ، شۆڕش پیاوی شۆڕشگێڕی دەوێت ئامادەیی هۆشی و کارامەیی لە بەرەنگار بوونەوەدا هەبێت ، بۆ خۆش بەختیتان سەرکردە بەزۆر خۆسەپێنەرەکان ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆڕسکانە ئامادەی گیان بەخشێنن بۆ کوردستان بچوکترین مافەکانیان دەرامەتی ژیان و پاراستنی خێزانەکانیان و تاڕادەی ئەوەی چەک و فیشەکیش لەسەر خۆیەتی و خاوەن ورەی پۆڵایینن ، کەم و کووڕی ئەوان بریتییە لە نەبوونی ستراتیجی سیاسی و تاکتیکی سەربازییە کە لە ئەستۆی بەڕێزتانە بۆیان داڕێژن ئێوەش لەبەر سیستەمێکی حوکمڕانی گەندەڵ بە گورگان خواردیان دەدەن لە دوا ئەنجامدا سەرەوخوار دەبنەوە بۆ بەغدا دڵی خۆتان و خەڵکیش بە وەرگرتنی هەندێ پایەو پلە خۆشدەکەن و ئەشی بەکەمتریش لەوەی جاران ڕازی ببن ، بە ئاگا بێنەوە بردنی نەتەوە بەرەو شکست خۆتانن شکست دەخۆن و لە دواڕۆژدا **میرابۆ** ئاسا ئێسک و پروسکتان لە گۆڕ دەردەهێننەوەو فڕێتان دەدەن ، کڕینەوەی ئاپروو زۆر ئاسانە و سەربەرزییە هەر یەکێک لە ئێوە کە ناتوانن کاروانی تێکۆشانی نەتەوە بگەیەننە ئامانج داوای لێبووردن بکەن و لە ماڵی خۆتان دابنیشن و سبەی ڕۆژێ نەوەکانی کورد چاکتان بڵێن و لە ڕیزی پیاو باشاندا هەژمارتان بکەن

ئەگەر ئێمەی باشوور بتوانین یەکڕیزی ناوماڵی خۆمان بپارێزین و خوێن ڕشتنی کورد بەدەستی کورد حەرام بکەین دڵنیام هەموو کورد دەستەکەنە ناو دەستی یەک و سەربەخۆیی بەدەست

دەهێنین ، ئێمە لە قۆناخێکی زۆر لە دواوەی مێژووین لەسەروو هەموویانەوە نەمان توانیوە بگەینە قۆناغی نەتەوەیی بوون واتە کوردبوون و کەلتووری دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە لە ناخماندایە و ئەبێ وردی بکەین ، بۆیە داخوازیم ئەوەیە حوکمەتی هەرێم و پەرلەمان بە یاسایەک بڕیار بدات هەموو ڕۆژێ سەعات ٨ بەیانی هەموو کەسێ هەستێتە سەرپێ دەست بەسنگەوە بگرێت بۆئاڵای کوردستان بە پارچە مۆسیقای نیشتمانی بۆ ماوەی ٢ خولەک ، هەر سەرکەوتووبن .

مامۆستا شێرکۆ ٢٠١٤/٩/٧

# قەڵەم

**ئەفسۆس قەڵەم خەڵتانی خوێنە**
**تاسنوری خزمێنەو خێڵ تێ ئەپەڕێنێ**
**تا ستەم لێکراو ستەم ئەڕوخێنێ**
**تا خوێندەواری دەستی کوێر ئەگرێ**
**تا شارستانی دوایی بە پاشا گەردانی دێنێ**
**تا خۆشەویستی کۆتایی بە دەمامک دێنێ**
**تا داد نادادپەروەری هەڵدەتەکێنێ**

مامۆستا **شێرکۆ**

**٢٠١٣/١٢/١٢**

چاکتر وایە بووتریێ سازان لە کابینەو سازان لە گۆران، زۆربەداخەوە سبەی وەک هەر میدیایەکی تری کابینە سازانەکەی هەرێم سانسۆری لەسەر راو بۆچوون هەیە ، هەندێ جار بۆ روون کردنەوەی باس ئەبێ ناو بهێنرێ منیش لەگەڵ ووشەی ساردو سوک نیم ،بۆیە ئەمجارەش وەک دوانگەکەی پێش و پەنادەبەمەوە بەر ناو هێنانی کابینە سازاوەکەی تاڵەبانی و بارزانی ، برایانی سبەی گەر راشکاوانە پەنجە نەخرێتە سەر سەرچاوەی گیروو گرفتەکە چۆن ئەتوانین روونکردنەوەکانمان مەبەستەکە بپێکێ و هەوڵەکان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و دۆزینەوەی چارەسەر، حوکمەتی هەرێم ووشەیەکی نادرووستەو لە جێگای خۆی بەکار نایات، تا ئێستاش سنوورێکی دیاری کراو هەیە لە نێوان ناوچەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کەواتە بەرێوە بەرایەتی هەولێرو سلێمانی ووشەی پر بە پێستە،گەرانەوەیەکی تەواوی دۆخی میرایەتییەکانی پێشووە، خۆ دانووساندنە بۆ هەڵێک یەکیان سەری ئەوی تریان بخوات یا ئەم چۆرە ئازادییە بکرێتەوەبە ملکەچی سەر ئەنجامی نەسازیان لەدوا رۆژداو جارێکی تر دەستی داگیرکەر بگرنەوە، هەندێک بنەماهەیە تاڵە بەڵام راستەو گەلەکەمانی ئەبێ پێ ئامادە بکرێت، دیموکراسی ململانێی راستەقینەی ئاشتیانەی ناو کۆمەڵە، ئەڵێم ئەگەر بە راستی تاڵەبانی و بارزانی ویستویانەو ئەیانەوێ خزمەتی کورد بکەن ئەبێ مل کەچی یاسا بن ئەوسا یاسا بسەپێنن بەسەر کۆمەڵدا ، با هەڵبژاردنی راستەو خۆ لە لادێ و شارۆچکەو شارەکانەوە ئەنجام بدەن دیارە بۆ ئەم کارە هەر حیزبە پاڵێوراوی خۆی دیاری ئەکات ، ئیتر حیزب تا ئێرە خۆی هەڵئەقورتێنێ ئەنجامی هەڵبژاردن کێ براوە بوو حوکمرانی ئەکات پاشان بەر پرسیار ئەبێ لە جێبەجێ کردنی ئەرک و فرمانەکانی و لە سەریەتی کاری باش ئەنجام بدات بۆ کۆمەڵ و مل کەچی لێ پرسینەوە بێت لە خراپ بە کار هێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەوە راستییە تاڵەکەیە، فیفتی فیفتی و تەوافوق لەسەر زمانی سەرکردە کۆیلەکانی بیری خێڵایەتی و کوێخایەتی و بەتەنگەوە نەهاتووی کورد گشتی چاوبەستەکێ کردنە داهێزاندنی ووزەو توانای کۆمەڵەو برەو دانی گیانی کرووزانەوەو دەستەو ئەژنۆ و داماوی کردنە تا کەس توانای بەرەنگار بوونەوەی نەمێنێ و ببێتە کۆیلە، جا کە "حوکمەتی" هەولێر و سلێمانی لە وەزارەتە گرنگە کاندا نەبووبن بە یەک بۆ خۆیان و کۆمەڵ هەڵ ئەخەڵەتێنن کامەیە گۆرانەکە سەد مەخابن بۆ ئەو کەسانەی لە رۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگانەدا ژیانیان بردۆتەسەر بەو جۆرە حوکمرانییەتە رازین .

٢٠٠٨/٣/٩

دەبێت پەیوەندییەکە رێک بخرێت لەسەر بنچینەی ئەو برگانەی هەیە لە دەستووری عیراقدا کە عیراق دەوڵەتێکی فێدرالییە ، دیارە هەردوو بەشی کوردی عەرەبی ئەبێ پابەندی دەستووربن کەدەوڵەتی" فێدراڵیمان "هەبێت هەردوولامان خاوەن مافین، پرسیارەکە لەوەدایە تا چ رادەیەک حوکمرتی عیراق باوەری بە مافی ئێمە هەیە ، پێم وایە حوکمەتی عیراق بە سوننەو شیعەوە هەر کفن دزەکەی جارانن تا ئاو بە دوای بێڵیاندا بێت مل نادەن بۆ داننان بە مافەکانی ئێمەدا، ئەوەی ئێستا هەمانە لەسەردەمی دیکتاتۆردا هەمان بوو ئەمان هیچیان بۆ ئێمە نەخستۆتە سەر بەڵکو لە هەوڵدان بۆ پوچەڵ کردنەوەی و هەمان داپڵۆسین و داگیرکردن لە ئارادا بێت و حوکمرانی خۆیان وەک عەرەبی نەتەوەی سەر دەست بسەپێنن و هەر باوەریشیان بە دەوڵەتی فیدراڵی هەر نییە، حوکمەتی هەرێمیش قەیرانەکانی ئەوەندە زۆرن ناپەرژێتە چارەسەرکردن ، هەر چەندە حوکمەتی هەرێم ئەم قەیرانەی زۆر لە کێشەکانی ناوخۆ بەلاوە گرنگ ترە من ناڵێم گرنگ نییە هۆکەشی مەسەلەی داهات و سەرچاوەی پارە بەدەست هێنانە جا قەیرانەکانی کوردستانی پێ چارەسەر ئەکەن بە نیوە ناچڵی ئەوە هەموو کەس ئەیزانێ رەوشەکەی چۆنە، هاولاتی کورد چی ئەتوانێ بکات ؟ هەمیشە هەر لە ژێر پۆستاڵ و دڵە راوکێدا بووە لە ترسی چاوسوورکەرەوەکان جا عارەبی بووبێ یا کوردی، کێ یە ئەو رابەرەی ئەم کێشمە کێشەی نێوان ماف زەوت کەران و ماف خوراوان رابەری ئەکات، پێم وایە هاولاتی کورد تا ئێستا لەو ئاستەدا نیە بتوانێ رۆڵی هەبێ لە یەک لایی کردنەوەی کێشەکاندا چ ناوەکی چ دەرەکی.

٢٠٠٧/١٢/٢٤

## کێ ئەتوانێ؟

دۆخە ئاڵۆزەکەی ئەمرۆی کوردستان تێروانین و پێداچوونەوەی بێ لایەنی و بۆ کوردی ئەوێ. بۆ خەڵک و رۆشنبیران و میدیا بەو خەستییە ئەدوێن لەو
ئاڵۆزییە، لەناو حوکمەت لە ناو حیزبەکاندا، ئایا ئەوەی کورد چاوەرێی بوو ئەم ئاڵۆزییە بوو یا ژیان خۆشی و ئازادیو سەرفرازی بوو لەو هەموو کۆت و
ژێردەستەیی ستەمە؟ ئایا سیمای ئێستای ژیان لەرووی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگ و زانستەوە جگە لەوەی ناوی کوردی پێوەیە چ گۆرانی
بەسەردا هاتووە؟ ئایا بەرچاوی خەڵک روونە لە دوارۆژی کوردو کوردستان؟ شێوازی حیزبایەتی چ خۆشی و هیوا ئەبەخشێتە خەڵک یا شێوەیەکی
ترسناک و فرتوو فێڵاوی لێ بەدی ئەکرێت؟ ئایا لە شاخدا ئامانج هەڵتەکاندنی داموودەزگای داگیرکەران نەبوو جا واکرا یا لەسەر هەمان کەلاوەوە دیوار
کراوەتەوە؟ پەیمان بوو حیزب قوتابخانەی ئامادەکردنی پیاو چاکانی کوردبێ و خۆنەویستی بێت وەک دایانهێنا **کەم بژی کەڵ بژی** وا دەرچوو یا خۆمان و
ئەوانیش شەرمەزار بوون گەر زیندوو ببنەوە نەفرەتی مرۆڤایەتی لێ ئەکەن ؟ بێ پلانی لە خزمەت گوزارییەکان ، لە ئاوەدان کردنەوەی لادێکان و بوژاندنەوەی کەرتی کشت و کاڵ و ،لە پەرە پێدانی خوێندن و درووست کردنی ژمارەی پێویستی قوتابخانە، لە
پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ لادێ و شوێنە دورەدەستەکان ، لە ...هتد؟ بێ بەرنامەیی لەرووبەروو بوونەوەی کێشە نەتەوەییەکان و هەڵپەی لە دەستنەدانی دۆستە دوژمنەکان نە بادا
رێگای هەڵسوورانی کاروباری بەرژەوەندیان لەدەست بچێت کە بەرژەوەندی تایبەت بووەتە ستراتیژیەت و لەدەست دانی کێشەی خراپ و چاوەروان نەکراویان بۆ درووست دەکات هەر بەرژەوەندی تایبەت بووە سەرت مەستی کردوون کورد بەگیانی پەلپان کردنەوە رابهێنن و هەرچییەکیان بەسەردا بسەپێنن ناچاربن مل کەچی خۆیان پیشان بدەن لە جیاتی
راهێنانی خەڵک لەسەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی و رازی بوون بە دۆخی سەختی کوردستان کە کەوتۆتە نێو رژێمە
دوژمنەکانی هاوسێی و دووبارە کردنەوەی هەڵەی دۆستایەتی لە گەڵیاندا لە ژێر پێخستنی کێشەی نەتەوەیی لەو وولاتانەدا کە قوربانی کردنیان گەورەترین
تاوانی نەتەوەییە، کەی ددانیان نا بەوەی قازی و شێخ سەعید دەستی دژی مرۆڤایەتی لەبەینی بردوون نەتەوەکەیان مافی خواردنی بەری رەنجی ئەوانیان

هەبێ ئەو دەمە ڕەوایە هەر پەیوەندییەکی دەوڵەتی هاوسێیەتییان لە گەڵ ببەسترێ
ئەگینا مرۆڤایەتی و مێژوو ددانی تاوانبارانتان بەسەردا ئەبرێ.. لەم
دۆخەی ئێستا تاوانە بەرووبوومە ژێر زەمینییەکان ئاشکرا بکەیت بۆ کەسانێک
دەوڵەتانێک کە دان بە مافە سەرەتاییەکانیشتا نەنێن ..

سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی عیراق دوو کەسایەتی کورد بە هۆی ڕەوایی کێشەی کوردەوە
بە هۆی دوو حیزبەوە بە هۆی قارەمانێتی ڕۆڵەی کوردەوە بە هۆی
خۆراگری خەڵکی کوردستانەوە بە هۆی شێتی و لە خۆبایی بوونی سەددامی دیکتاتۆرەوە
بە هۆی مل کەچی کوێرانەی ئەندامانی حیزبەکانیانەوە ، بە هۆی
دەزگای تۆقاندنەوە بە هۆی برسی کردنیانەوە ئەوانە لە سەر تەختی دەسەڵاتدارن بۆیە بە
هۆی دەسەڵاتەکانیانەوە ئەبێ گۆرانی بنەرەتی ئەنجام بدەن تا
دەستی قەدەر ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی ئەکەن چی لەگەڵ خۆیان ئەبەنە گڵەوە تۆبڵێی لە
دووعای خراپ و ئاهوونووزەڵەی خەڵک بەولاوە شتێکی تریان
بەر بکەوێ، بۆیە ئەڵێم کێ ئەتوانێ ، باوەرم بە دوژمنایەتی کردن نییە لە ناو کورددا ،
باوەرم بە دەستەگەری و کودەتا نییە باوەرم بە خوێن ڕژتنی برای
کورد نییە تا سەنگەری چەکداری لێ بگری ، زامەکانی کورد کەم نییە بێین بی
کولێنینەوە .

کورد لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر و ئێستاش لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە
دیموکراسی و کردەوەی دیموکراسی هەیە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی
دیارە ئامانجەکانیش پێویستی بەکەرەسەی دیموکراسییە لە وانە حیزب ، بۆیە بۆ دابین
کردنی دیموکراسی کە کەم یازۆر ئازادی و خۆشی بۆ کۆمەڵانی
خەڵک دابین دەکات بۆیە پێویستەحیزبەکان لە قەوارە کۆن و ڕەفتار نا دیموکراسییەکەیان
دەربچن بە خۆیاندا بچنەوەو چاکسازی تیادا ئەنجام بدەن هەر
چەندە زۆر بەسەختی دێتە پێش چاووم و باوەر هێنانی ئەو دوو سەرکردەیە بەو
چاکسازییە کارێکی زۆر دژوارە لەرێگای ئەوانیشەوە نەبێت ئەنجام نادرێت ،
هەردووکیان پێویستە بریار بدەن هر چۆن گۆرباتشۆف بریاری پرستریۆکاو گلاسنۆستی دا
کە بووە هۆی تێکشکانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی خەڵک لە ژێر
تارمایی دیکتاتۆریەت و مۆتەکەی بەناو سۆسیالیستی دەربازی بوو بە راستی پیاوێکی
بوێر بوو دیارە مێژوویەکی پرشنگ داریشی بۆ خۆی تۆمار کرد ،
ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە بچنەوە بە بەگژ دەسەڵاتی تاک رەوی خۆیاندا پاشان کۆتایی
هێنەری میراتگرێتی و بنەماڵەیی بن گەر شانازیتان بوێ کەس

له ئێوه باشتر نەبوەو نابێت ئەو هەنگاوه ئەوەندەی تر شانازیتان بۆ درووست دەکات ، من باوەرم بەوه نییه بلێم برۆن واز بهێنن وەک کەسانێک دووربینی ناکەن له ئاست نەتەوەکەیاندا ، بەلام دیموکراسی و تاکرەوی بەیەکەوه هەلناکەن ، دیموکراسی چاکسازییه تاکرەویش نەخۆشییه ، کەسیشتان پاشاو بەچکه پاشا نەبوونەو کوردێش پاشایەتی به خۆیەوه نەبینیوه، ئەو نەخۆشییەش کۆمەلێک دەردی تر له گەل خۆیدا بلاو دەکاتەوه هەر له گیانی بیروکراتی و گەندەلی و دزی و درۆزنی و بەد رەوشتی و تەمەلی و فرت و فێل و پیلانگێران و بەرژەوەندی تایبەت و دەست و پێوەند و سەرەنجام هەرەس و داروخانی دام و دەزگاکان ، دیاره ئەگەر نەبوویێته خووتان زۆر به ئاسانی و بێ سلەمینەوه بریار بدەن که چاکسازی ئەکەن بۆ ئەوەشتان هەنگاوی زۆر پیرۆز هەیه بینێن :

* دوورخستنەوەی هەرچی خزم و کەس و کارتانه له شوێنه هەره گرنگەکان وەک دەزگای پێشمەرگه ، پاراستن و زانیاری و اسایش و پۆلیس

* دوورخستنەوەی دەست و پێوەندەکانتان و دانانی راوێژکاران له رۆلەکانی کورد به مەرجی یاسایی نەک هەرەمەیی

*جارِدانی راگەیاندنێکی نەتەوەیی کورد که مافی تاکی کورد و کەمەنەتەوەکانیشی تیادا باسکرابێ و بکرێته بنەمای ژیانی ئاسایی هاونیشتمانی کوردستان

*چاکسازی خۆمالیانه بکەن نەک لاسایی کردنەوەی حیزبەکانی بێگانه مەرج نییه ئەوەی ئەوان دەیکەن بۆ ئێمه باش بێت با چیتر لاسایی نەکەینەوه و وابەستەی دەرەکیان نەبین

*سەددام حوسین ئەی ووت یاسا لەسەر قاقەز ئەنووسم ئاورێک بدەنەوه بزانن ئێوه یاساتان لەسەر قاقەزیش نووسیوه ، دەستوور بۆ کورد بۆ ئابرووی

خۆتان دابرێژن و لەسەری برۆن و یەکەیەکەی هاونیشتمانی کوردستان ئاشنای ژیانی دەستووری بکەن خەلک ماندوو بوو له گەلتان

پیرەمێرد ئەلێ:

**بەراستی راست ئەکا (سعدی) کەمن هەرگیز له بێگانه**
**گله ناکەم که هەرچی پێم ئەکا خۆیه له خۆمانه**

2003

**مامۆستا شێرکۆ**

# گاگەل

لە دوو توێ

لەدوو توێی پەڕەکانی باوەڕدا
لە ناخی ئازاروو چەوسانەوەدا
هەنگاو هەنگاو ملی کاروانی ئومێدی گرتەبەر
باوەڕی سووری کردە ملی کوردایەتی
خەنەی سووری لەدەستوو پێی گرتوو
بەرەو سرووشتە هەڵکوڕووزاوەکەی شانی دایە بەر
بازووی ئەستوور بوو ، بەندیخانەکانیش شەرم دایانی گرتوو پەتی سێدارە ملی کەچ کردوو

گڕی تووڕەیی بلێسەی لە بەفر بەرداو بوو بە داستان و گەردەلولی قارەمانێتی و هیوای کردەوە بە بەری درەختەکان و گوڵاڵە ڕەنگی سووری خۆی پۆشییەوە تێکەڵاو بە خەنەی سووری دەست و پێی

ئەفسۆس لە پڕ لوولەی تفەنگەکان ئاراستەی ڕووەو لاپەڕەکان گۆڕی و کتێبەکان داخران و کاروان گاگەل ئاسا گورگان خوارد کرا، ببڕای ببڕ لاپەڕەکان بۆیان نەبوو بکرێنەوە سمدم کاران قفڵی ترس و تۆقینیان لێدرا تۆمەت خرایە پاڵی دەرەکییەو ئاڵێنراوەتە گەردنی و مایەی نەهامەتییە ، جارێکی تر گاگەل لە سایەی بازرگانەکاندا خرایەوە سەوداو مامەڵە چۆنیان بویستایە وایان دەلەوەڕاند ، لەبیرمە باوکم دەچوو بۆ شەوێن بۆ لەوەڕاندنی پاتاڵ ئێستا دەزانم گاگەڵ بە شەویش لە لەوەڕ ناکەوێت و ڕیخ و میزەکەشی ئەهێنێتەوە بۆ سەر کابانەکەی تا ڕۆژێ ئەیبەنەوە بازاڕی سەوداو مامەڵە ئەوجا دەرخواردی کابانە خێر لە خۆ نەدیوەکەی ئەدەنەوە، کەواتە دنیای بێ باوەڕ دنیای گاگەلە

مامۆستا شێرکۆ

٢٠١٤/١/٢

## گەندەڵی

هەر وڵاتێکی بە تواناو پێشکەوتووی دنیا بە ماوەیەکی زۆر کەم بەچۆکدا دێت بە هۆی گەندەڵی لە جومگەکانی بەڕێوەبردندا بەتایبەتی لە سەرۆکایەتی وڵات ، دادگاو فەرامۆش کردنی دادوەری لە پەرتەوازەیی هێزی پاراستنی وڵات و کنە کردنی کەسانی مشەخۆروو بەدڕەوشت و پیلانگێڕی و لایەنگیریبوونی بۆ ئەم یا ئەو فەرامۆش کردنی ئەرکی سەرەکی کە نیشتمان پاراستنە ، کاتێ تاک هاونیشتمانی بوونی بەلاوە گرنگ نەبوو بەرژەوەندییە کەسییەکان جێگای گرتەوە، ئەی لە شوێنێکی وەک باشووری کوردستان هێشتا دەوڵەت نیە و سیستەمێکی تێکەڵی بێ ناو نیشان و بە ناو دیموکراسی و بەناو پەرلەمانێک و فرە لەشکروو فرە دەزگای هەواڵگری و ، هەرێمێک لە ڕووی هەڕەشەیەکی دەرەکیدا بە زوویی چۆکدا بدات و هاواری بەدەنگەوەهاتنی نێو دەوڵەتی لێ هەستێ و لە ڕووی نەتەوەییەوە کۆک و یەکگرتوو نەبێت لە دنیای دەرەوەدا وەک نەتەوەیەک ستەم لێکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو ساخ نەبووبێتەوەو بە هۆی بەرژەوەندیەکانیانەوە ئاوڕی لێبدەنەوە ، هەرێمێک لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدەن لەسەر پێی خۆی نەوەستێ ئەبێ گەندەڵی چی لێ بەسەر بهێنێ و بێگومان ئایندەیەکی شکستخواردووی وەک میرایەتیەکانی پێشوو باشتری لێ چاوەڕوان ناکرێت کەواتە با بزانین پایە گرنگەکانی گەندەڵی چیەو بەپێی توانا دەست بخەمە سەر ڕێگا چارەی

**١- ناهوشیاری هاونیشتمانیان**

کورد زۆرینەی دانیشتوانی باشوورو باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەو شوێنەیە کە ئێمە پێی دەڵێین کوردستان و هاونیشتمانیەکەیەتی کە زۆرینەی کوردە ، دانیشتوانی ئەم سنوورە جوگرافییە لە ڕووی فەرهەنگی نەتەوەییەوە پێگەیینی پێوە دیار نییە لە سادە ترین پێناسەدا بە زمانی سادەی خەڵک لە باشووردا دەڵێین ئەو کەسە ئێرانییە یا تورکییە یا سورییایە ئەوانیش دەڵێن عیراقییە ، ئەوە دەگەیەنێ ئێمە بە هۆی دواکەوتوویی فەرهەنگییەوە لە هەزارەی یەکەمەوە نەمانتوانیوە قۆناخەکانی گۆرانی کۆمەڵ تێپەڕێنین کە ئەبوایە بکرایە هێشتا تورک لە ناوچەکەدا هەر نەبوو عەرەبی پێش ئیسلام دەسەڵاتیان لە عیراقدا نەبوو فارسیش بە شەڕوو شۆڕوو پەلامارەکانی گریک و بێزەنتیەکان نەیان دەتوانی بپەرژێنە سەر کورد ، دوا بەدوای هاتنی ئیسلام و داگیرکرانی ناوچەی جوگرافی کوردستان فارسەکان توانیان ئاینەکە بقۆزنەوەو دەسەڵاتی خۆیان لە عەرەب سەندەوەو نەتوانەوە لە ناو

عەرەبدا و کوردستان بوو بە دووبەش و فەرهەنگی هەردوو نەتەوەی بەسەردا سەپێنرا بە یەک ئاینی دوو مەزەبی جیاواز جۆری ستەمەکان خۆیان خستە ڕوو لە تواندنەوەی کورد بە دوو ڕێگا نەتەوەیی ئاینی دوای هاتنی تورک و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی ئیمپراتۆری عوسمانی ستەمی تورکیش هاتە پاڵی پروانە لەو دۆخانەی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هاتووە کورد نەیتوانیوە نە فەرهەنگی هەبێت نە دەسەڵات ڕۆژ دوای ڕۆژ سەخت تر بووە بۆی ئەوە ئەگەیەنێ خۆی لە قەرەی شارستانیەت نەداوەو پتر وێڵی پووش و پاوان ئاژەڵداری بوە ئەگەر ئێستاش پروانیتە ئاژەڵدارییەکەی زۆر سەرەتایی و نادرووستەو نەیتوانیوە جۆرێک یەکگرتن لە نێو خێڵ و هۆزەکاندا درووست بکات و ناوەندێکی بڕیاردان لە نێوانیاندا هەبێت کە دەبووە هۆی ناوکی یەکگرتنی نەتەوەیی ئەو پەرتەوازەییەش هۆیەکی کاریگەرە لە نەخەملینی فەرهەنگی نەتەوەیی نوسراو ئەمە وای کردووە وشەیەک دەستەواژەیەک نەیاتە ئاراوە بلێین نەتەوە ، ئەو نوسراوەی هەشبێ دەربارەی خێڵ و هۆزەکان بە زمانەکانی فارسی یا ناوی کورد هاتبێ لە نوسراوە عەرەبیەکاندا ، لەم باسەدا کە لێدوانە لە گەندەڵی لە باشووری کوردستاندا دەسەڵاتدارانی ئیسلام و زاڵ کردنی فەرهەنگی عەرەبی جگە لە کەمی یا هەر نەبوونی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری نەتەوەیی کورد ، کورد ناچار بووە لە هەموو لایەکەوە زمانی عەرەبی بوێت و ژیانی خۆی پێ بەرێتە سەر ، ئەوەی گرنگە بلێین بەو بارە ناهەموارەشەوە کورد خۆشەویستان لە حوجرەکانی مزگەوتەوە سەریان درهێناوەو ئاهێکیان بۆ زمان و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کورد هێناوەتە بەرهەم و هۆنراوەو هەڵبەست و چیرۆکی هۆنراوەییان خستۆتە بەردەمی خوێنەران و بۆتە هۆی دیوەخان گەرم کردن و زمانەکەیان گەیاندە ئەمڕۆی ئێمە . لەو کەین بەینەی داگیرکەرانی کوردستان خۆیان سەقامگیر کردوو سنوورەکانی خۆیان لە جەرگی نیشتمانی ئێمەدا چەسپاندوو ئێمەیان کردە هاونیشتمانیەکی بێزراوی خۆیان و ساخ کردنەوەی هەموو داب و نەرێت و زمانی خۆیان بەسەرماندا و لە ئێمەشەوە وەرگرتنی و ڕەتنەکردنەوەی و بوو بە بەشێک لە ژیان و ژینمان ئەمە وای کردووە زمانمان تەنها لە ماڵ و کۆڵانەکان تێپەڕ نەکات ئیتر ڕۆشنبیرییەکەمان بوو بە هی ئەوان زمانی عەرەبی جوگرافیا و مێژوو تەنانەت زانستەکانی تریش بە زمانی ئەوان ئێمەش بووین بە هاو نیشتمانیەکی عەرەب بە کردەوە خۆمان لە خۆمان سەندراینەوە زۆریش هەوڵدراوە کە ناسنامەی نەتەوەیی بگۆڕین بە عەرەب دیارە ئەم هەوڵە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر کەم و زۆری هەبوە و خەڵکیش ئارەزووی نەبووە ناسنامە بگۆڕێ کە ئەوە نهێنی مانەوەی کورد بووە . ئەوان کاریگەریان لەسەر تاک و خێزان و خوێندنگاو مزگەتدا داناوەو خۆیان پێ سەقامگیر کردووە توانیویانە ئێمەش بکەن بەهاونیشتمانی و سەربازیمان پێ بکەن و لە شەڕدا بە کوشتمان بدەن و لەگەڵ

ئەوەشدا بە ناشارستانی سەرچاوەی ئاژاوە دانراوین و زۆربەی خەڵک حوکمەتی عەرەبی بە پرد زانیوەو بە کوفری لە قەڵەمداوە بچی بەگژیدا بۆیە لەسەرکوت کردنی یاخی بوون شۆرشەکاندا کوردیان بەکارهێناوە بەرامبەر چنگێک پارە و دایان ماڵێوە لە مۆرکە نەتەوەییەکەی و پاشان خەڵکە بەناو شۆرشگێرەکە باوەشیان بۆ کردوونەتەوەو ڕێزلێگیراو بوونە .

بۆ یەکەمجار بەدرخان توانی ببێتە ناوەندێکی نەتەوەیی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کورد داکۆکی کردنی بۆ گرنگی دان بە زمان و ڕۆژنامەو ئیزگەی کوردی ، دەنگ دانەوەیەکی باشی درووست کرد لە ناو ڕۆشنبیرانی کورد و دەرەوەی کوردو لەبەر ئەوەی پاڵپشتی نەتەوەیی نەبوو دای لە کزی ، یەک سەرنجی گرنگ هەیە تاکی کورد ئامادەیی پاڵپشتی کردنی کاری نەتەوەیی نیە ئەگەر بەرژەوەندی کەسی خۆی تێدا نەبێت ، پشتیوانی نەتەوەیی گرێ دەدات بەبەرژەوەندی بازرگانیەوە کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا بۆتە مۆدێلی گەندەڵی .

لەسەدەی نۆزدەو بیستدا هەندێک سەرهەڵدان و شۆرش جا خێڵەکی شێخایەتی و حیزبی سیاسی برەوێکیاندا بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی بەڵام نەگەیشتنە ئامادەکاری بۆ فەرهەنگ و ڕۆشنبیری نەتەوەیی هەمووی بە ئەندازەی پیرەمێردوو کاکەی فەلاح کۆرێ زانیاری کورد جێگیر نەبوون بۆ ڕەگ داکوتانی بیری نەتەوەیی ، بۆیە هوشیاری نەتەوەیی بە پچر پچری درێژەی بەخۆی داوەو زۆر جار لە دیدی سەرکردەکان و حیزبەکانیان تێپەڕ ناکات و بوونەتە مایەی یەکنەگرتنی ناوەندە فەرهەنگیەکان و شۆرنەبوونەوەشیان بۆ ناو ناخی بیرکردنەوەی خەڵک و گرنگی نەدان بە کۆروو کۆمەڵی ڕۆشنبیری ئەگەر کەسی کارێزمای بێکەڵکی تێدا نەبێت و ئامادە بوونیشیان تاوێک نادات بە پێشکەوتنی بواری ڕۆشنبیری نەتەوەیی بۆیە دەبینی هەرە خوێندەوارو سیاسیە بەرزەکان زۆر کۆڵەوارن لە ڕووی زمانەوە لە بواری کارەکەی خۆێشی دا بە زۆریش ناچار دەبن ئەو چەند وشە عەرەبییەی لایان هەیە بەکاری ببەن ، لەوەیە بڵێن ئەم هەموو درێژ دادڕیە لە کێشیی گەندەڵیدا بۆچی ، نازانن بوونی هوشیاری نەتەوەیی چەند کاری گەری هەیە لەسەر درووست کردنی تاکی بەرپرسیار لە بچووک ترین دیاردە نامۆکانی ناو کۆمەڵ کە ئەمرۆ گەندەڵی هەرە کوشندەکەیەتی بۆ تێگەیشتن لەو تاکە هوشیارەوە لە کووێوە پەیدا دەبێت و هەموو کێشەو پرسیارێک وەڵامی خۆی هەیە پرسیارمان ئەوەیە چۆن ناهوشیاری

دەگۆڕێن بۆ هوشیاری باڵا کە هوشیاری نەتەوەییە :

**١-١ هوشیاری خێزان :** خێزان حوکمەتە بچوکەکەی نەتەوە ، خوێندەواری هەنگاوی یەکەمە لە هوشیاری بۆ دنیا بینییەکی باش لە پەروەردەو فێرکردنی نەوەکان واتا منالان ، تا ئاستی هوشیاری خێزان واتە دایک و باوک باڵا تر بێت ڕۆشنبیری و ژیان و گوزەران باڵاتروو باشتر لە هۆش و بیری منالدا دەچەسپێ و کاردانەوەی دەبێت بۆیە داک و باب ئەبێ وریا بن و لە ئاستی خۆیان و نەتەوەکەیاندا منالّ فێر بکەن و دوور بکەونەوە لە لاسایی کردنەوەیەک لە گەڵ سرووشتی نەتەوەییدا نەگونجێت و نامۆ بێت پاشان کاردانەوەی خراپی نەتەوەیی لەسەر منالّ دابنێت ، بۆ نموونە ئێمە لە کوردستانین بۆ ئێمە پۆشاکی کوردی ڕەسەنایەتی خۆی هەیە و گرنگی پێ بدرێت نەک باڵا پۆشیەکی کەنداو کە مۆرکی نەتەوەیی عەرەبی پێوە دیارە لە وەڵامدا دەڵێن ئەمە ئاینی ترە جا کەیفی خۆیەتی ئەوەی باڵا پۆش تروو جوانترە ، بەو پێیە ئەو لاساییە جۆرێک لە هوشیاری نەتەوەیی لای تاک کەم دەکاتەوە بە قوربانی دانی بە پۆشاکی خۆیی و گۆرینی بە بێگانە ، یا بەکار هێنانی وشەی بێگانە لە ناوەندی زماندا وەک خۆ نیشاندانێک بۆ زانین و  وردە وردە زیاد کردنی وشەی تر تا لەدەست دانی زمانی خۆت ئارەزوو لێ نەبوونی یا ئەوەتا بە بیانووی زمانەکە ئەو وشەیەی لە بەرامبەردا نییە کە ئەوە کاری ناوەندی زمانە وشەیەکی بۆ دروست بکات تا مۆرکی نەتەوەیی پێوە بێت و هوشیاری نەتەوەیی لای تاک دروست بکات ، هوشیاری خێزان دەبێت زۆر لەوە تێپەڕ کات کە هەیانە بتوانن بابەتەکان لێک جیابکەنەوەو تێکەڵیان نەکەن تا منالّ هەست بکات هوشیاری دایک و بابی سەرچاوەیەکی گرنگی هەیە کە دوایی تێدەگات نەتەوەیە و هەستی نەتەوەیی لا دروست دەبێت خۆی دادەنێت بە ئەندامی کۆمەڵگاکەیی و ئەرکەکانی سەرشانی خۆی دیاری دەکات چۆن بتوانێت نەتەوەکەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی کۆمەڵگاکانی تری دنیا ئەوسا لە چاکی و خراپییەکانی ناو کۆمەڵگا تێدەگات و بۆ هەر یەکەیان پرس و دیدوو بۆچوونی خۆی دەبێت ئەو کاتەیە کە خێزانە توانیویەتی ئەرکی خێزانی و نەتەوەیی خۆی ئەنجام داوەو گومان ناکات لە هوشیاری شێوەی پەروەردە کردنەکەی ، ناتوانرێ بۆ هەموو خێزانەکان یەک جۆر شێوەی پەروەردەکراوی کوڵاوی بۆ ئامادە بکەی ، خێزانەکان و منالەکان بەپێی باری بایەلۆجی فسیۆلۆجی و دەروونی جیاوازیان هەیە جینەکان کاری گەری خۆیان هەیە خێرایی و لەسەرەخۆیی پەروەردەیی لە ناو خێزانێکدا جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت ، کاری گەری پەروەردەی خێزانی باش لە پلە باڵاکانی خوێندندا دەردەکەوێ کە چۆن هاوکاری دایک باوک لە ڕینیشاندانیان بۆ خوێندنەوەی پەرتووک بە تایبەتی لە قۆناخەکانی ناوەندی و

ئامادەیی دەربارەی بوارە جیاجیاکانی نەتەوەی کورد ، لە قۆناخی سەرەتاییدا مناڵ لە ماڵەوە فێری گیانی هاوکاری دایک و باوک و خوشک و برای فێر بکرێ ئەو گیانە هاوکاریە بەرێتە دەرەوەی ماڵ و ئاشنای بکات بەهاوەڵەکانی ، سەر ڕاستی نەرم و نیانی پتر لە پەروەردەی ماڵەوە جێگیر دەبێت بۆیە زۆر گرنگە دایک و باوک ڕاستگۆو نەرم و نیان زمان پاک بن یەکتریان خۆش بوێ لە دڵەوە تا مناڵەکانێش هەمان کردار بنوێنن و ئامادە بکرێن بۆ ناو کۆمەڵ ، بەو جۆرە خێزان هەر یەک بە پێی شێوازی پەروەردەیی خۆی نەوەکانی ئامادەی کۆمەڵ دەکات بەچەسپاندنی چووزەرەی هوشیاری تێیدا .

**٢-١ خوێندنگە :** لە کۆندا حوجرەکانی مزگەوت زۆر ناوداری پێشکەش بە کورد کرد وەک مەولەوی ، قانع ، حەمدی ، مەحوی ، نالی ، حاجی قادر ، ئەحمەدی خانی ... چەندانی تر زۆرینەیان بوونەتە سەرچاوەی هوشیاری نەتەوەیی ، شاعیری و فەلسەفەو ڕەگی هوشیاری نەتەوەیی بۆیە پێویست دەکات لای سەرەوەی ئاگایی پەروەردەیی بگرنەوە لە فێرگەو خوێندنگاکاندا ، لەمڕۆدا ئەرکی خوێندنگاکان کۆکەرەوەی خوێندکارو تەیارکردنیان بە بەرنامەو پەرتووکی خوێندن ئەرکە کرنگترەکەی پەیدا کردنی ئەو مامۆستایانەی بەڕاستی وەک ئەرک و پیشە ئامادەن پۆلەکانی خوێندن بکەنە گۆڕپانی بەدەست هێنانی زانست و ئاکاری بەرزی داهێنان مامۆستا ئەو بوونەوەرە گرنگەیە کە شایەستەیەتی لە پێشی پێشەوەبێ چونکە ڕابەری فێرکردنە ، مامۆستا ئەو کەسەی لەسەر دەستی ڕۆشنبیران و بیرمەندان و داهێنەران و زاناو دانایان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە ، لە بیرمە لە پۆلی یەک و دوو بووم لە قوتابخانەی گوندەکەمان مامۆستایەکمان هەبوو بە ناوی ئیبراهیم سابیر خەڵکی شاری کۆیە بوو هەموو ڕۆژێ بەدەستی خۆی نۆک و شیری دەرخواردی خوێندکارەکان دەداو هەموو ڕۆژی پێەجشەموان خوێندکارە هەژارەکانی دەشووشت و خۆی تەنها بوو بە چوار پۆل وانەی دەوتەوە هەفتەی جارێک خەڵکی گوندی کۆ دەکردەوە دەربارەی خوێندن و پەروەردەکردنی منداڵان بۆیان ئەدواو باسی نەتەوەی کوردی بۆیان دەکرد لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی گوند بەشدار دەبوو .

گرنگی خوێندنگە بریتیە لەگوێزانەوەی ڕاستەوخۆی زانیاریەکان لە نێوان خوێندکارەکاندا ، لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار . کەش و شوێنی گەورەو بچوکی و ئامادە کارییەکان کە بۆ خوێندکار پێویستە گرنگی زۆری هەیە ، ژمارەی خوێندنگاکان بە پێی سەرژمێری خوێندکارەکان و نزیکی لە ماڵ و پاک و خاوێنی و گەرمی ساردی و پۆلەکانی بەپێی پێویست و مامۆستای شارەزاو ئامادە کراو هەڵگری پروا نامەی

بەکەلۆریۆس کە متر نەبێت لە سەرەتاییەوە بۆ قۆناخەکانی تریش هەڵگری ماستەر کەمتر نەبێت و بەرنامەکانی بە ڕاستی پەروەردەو فێرکردن بێت تا بتوانێ خوێندکارێک ئامادەبکات بتوانێ ڕابەرایەتی بکات پێویستی بە فرتوو فێڵی دەرچوون نەبێت لە هەندێ زانکۆی دنیادا هەیە پرسیار دەدرێتە خوێندکار ئازاد دەکرێت لە کوێ بۆی گونجاوە وەڵامەکەی بداتەوەو لە کاتی خۆیدا بیباتەوە بۆ شوێنی دیاری کراو کە مامۆستا دایناوە ئەوە ئەو ئاکارەیە کە تاکی ڕاست و درووستی پێ دابین دەکەی بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا .

لەم سەردەمەدا پێم وایە بە ئەندازەی ژێرخانی ئابووری گرنگی بدرێت بە خوێندنگاو مامۆستا و بەشی شیریان بەر بکەوێ بۆ ئەوەی خوێندنگا لە پێداویستیەکانی کەم نەبێت و مامۆستاش کۆڵەکەی یەکەمی فێرکردنە ئاسانکاری ژیانی بۆ دابین بکرێت تا خەریکی کاری تر نەبێت بۆ ژیان و پێویستی بە وانە وتنەوەی لا کۆڵان و مەلزەمە فرۆشتن نەبێت ، بەرگوێمان دەکەوێ بەرنامە سوێدی ، من پێم وایە ئەو بەرنامەیە بەکەڵک دێت لە ناخی کۆمەڵگای خۆتەوە سەرچاوەی گرتبێت و بتوانی موتوربەی بکەیت بە بەرنامە سەرکەوتووەکانی دنیا ، مەبەست لێرەدا ئەوەیە چۆن تاکی کورد ئامادەدەکەیت لە خزمەتی نەتەوەکەیدا بێت ببێتە کۆسپ لە بەردەم هەر دیاردەیەکی نامۆ بەو پێیە ئەو دیاردە نامۆیە ئەبێتە هۆی لێچوون و بەهەدەر دانی گەنجینەی نەتەوایەتی و هەرکەس بواری کاری هەبێ بە پێی یاساو پێی ئەستەم بێت دەست درێژ بکات بە هەر ڕێگایەکی نایاسایی پارەو سامانی وڵات بۆ خۆی بەرێت ، ناتوانین سەد لە سەد بەڵێنی بنە پڕ کردنی گەندەڵی دەدرێت بەڵام ئەتوانرێ ڕێژەکەی ئەوەندە کەم بکرێتەوە بە ئاسانی لێپێچانەوەی لەگەڵ بکرێت و سزای خۆی وەر بگرێت لە خوێندنگایەکی زۆرەملی تێ بگەیەنرێت ئەوەی کردووتە دوژمنایەتی نەتەوەوە بۆیە کۆمەڵگا وا پێویست دەکات دوای تێپەڕاندنی سزاکەی بخرێتە کارەوە بۆ بەسەر بردنی ژیان بە ئاسوودەیی .

**٣-١ مزگەوت :** بەتایبەتی مزگەوت لە کوردستاندا ، پێشتر وتم حوجرەکان شاعیرانی زۆر ژیروو بەناو بانگیان پێشکەش کردووە ،ئەمڕۆ مزگەوتەکان ئەو ئەرکەیان نەماوە خوێندنگا جێگای گرتوونەتەوە بەفراوانیتر ، مزگەوتەکان وەک شوێنی پەرستن ئەتوانن بەهەمان شێوەی مزگەوتە عەرەب فارس و تورکەکە دەیکات بۆ شێواندنی ناسنامەی کورد مێشک شۆرینەوەی خەڵکی کورد کردنیان بە پاشکۆی نەتەوەی سەردەست بە هەمان شێوە مزگەوتەکان ئەتوانن ببنە پەناگای ڕۆڵەی کورد و بەرپەرچ دانەوەی ڕەگەزپەرستان کە کورد مرۆڤەو جنۆکە نیە نەتەوەیەو

دەرکراو نیەو میوانی سەر ئەو زەوییە نییە مافی خۆیەتی فەرمان ڕەوایەتی خۆی وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ و ناکۆک نییە لەگەڵ هیچ دەقێکی ئاینی دا جۆن مەلاو ئاخوندو ئیمامەکانیان ڕەوایەتیان داوە بە سەپاندنی ناباوەڕدارانەیان بەسەر نەتەوەیەی کورددا مەلاکانی کوردیش خۆیان داماڵن لەو بەرگە نامۆیە بە کوردو ئاینەکەش وەک کەسێکی ئاسایی خۆیان دەرکەون و بتوانن ماف و دادپەروەری و ڕاستگۆیی و گیانی بەتەنگەوەهاتنی خەڵک و هاندانی تاکی کورد بۆ بەرگری کردن لە خاک فێرکردنی دەست پاکی و قوربانی دان دژی چاوچنۆکی و دەست پیسی و دزی خواردنی ماڵی خەڵک بە ناڕەوایی داوێن پیسی بە گوفتاری جوان چاک بڵاو کردنەوەی کاری خۆبەخش ، هاندانی خەڵک بەرەو زانست و دوورخستنەوەیان لە قسەو چیرۆکی ئەفسانەو واز بێنن لە تۆقاندنی خەڵک بە سزای قەبر و دۆزەخ ژیان لە پێناو بەهەشدا هەوڵ بدەن خەڵک بەڕێگای درووست زانستیانە باوەڕیان هەبێت نەک بەزۆر بخرێتە مێشکیانەوە ، کەوا پەروەردە بوو باشتر بیری خاک و نەتەوەکەی لا دەچەسپێ و دۆست و دوژمنانی لێک جیادەکاتەوەو بەتەنگ هەردوو سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵەوە دەبێت و ئەتوانرێت پیاوێکی باوەڕداری تەندرووست بۆ کۆمەڵ ئامادەبکات بەرەنگاری هەر دیاردەیەکی نامۆ ببێتەوە لە ناو کۆمەڵدا بەپێی یاسا ، لەبەر ئەوەی ئایین گرنگی تایبەت دەدات بە ڕەواو ناڕەوا بە جۆرێک ئامادە بوانی مزگەوت وا لێبکات لەکردەوەکانیاندا ڕەواداری ڕەنگ بداتەوەو هەرگیز بەلای ناڕەوادا نەچن .

**٤-١ حیزب و لق و پۆپەکانی :** حیزبەکان بە هەموویانەوە هەرێمیان گەیاندۆتە ئەمڕۆ کە نەدەبوو وەک ئێستا بێت دیارە هەر ئەوەندەیان توانیەوەو وا خۆشیان چەسپاندووە تاڕادەیەکی زۆر ئازادیان بەر تەسک کردوە کەس ناتوانێ زۆر لەگەڵیان قووڵ بێتەوە . دوای ٢٣ ساڵ حوکمڕانی ئێستا کە مانگی ٢ ی ٢٠١٦ هەرێمێکی پڕ لە قەیران کە ٦ مانگە خەڵک مووچەی وەرنەگرتووە خەڵک خۆی دەخواتەوە بازاڕ نیمچە وەستاو بە وتەی حوکمەت خۆی سەدان پڕۆژە وەستاوەو زۆر لە بەڵێندەرەکان مایەپووچ بوونە ، مامۆستایان ناچنە قوتابخانە زانکۆکانیش هەڕەشەی وەستانی خوێندنی لێ دەکرێت ، کارەبا ١٠ سەعات هەیە ، گازی سروشتی هەیەو دەنێردرێتە دەرەوە خەڵک کەمی هەیە لە گاز ، وڵاتان هەیە لە خوارووی ئاسیا دانیشتوانەکەی لە ١٥٠ ملیۆن زیترە خاوەنی گازی سرووشتیە لادێکانیش بە بۆری گاز دەچێتە ماڵەکانیان ، نەوت مانگانە پتر لە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێ لە زستاندا ماڵی بەرمیلێک نەوتی دەدرێتێ ، کەرتی کشتووکاڵ لە هەرە خوارترین ڕێژەیەتی شتێکە لەولا نەبوو یەکێک لە سەرۆک وەزیرەکان باسی کشتووکاڵیان لەگەڵ کردبوو

وتبووی ئێمە نەوتمان هەیە چ پێویستیمان بە کشتووکاڵە ، کەرتی پێشەسازی زۆر لەسەرەتاییدایەو قۆرخکراوی سەرانی حیزبەکانە ، لە سایەی حیزبدا هەستی هاونیشتمانی شێواو سەقەت کراو بەوەی زۆربەی خەڵک کراوە بە مووچەخۆری حیزب هەستی پتر حیزبیە لەوەی کوردانە بیربکاتەوە وای لێکراوە ئەوەی لەگەڵ حیزبی خۆی نەبێت نامۆو بە نەیار سەیری دەکات و نیستمان کراوەتە دوو زوونی گەورەی دوو حیزبی گەورەی دەسەڵاتدار هەموو شتێک لەسایەی ئەوان و بن دەستی ئەوانەوە پرواو بێت لەبەر ئەوەی خاوەنی هێزی سەربازی و پۆلیس و ئاسایشی سەربەخۆیانن ، درووستە دەڵێن زوونی سەوز پرێک ئازادی زیاترە تا سنوور نەبازاندنی هەڕشە کردن لە بەرژەوەندی تاک و حیزبەکەیان ، لە سنووری زەرددا ئەبێ دەست بە سنگ و مل کەچ و دەست بە ئەژنۆدا برسیش بی نابێ دەم بکەیتەوە دەسەڵاتێکی سەربازی ڕەها هەموو شتێک قۆرخ کراوە سەیروو سەمەرەکەش ئەوەیە دەسەڵاتێکی خێڵەکی لەسەروو هەموو شتێکەوەیە یاسا لە خوار بەر پێشەوەیە ، سەرۆکی پەر لەمان بەهۆی پێداگرتنی کە ماوەی سەرۆکی هەرێم تەواو بووە ڕێگای چوونەوەی پەرلەمانی لێگیرا کە هە ڵبژێردراوی خەڵکە بۆ پەرلەمان بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی بە ڕیکەوتن لە گەڵ گۆڕان سەرۆکی پەرلەمانی پێدراوە هەر لەبەر هۆی سەرۆکایەتی وەزیرەکانیشی دەرکران لە حوکمەت و ئیتر پارتی بە ئارەزووی خۆی کەوتە تێکدانی باری ئاسای کوردستان و ڕۆژ دوای ڕۆژ باری کۆمەڵایەتی خەڵک بەرەو تێکچوون ڕۆیشت بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە هیچ حیزبێک نین لە گەڵ گۆڕانخوازیدان .

دەسەڵاتی زەرد و سەوز بەپێی ئەوەی دوو حیزبی کۆن و خاوەن هێزی چەکدارو ئاسایشی سەربەخۆیان و دەزگای هەواڵگری پاراستن زانیاری سەربەوانن دەستیان خستۆتە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەسەڵاتداری کردۆتە حزبی و دیموکراسی سندووقەکانی دەنگدان تێناپەڕێنێ لەوێوە هە موو دەسەڵاتەکانی دابەش دەکرێت و بە پێی سازانی نێوان خۆیان ئەمە بۆ من و ئەوە بۆتۆ ڕێکدەکەون ئەو کەسەی لە سایەو خزمەتی حیزبی ئەواندا نەبێت حیسابی هیچی بۆ ناکرێت ، (بوودجەی ئەم وڵاتە هەردوو حیزبی زەردوو سەوز یەکێ ٣٥ ملیۆن دۆلاری دەبات بۆ یەک مانگ پاشان بە پێی کورسی پەرلەمان هەر حیزبێکی تر مانگانەی بۆ دیاری دەکرێت ئەمە گەورەترین دزیە لە بوودجەی خەڵک دەکرێت، هەر حیزبەی خاوەنی چەندین بارەگای حیزبین و چەکداری خۆشیانی تێدایە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ناشارستانیە ، ئەمە جگەلەوەی زۆربەی کارمەندان و کادیرانی حیزب مووچە لە بودجەی گشتیش وەردەگرن ، هەر حیزبێک خاوەنی ڕکخراوی مامۆستایان

خوێندکاران لاوان و ژنان هەروەها دەزگای ڕاگەیاندنەکان لە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و گۆڤاروو ڕۆژنامەی خۆیان و سێبەر دەزگای گەیاندنی وەک کۆڕەک و ئاسیاسێل چەندین ڕیکخراوەی پاراستنی هاونیشتمانی سەربە ئەوانن ) ئەوەی ناو کەوانە بە تەواوی لە بودجەی گشتی پارە وەردەگرێ بەوەش بەشێکی زۆری بودجەی گشتی بەهەدەر دەڕوات ئەوەیە لایەنی ناڕازی لەم کاتی بێ مووچەییەدا ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک دەردەکەوێ ، لە هەر خۆپیشاندانێکدا خەڵک ڕوو بەڕووی هەڕەشەو تەقە لێکردن دەبێتەوە لەلایەن کادیران و کارمەندانی ئەو بارەگایانەوە ، بە گشتی حیزبەکان بە تایبەتی زەرد و سەوز هەمێشە گیانی حیزبی لە ئەندام و کادیر و لایەنگرانی برەو پێدەداو بە گیانی پارتی پێشڕەو سەرکردەی کارێزما پەروەردەیان دەکەن لەم ساتەوەختەدا پایەو پلەو پارە بەشینەوە بووەتە ڕیگای ڕاکێشانی بەلای حیزبدا دیارە شێوازی لەو جۆرە حیزبایەتییە ڕێگا خۆشکەرە بۆ لەدەست دەرچوونی مرۆڤ لە خوو و رەوشتی ئاسایی کوردانە و ئەبێتە هۆی بەکار برانانیان لە لایەن کەسی دەسەڵاتدارەوە بۆ بەزاندنی کاری نایاسایی زۆر جاریش ئەو کەسانە دەبنە قوربانی شاردنەوەیکارەنایاساییەکە.

بەو جۆرە گەندەڵی سەرهەڵدەدات و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو حیزبانە خزاون بەرەو قۆرخکاری و درووست کردنی دیوارێکی بەرین لە نێوان خویان و یاسا تا ناچار دەبن پەلاماری دادگاو یاسا بدەن بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە بۆ شاردنەوەی ئەو کارە نایاساییانەی لێیان دەقەومێ و چۆن بخوازێ دادگا وا بەڕێوە دەبەن بەو جۆرە کاری پۆلیسی ڕیگای خراپ دەگرێتە بەروو لە پاڵیا دزو قاچاخچێتی و بڵاو بوونەوەی مادەی هۆشبەروو هێنان و بردن بۆ دەرەوەو ناوەوەی وڵات لە ڕێی نایاساییەوە تەشەنە دەکات هەندێک جار بۆ پاساودان خۆپاکردنەوە کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوان یا سووکە تاوانبار ئەبنە قوربانی شاردنەوەی ڕاستییەکان .

بۆ ئەوباسانە ، کە یاسا کەوتە دەستی یاسا نەناس بارێکی شێواو ڕوو لە کۆمەڵگا دەکات و ئەبێت بە خوو ئەبێتە ئازار و گرفت بۆ خەڵک و پرواو متمانە نامێنێ کاروو بار گومانی تێدەکەوێت و وەرگرتن و دان لەڕێی یاساییەوە خێری زۆری نابێت و زوو نایاتە دەستەوە ئەوەش پێویست بە درووست بوونی پەیوەندی گوماناوی و بەتیل دان و وەرگرتن دەکات وردەوردە جیاوازیەک پەیدا دەبێت لە نێوان ژیانی خەڵکدا خەڵکی ئاسایی کاری یاسایی دەکات و ماندوو دەبێت بەڵام بەرهەمێکی باش یا مەزەندە کراوی خۆی پەیدا دەکات کەچی ئەبینێ کەسانێک ئەیان ناسێ و نەبووش بوونە لە

پڕێکدا لە دەوڵەمەندیدا هەڵدەتۆقێن پرسیار لە خۆی دەکات بۆ .

کامە حیزب دەگریت بەتایبەتی پلە باڵاکانیان کادیرە ناوەندی و کۆنەکانیان ئەوەندە دەوڵەمەندن پێویست بە گومانیش ناکات بڵێی دزە نەک هەر خۆی کەس و کاروو زۆر لە نزیکەکانیان بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوونە دیارە هی کاسبی نیە ، بۆیە ئەبینی هەر چەند کەسێک بۆ مەرامی خۆی مانەوەی لەدەسەڵات خۆی بە یەکێکی دەسەڵاتداری لەخۆی گەورەتر هەڵواسیوەو لە زوونی سەوزدا و کە ئەشگەنە ئاست یەکتر برای گیانی بە گیانین لەگەڵ ئەوەشدا گیانی شۆرشگێری بە دڵ و بەدەم جێی دڵ خۆشی نیە بەڵام ناتوانرێ لە جوخزی تێکۆشەرەکان دەریان بکەیتە دەرەوە گەر داوام لێ بکەن ببیتە پێشمەرگە هەرگیز بێ دوو دڵی لەوێ دەبم گەر بەرپرسەکەم لە هەرە هەڵتۆقیوە دەوڵەمەندەکان بێت لەسەر حیسابی پاشخانی شۆرشگێری ، بەڵام لە زوونی زەرددا سەری خێڵ کە سەرۆکی پارتییە هەموو شتێکە و دەورەکانی دابەش کردووە بۆ دەست بەسەرا گرتنی هەموو جومگەکان و پاراستن بەسەروو گوێلاکی هەموانەوەیە و سەرکردەکانی تری پارتی لە جوخزی داواو پێداویستی و فراوانەکانی سەرووی خۆیان لە کۆیلەیەک بەولاوە هیچی تر نیەو ئەوەی لە فرمانی ئەمان دەرچێت ژیانی لەدەستداوەو کۆچی دوایی کردووە بە فەرمانی خوا ، خێڵ لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا تەراتێن دەکات بە دنیادا چونکە ئاسانن لە بەکار هێناندا ، زەرد و سەوزە دەستیان بەسەر جومگەی ئابووری کوردستان دا گرتووە و بوونەتە خاوەنی سەدان ملیار دۆلار لە بژێوی خەڵک و داواش دەکەن خەڵک هێشتا خۆراگربێت و خەڵکیش بە حیزبی سەوزیشەوە دەست بەسنگەوە بۆی دەوەستن سکالاشیان بۆ دەکەن و ستایش ئەوە هەر باس ناکرێت ، هەرێمێک ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەی ببرێت ئەبێت چی لە مێشکی جینگڵ بدات بەتایبەت ئەوانەی هیچ پەیوەندیان بەهیچ حیزبێکەوە نیە .

ئەو حیزبانە ئامادەیی و زانکۆکانیان پاوان کردوە بە مامۆستاکانیشیانەوەو ، زانکۆی نا حوکوومیان قوت کردۆتەوە منالەکانی خۆیانیان و دەوڵەمەندەکان کە خاوەنی پلەی زۆر کەمن وەردەگیرێن منالی خەڵکە هەژارەکەش پلەی زۆر باشیشی هەبێ جێی لە زانکۆ حوکمەتییەکانیش دەست ناکەوێ ، ئەبێ خوێندکاری کورد هۆش و گۆشی بەرامبەر ئایندەی کورد چی بێت لە سایەی خوێندنی ئەو خوێندنگایانەوە .

بەدرێژایی ئەو ٢٣ ساڵ حوکمڕانییەی ئەو حیزبانە نەمان دیت دادگا هەڵوەستە لە سەر هیچ بابەتێکی ژیاری کۆمەڵگا هەبێت و بە دوادا چوون بکات و بڕیارێکی گرنگ دەربکات میللەت ئاهێک هەڵکێشێت بڵێت هێشتا خێر ماوە ، لە دوایین هەڵوێستی ئەنجوومەنی دادوەری نەک دادگاش پێیان خشاند بەسەر یاساداو ڕەوایەتیان دایەوە بە سەرۆکی بەسەرچوو ، دادگایەک نەیتوانیوە لە فرمانی خێڵ دەرچێت ئەبێت چ کاردانەوەیەکی لە سەر سەروەری یاسا هەبێ لە سایەیدا چ ڕێنمایی و پەندوو وانەی یاسایی پێشکەش بە تاکی ئەم هەرێمە کرابێ و خەڵک دڵی بسووتێ بە هەرێمێک پێی دەڵێن کوردستان و گیانی نەتەوەیی و هاونیشتمانی تێدا درووست بووبێ جگە لە بێزاری ، نامەوێ زۆر درێژەی بدەمێ ، بزانین چی بەو حیزبانە بڵێین تا بێنەوە سەر خۆیان و هەرێمەکەمان بەرەو لەنگەری ئارام بەریین :

**یەکەم /** حیزب ئامرازی هوشیار کردنەوەو کۆکردنەوەی خەڵکە بۆ حوکمڕانی خەڵک و خزمەت گوزاری خەڵک ، حیزبەکان خۆیان بژێنن بە پارەی ئابوونەو هەر جۆرێک پارەی ڕەوا نەک لە بودجەی خەڵك .

**دووهەم /** هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیان و بڕینی مووچەکانیان گەر لە بودجەی گشتییە .

**سێهەم /** هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پاراستن و زانیاری و بڕینی هەموو خەرجیەکانیان ، بەوەش هاونیشتمانیان سەریان سووک دەبێت لە نەمانی دەزگای چاوسورکردنەوەو کوشتنی خەڵک و پاکتاوی حیزبی .

**چوارەم /** هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە هێزێکی چەکداری حیزب ، قەدەخەکردنی حیزبایەتی لە سوپای کوردستاندا کە درووست کرا ، ئەو سوپایەی نانێتە چاوسوورکەرەوەی کەس ئەوسا بزانیین کام سەرۆکی ماوە بەسەرچوو ئەتوانێ خۆی بە کورسییەوە بچەسپێنێ ، ئەوسا سەرۆک هی وڵات و نەتەوە دەبێت و ڕێزی لێدەگیرێ جا جەمەدانیەکەی هەر ڕەنگێک بێت ، ئەوەی تەمەنی تێپەڕاندووە خانەنشێن بکرێت بەپێی ساڵ و بەڕێوەبردنی خێزانەکەی ئەوانی تر بچنە سوپای کوردستانەوەو بەڵێن بدەن پێشمەرگەی حیزب نابن چیتر .

**پێنجەم /** دەزگا ڕاگەیاندنەکانتان تەلفزیۆن ڕادیۆ گۆڤار ڕۆژنامە کانتان خەرجی خۆتان بیدەن گەر لە بوودجەی گشتی هەیەتی بپردرێت .

ئەو پێنج خاڵە گەر جێ بەجێ بکرێت حیزب وەک مێردەزمەیەک بەسەر کۆڵییەوە نامێنێت و ئاهێک بەبەر خەڵکا دێت جیوازی نێوان خەڵک کەم دەبێتەوەو ئەوسا کەس بە گومانەوە ناڕوانێتە ئەوی ترو متمانە لە نێو خەڵکدا درووست دەبێت ڕێزوو خۆشەویستی باڵ بەسەر خەڵکدا دەکێشێتەوەو پارەو خەرجیەکی زۆر پاشەکەوت دەکرێت و چیتر لەپەناوە حەپەلووش ناکرێت و گیانی کوردایەتی جێگای گیانی حیزبایەتی دەگرێتەوە و سەرۆک سەرۆکی هەموان دەبێت و بۆ کورد دەپەرژێتە سەرکارەکانی .

## ٢ - نەبوونی دەستوور

ماڵی بێ دەرگا ئاوەڵایە بۆ ئەوەی هەموو شتێک خۆی پیا بکات ، وەک ئێستای کوردستان هەر حیزبە بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی دێو دەچێ بە ئارەزووی خۆی یاری بە جومگەکانی دەسەڵات دەکات ، حەزیش دەکەن هەر وا بمێنێتەوە چونکە بچووکترین گۆڕان کاری ئەبێتە هۆی لەق بوونی دەسەڵاتیان وەک خوا ئەو دەسەڵات و خاک و خەڵکەی بەوان داوە نابێ بگۆڕێت ، ئێستاش ئەوەندە لاریان نواندووە لە کوردستاندا و لە ئاستی ئەو ئەرکەدا نەبوونە تاڵان کردنی وڵات خۆ سەپاندن بە زۆری زۆردارەکی بەڕەوا دەزانن ، کورد دەڵێ هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ تەنها ستەم و زۆرداری لە ئەستووریدا دەپسێت ، دەسەڵاتێک ئەو هەموو نەهامەتیەیەیان لە بەرچاو نیە بەسەر کورد دا هاتووە و هەر ڕۆڵەی کوردە خوێنی گیان دەبەخشێ بۆپاراستنی دەسەڵات و خاک و نەتەوەکەی بەڵام بە چاوی کەم ئەیڕواننێ ئەوەی لەکیس دەسەڵات دەچێت گیانی شاد شەهید نەمرەو لە بیرتان دەچێتەوە بۆ شەهید بوو ، بەلاتانەوە گرنگ نییە لە ١٩٦١ وە خەڵک شەهید دەبێت لە ١٩٦٤ وە تا ئێستاش هەڕەشەن ، کوری خەڵک بەدەستی یەکتر شەهید دەکەن ،بەلای منەوە هەر کەسێ شەهید بوو لە شەڕی برا کوژیدا شەهیدە نەک وەک ئێوە خوێنی ئاژەڵ و مرۆڤی کوردتان لا وەک یەکبووە ، بۆیە هەرگیز مل نادەن بۆ کورد بۆ دەستوورێک بۆ کورد بنووسرێتەوە ، وڵاتێکی وەک **وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا** نیمچە کیشوەرێکە دانیشوانەکەی ٣٧٥ ملیۆن خەڵکە دەسوورێکیان هەیە **٧** مادەیە لە گەڵ **٢٧** مادەی هەموار کراو کە هوشیارترین کەسەکانی نوسیویانەتەوە بۆ دانیشتوانی ئەمریکا تا دیموکراتی تێدا لە سەرۆکەوە تا دواکەسی

وڵاتەکە لە سایەیدا بەختەوەر بێت و بژێت و لەوساوە یاسا دوای یاسا لەسەری کەڵەکە دەکەن بۆخۆش گوزەرانی خەڵک ، کەچی میللەتی کورد تا ئێستاش هەرێمی باشووری بەلەتوو پەتی ماوەتەوەو دەیان هەلی بۆ هەڵکەوتووە درووست ببێ و ڕووەو وڵات هەنگاو بنێت کەچی چەند حیزبێک بە سەرۆکایەتی چەند کەسێک کە بەخت یاریان بووە بە شێوازە نادرووستەکان بەدەستیان هێناوە بوونەتە مایەی نەهامەتی بۆی . ئەبوایە لە بەر چارەنووسی کورد بۆ سەربەرزی خۆشتان کۆمەڵێک خەڵکی شارەزای یاسایی و ڕۆشنبیری دڵسۆز بۆ کورد نەک لە حیزبەوە لە ناو کۆمەڵەوە دەست بژێرتان بکردنایە دەستوورەکەیان بنوسیبایەتەوەو بیاندایەتە پەرلەمان پەرلەمانتارەکانیش سوێندی یاساییان بخواردایە  کە ئەو دەستوورە بۆ کورد نوسراوەتەوە گەر بینیتان خاڵێکی فاریزەیەکی نوقتەیەکی ئەبێتە هۆی داشکانەوە بەلای حیزب یا هەر حیزبێکدا هەڵوەستەی لەسەر بکن و بیگەڕێننەوە بۆ دەستەی نووسەروو پیابچنەوە ئەوجا پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات بخرێتە دەنگدانەوە لای خەڵک و بە ئاو نەخێر دەنگی پێ بدەن ، بزانن چ تینێنێک ئەدات بە نەتەوەکەمان هەنگاوی قەڵەمبازانە دەهاوێت لە پێشکەوتندا .

دەستوورێک سیستەمێکی حوکمڕانی تۆکمەو یەکگرتوو بتوانێ بپەڕژێتەسەر هەموو گرفت و بەسەرهاتەکان و ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی خەڵک.

سیستەمی حوکمڕانی سەرۆکایەتی بێت ، پێک بێت لە سەرۆک و وەزیرەکانی ، دادگای بەرزی باڵا ، پەرلەمانی کوردستان ، وەزارەتەکانی حوکمەت لە ١٥ وەزیر تێپەڕ نەکات ، دوای هەڵبژاردن حیزب کاری بەسەر حوکمەتەوە نەبێت لە هیچ بریارێکدا بەشدار نابێت بەچاک و خراپ بەتەواوی دوور بکەوێتەوە ، لە هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکی سەرۆک و وەزیری پێشمەرگەو دەستەی ئەرکان بەر پرسن و سەرکردەی حزبەکان بە کاری حیزبی خۆیانەوە سەرقاڵ دەبن ، لێرەدا بەپێویست دەزانرێ کە موچەی مانگانە دیاری بکرێت بە پێی پێداویستییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگار نەبوو لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا بتوانێ دەست بە پارەو سامانەوە بگرێت و هاونیشتمانیان ڕابێنێ ، ئەو پایەو پلانەش بۆ پێشکەش کردنی خزمەتە نەک بۆ دەوڵەمەندبوون ، ٢٣ ساڵە دەستوورتان بەهەند وەرنەگرتووە بۆ پاساوی تاڵان و حەپەلووش کردن و نەبوونی هەل و مەرجی نەشیاو نەخۆتان نە ئەندامانی حیزبەکانتان و کۆمەڵانی خەڵکیشتان بە کێشی دوای حیزبایەتی خۆتان کردو گیانی نەتەوەییتان خستە بەر بەرژەوەندی تاکە کەسی و سەرکردەی کارێزمایی خۆتان ، تا ئەمڕۆ یاریان پێ بکەن بە نیو مووچە بیان خەڵەتێنن.

بوونی دەستووری نەتەوەیی زەنگی نەتەوەییە بۆ هەموو کورد لە سەر قاچ وەستانی ، زەنگیشە بۆ داگیرکەران کە ئێمە چیتر پەرتەوازە نین و ناتوانن بخزێنە نێوانمانەوە بە پێی دەستوور هەموو پیلانە ناوەکی و دەرەکیەکان لە گۆر دەنێین ئەوە نیشانەی یەکێتی نەتەوەیی و یەکپارچەییمانە .

دەستوور هەموو ڕێگاکان لە پەلاماری دەرەکی دادەخات و ڕێگا خۆشدەکات چۆن بەرەو دۆستایەتی لە نەتەوەکانی سەردەست گفتووگۆی هاوسێیانە بکەین کە هیچمان دوژمنی یەکتر نین ئەوە ڕژێمەکانە ئەو ناکۆکیانەیان لە نێوانمان درووست کردووە خەڵکە نەخۆشەکانی عەقڵن تۆوی دوژمنکارانەیان لە نێوانمان چاندووە .

ئێستای بێ دەستوور یا دەستوورە حیزبییەکەی ئێوە ئەو نەخۆشە دوژمنکارانەی نەتەوەی سەرد دەست لێکتان دادەبڕێ و خوێنی یەکترتان پێ دەڕێژێ و سامانی وڵاتتان بە تاڵان دەبات و لە ناو خۆتانا دەیان قوتابخانەی هەڵخەڵەتاندن دەکاتەوە بۆ لە خشتە بردنی نەوەکانمان ، گەر وەک ئێستا بمێننەوە دواڕۆژی نەفرەتی زەمین و ئاسمانتان لێدەکرێت .

بۆ لە گۆرنانی گەندەڵی دەستوورمان دەوێت بۆ:

**١ - بەرابەر کردنی مافی هاونیشتمانی بوون و یەکسان بوونمان لە بەردەم یاسادا .**

**٢ - یاسا لە هەموو شوێنێک هەبێت و حیزبی لێ نەبێت .**

**٣ - حوکمڕانیەکی دیموکراتی مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن و نەهێشتنی بەش بەشێنە سندووقەکانی هەڵبژاردن یەکلاکەرەوە بێت.**

**٤- حیزبێک کە زۆرینەی دەنگی هێنا نەبێتە دیکتاتۆروو فەرمانڕەوایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە.**

**٥ - دادگای ئازاد سەر بە حیزب نەبێت ، دەسەڵاتی دادگایی کردنی گەورەترین بەرپرسی هەبێت بە پێی یاسا.**

**٦ - ئازادی ڕادەربڕین و نەهێشتنی سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەوانی.**

**٧ - سامانی نەوت و گاز و هەر چی ژێر زەمینییە موڵکی خەڵکی کوردستانە بەپێی یاسا بەکار ببرێت و داهاتەکەی لە خزمەتی وڵاتدا بەڕوونی خەرج دەکرێت و لە بانکی کوردستاندا کە پارێزەرێکی دەسپاک وریاداری دەکات .**

**٨ - هێزی پارێزەری وڵات لەدەستی حوکمەتدا بێت و چیتر ڕێگا بە حیزب نەدرێت چەکداری هەبێت .**

**٩- وڵات پاشەکەوتی دارایی هەبێت و کەرتی کشتووکاڵ ببووژێنێتەوەو پێشەسازی بخاتە گەڕوو پەرەی پێ بدات .**

**١٠ - پرسی نەتەوەیی سەودای لەسەر ناکرێت و هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات باکوور و ڕۆژ ئاوا بەشێکن لە سوپای ئایندەی کوردستان .**

**١١ - هەموو ئاینەکان ئازادن و ئاین لە حوکمڕانیدا نەبێت .**

**١٢ - بە پێی یاسا هەر ڕێگایەک وڵات بەرەو گەندەڵی بەرێت بپردرێت حوکمی تاوانی دژی نەتەوەی بەسەردا بسەپێندێت .**

**١٣ - دەستەی ئەستۆ پاکی کەسانی ئازادو یاسا ناس و ڕابووردووی پاکیان هەبێت و پشتی یاسا بەرنەدەن .**

**١٤ - بودجەی وڵات بۆ پەرەپێدانی وڵات و مووچە خۆرانە ئەوانەی بە فەرمی دامەزراون ڕۆژانە کاری خۆیان بە پێی کاتی دیاری کراو کاردەکەن.**

**١٥ - جۆری پەیوەندی هەرێم بە عیراقەوە دیاری بکرێت ، دیاری کردنی حوکمی کۆنفدرالی باشترینەو هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆبوون.**

**١٦ - هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بىن و دەستی حیزبی پێ نەگات ، پەروەردەی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی**

**تەواو کرابن کە بە کار هێنانی چەک و توندوو تیژی بەرامبەر هاونیشتمانی کاری قێزەون و شەرم هێنەرە .**

**١٧ - ئەمخاڵە کە سەرچاوەی دادپەروەری و سەروەری یاسایە ئەویش سەرۆکی هەرێم لە دوو خۆل هەر یەکەی ٤ ساڵ تێنەپەڕێ .**

**١٨ - زمان پاراوی پێویستە بۆ تاکی کورد بۆیە دەبێ گرنگی سەدا سەدی پێ بدرێ لە باخچەی منداڵانەوە تا پۆلی دووی زانکۆش بخوێندرێ و کۆڕی زانیاری کوردی بۆ زیندوو بکرێتەوەو هەوڵ بدرێت لە ئایندەدا زمانی یەکگرتووی کورد لەسەرجەم پارچەکانی کوردستان قسەی پێ بکرێت .**

باوەڕم وایە گەر هەمووومان بکەوینە خۆ مەرج نیە حیزب کۆمان بکاتەوە ، بانگەوازێکی کوردانە ئەتوانێ کۆمان بکاتەوە لە گۆرەپانێکدا یا لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە بۆ دەنگەوەهاتن و دەربازکردنی نەتەوەکەمان لەباشووری کوردستان لە گەندەڵییەک دەستی لە بینەقاقامان گیر کردووە ڕۆچۆتە گشت جومگەکانی ژیانمانەوە ، ئەم باوەڕە بەدەنگەوە هاتنێکی سپێ دژە خوێن ڕشتنە مرۆڤی کورد دەبێ شەرم بکات دەست لەسەر هاو نەتەوەی خۆی بەرز بکات گوێگرتن لە یەک باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئەنجام ، لە پێشی هەموو شتێکەوە پێویستە مل کەچی یاسای مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیین .

**مامۆستا شێرکۆ**

**٤ شوبات ٢٠١٦**

## لەشکرێک لە پارە خۆر

بارودۆخی ئێستای کوردستان و دوارۆژیش ئاڵۆزتریش دەبێت گەر هەموو کورد پێکەوە دوور لە بەرژەوەندی تاک و حیزبی شان نەدەنە بەری، ئەوەی بەڕاستی بێت دەبێت گوێ بگرێت و بیرو بۆچونی تاکی کورد بە هەند وەربگرێت.

پەیامی من پەیامی تاکێکی کوردەو ڕاشکاوانە دەڵێم بەر پرسی یەکەم لە چاک و خراپدا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، چۆن شانازی بە کاری باشی خۆیەوە دەکات ئاواش دان بە کەموو کووڕیەکانیدا بنێت.

لە کوردستانی ئێمەدا لەشکرێک لە پارە خۆری بێ بەرهەم هەیە کە سەرتاپای لە خزمەتی سیاسەتی حیزبیدا بە کار دەهێنرێت بۆ پتر پەیدا کردنی دەنگی زیاترو پایەو پلەی زیاتر.

پارەو چەک مایەی خۆش گوزەرانی و ماڵ وێرانییە لە دەستی فەرمانڕەوادا لە بە چاک بەکارهێنانی یا خراپ بە کار هێنانی جا فەرمان ڕەواش دیموکرات خواز یا تۆتالیتار.

فەرمانڕەوایەتی ئەمڕۆی کوردستان هەرچەندە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەسەر کارە بە لام لە کردەوەدا سەدا سەد تۆتالیتارییە، ئەم رونکردنەوەیەم بە تۆمەت دەدرێتە قەڵەم ، لێرەوە ئەم خاڵانە

ئەخەمە ڕوو:

١ سەپاندنی حیزبایەتی بەسەر هەموو دەزگاکانی حوکمەتدا کە هیچی بۆ حوکمەت نەهێشتۆتەوە

٢ رێکخراوە بە ناو دیموکراتییەکان سێبەرێکی تری سەپاندنی حیزبایەتین لە توێژەکانی کۆمەڵدا

٣ دابین کردنی بودجەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە بودجەی گشتی کوردستاندا کە بوەوتە مایەی بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر ، کە پێویستە حیزبەکان لە رێگای ئابوونەی ئەندامانیانەوە دەرامەتی حیزبی خۆیان دابینی بکەن، ئەم خاڵە راستەوخۆ بەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەیە و کەڵکی نا بەرپرسییارانەی لێ وەردەگرن، بۆیە پێویست دەکات بوودجەی هیچ حیزبێک لە بوودجەی کوردستانەوە دابین نەکرێت

٤ هێزی پێشمەرگە تا ئێستا داردەستی حیزبایەتییەو بۆ مەبەستی حیزبی بەکار دەهێنرێت ئەگەر وانییە

فەرمانی حیزب جێبەجێ ناکەن ، هەروەها بۆ چاو سوورکردنەوە بە کار دەهێنرێن ، وەزیری پێشمەرگە کەسێکی بێلایەن بێت

٥ داهاتی کوردستان بە تەواوی لە لایەن حوکمەتەوە ئاشکرا بکرێت و کەسێکی بێلایەن بکرێتە وەزیری دارایی تا بەروونی وەڵامی پرسیار کەران بداتەوە بێ دوودڵی

٦ نەهێشتنی پاراستن و زانیاری وەک دوو دەزگا دژ بەیەک ، دژ بە خەڵک بۆ حیزبن ، بە درووستی هەڵبوەشێندرێتەوەو بخرێنە سەر دەزگای ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بکات

و کەسێکی بێلایەن وەزیری ناوخۆ بێت

٧ سەرۆکی هەرێم سەرۆکی حوکمەت باوەڕی پتەویان هەبێت بە دادی کۆمەڵایەتی و واز لە کاری حیزبایەتی بهێنن کورد پەروەربن

لە ئێستادا جەخت کردنەوە لەسەر ئەوخاڵانەی سەرەوە کە کلیلی چارەسەری بنەڕەتین ئەرکی هەموو تاکی کوردە.

با دەزگاکانی راگەیاند بە شان و باڵی خۆیان و سەرۆک وسەرۆکی حوکمەتو کابینەکەیدا هەڵنەدەن کە چیان کردووە کردنی ئەرکی سەر شانیانە شەرم و نەنگییە بەچاودادانەوەی خەڵک کە ئەوانی گەیاندۆتە ئەویَ.

شێرکۆ عەسکەری

٢٠١١/٣/٤

Aminaskari50@hotmail.com

## •مشەخۆریەکە•لە•کوێدایە•؟

*ئەم وتارەم لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە سایتی سبەی بڵاو کردەوە ، ئەیخەمەوە بەردەستان .*

نەریتێکی نەخۆش سەپێنراو بەسەر نەتەوەیەکی بێ وڵاتدا لاسایی کردنەوەیەکی دزێوانەو قێزەونانە کە دواڕۆژی کورد بەرەو نادیار دەبات . من لە ئەمەریکا دەژیم ئەوەندەی گوێبیست بوومەو لێی گەڕاوم تا بەرچاوم بکەوێت و نەمدیت ، دیارە ١٠ ساڵیش کەم نییە بۆ بینین و زانین ئەویش دیاردەی بارەگای حیز ب و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کە بەزەڕبینیش بە دوایدا بگەڕێی نای دۆزیتەوە تەنها کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی وڵات میدیاکان بە چڕی ئەکەونە بڵاوکردنەوەی چالاکی کاندیدی هەر حیزبە تا یەک لا ئەبێتەوە بۆ کەسێک .دیارە هەریەکە بە پێی توانای سیاسی و عەقڵی خۆی کار دەکات بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتروو پارەی زیاتر بە پێشکەش کردن و ڕوون کردنەوەی ژیان بەرنامەی خۆی لە سەرۆکایەتی کردنیدا لەم هەڵمەتەی ڕاگەیاندنەکانیاندا بە تەواوی پشت ئەبەستن بە دارایی خۆیان و ئەو پارانەی کۆی ئەکەنەوە لە لایەنگرانی حیزبەکانی خۆیان ، پڕی پارەی کۆکراوە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی لە ئەمەریکا کە وڵاتێکی سەرمایەداریە و نابێ زیان بە ئابووری سەرمایەداران بگەیەنێ ، لەو دۆخەدا کەسێکی هەژارو نەدارا توانای هەڵسووراندنی ئەو پرۆسەیەی نیە جگە لەوەی مەرجی تایبەتیش هەیە بۆ کەسی خۆهەڵبژێر لە ئاستی هوشیاری و دەرچووی زانکۆ یا سینەتۆر یا کۆنگرێسمان یا فەرمانڕەوای ولەیەتێک بێت ، بۆ گەیشتن بەو جێگایانە چەندین هەوڵ و کۆشش و تاقیکاری تریشی بە خۆیەوە دیوە لە بابەتی سەرۆکی گەڕەک شارەوانی شاری گەورەو بچووک کە هەمووی لەسەر حیسابی خۆی و خزمەتگوزارییەکانی بووە کە پێشکەشی کردوون بە خەڵکی ئەو شوێنەی لێی ئەژیت ، لەم وڵاتەدا خوویەکی زۆر بەرجەستەو دیاروو باش هەیە ئەویش خزمەتکردنە بە بێ بەرامبەر وەک نەریت وەرگیراوە لە لایەن زۆربەوە و باوەڕی پێیەتی ئەشێ ئەو کەسە نە حیزبی بێت نە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکیش بێت نە مرۆڤێکی ئاینیش بێت .

لە کوردستاندا حیزب بۆتە مۆتەکە و دەستی لە بیناقاقای خەڵک ناوە لەبەر ئەوەی خاوەنی بەرنامەی ڕۆشنی ئاوەدان کردنەوەو بەرەو پێشەوەبردنی وڵات نین و پیروایان بە نەتەوەو نەتەوایەتی نیە گەر نووزەشیان لێوە بێت بۆ پاراستن و بازرگانی کردنە بەسەر خەڵکەوە ، لە جیاتی باوەڕ بوون بە دیموکراسی و ڕاهێنانی خەڵکی بەو گیانە ، سەرکردەی حیزبەکان حاکمی یەکەمن و پریاردەرن و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو خەڵکدا کێشاوە . ٧٠ ساڵی مۆتەکەی حیزبی لەسەر ڕوسیاو ئەوروپای ڕۆژهەڵات دووچاری داڕووخان هات و ڕەورەوی ژیان لەکار نەکەوت ژیان ئاسایی بوەوە ، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بە تواناو بە بەرنامەش بوون و وڵاتەکانیشیان زۆر پێش کەوتوو بوو ن لەڕووی ئابووری و زانستەوە بەڵام پایە کۆمەڵایەتیەکەیان لەسەر بنچینەی زەبروو زەنگ و داپڵۆسینی دەنگی دیموکراسی بوو بە نەزمی هاتنە سەرکاریان زەبروو زەنگیان ڕووکردە خەڵک و ئەنجام داڕووخا .

کە تەماشای تیقی دەکەیت کە سایتەکان دەخوێنیتەوە زۆربەی باسەکان پەیوەستن بە حیزبەکانەوە ، حیزبەکان نەک هەر خۆیان دێوەزمەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی مشەخۆریان لەدەورە بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی ئەختەبووتی خۆیان .

جا مشەخۆرییەکە لە کوێدایە ، ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لانی کەم دوو مووچەی مانگانەیان هەیە دوو نەسریەیان هەیە دوو یارمەتیو نەسریەی پاسەوانەکانیان هەیە

جگە لەوەی دەسەڵاتی دامەزراندن و تڕۆکردنیان هەیە بێ گوێدانە شایەستەیی یا ناشایەستەیی، لاوازوو خوارەوەیان لاوازو بێ دەسەڵات و ترسنۆک لە ئاست سکرتێرو سەرۆکی حیزبەکەیان ، سەرەوەش لەسێبەری پاسەوانەکانیشیان دەترسن لە پێناو مانەوەیان لە دەسەڵاتدا ، هەرچی دەسەڵات هەیە دراوە بە سکرتێر و سەرۆکی حیزبەکان لە خوار ئەوانیشەوە کورد ئەڵێ گەورە ئاو ئەڕێژێ گچکە پێی تێ دەخشێنێ ، خراپتر دەکەن هەموو خەریکی **پرووح•بددەم• نەفدیک•یا•سکرتێر•یا•سەرۆک•**بۆ پاساودانی بەرژەوەندی خۆیان تا خواری خوارەوە گەر وانیە بۆچی لە لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆوە لە ناو ڕیزەکان لەناو وڵات کە دەوری کاریگەری و یەک لایی کردنەوەی هەیە لە چاکسازیدا . جا مشەخۆری لەناو حیزبەوە تەنیوەتەوە بەرەو دام و دەزگا بە ناو حوکمەتیەکان ، ئەوەی فەرمانبەری حیزبییە پشکی شێری هەیە لە هەردوولا دەخوات وەک گای ناو جۆگا ، بوونی ناوچەو کۆمیتەو لق و مەڵبەندو نوێنەری سکرتێرو سەرۆک بۆ هەموو کاروو بارەکان دری بە هەمووشیان داوەو کەس لە ئاستیاندا نابێ بقۆخێت چونکە هەمان دەسەڵاتی ئەوانیان هەیە بگرە جاروو بار دەسەڵاتی زیادەش بەخۆیان دەدەن و چاو سوور کەرەوەشن لەوانەیە هەڕەشەو زمان پیسیش بکەن لە پەناوە .

کێ ئەو هەموو ناڕەوایەتیەی کردوە بەماف و داویەتی بەو مشەخۆرانە ، هەرچی مشەخۆری و گەندەڵی هەیە لە ئەستۆی سکرتێرو سەرۆکە چونکە ئەوان نایانەوێ چاکسازی بکەن ، گوێیان بەفیڕۆدانی خوێنی تێکۆشەرەکانیان نیە لەبەر مانەوەی دەسەڵاتیان ، زۆر چاکیش ئەزانن گەر بە مردنیش بێت دەسەڵاتیان ئەکەوێتە دەستی خەڵکی تر ، کەواتە بۆ لە مێژووی پیاو چاکاندا ناوی خۆتان تۆمار ناکەن ، وەرن بکەونە وتوو وێژ لەگەڵ کورد خۆشەویستان تا جارێکی تر خۆشویستی کوردو کوردستان بکەنەوە بە دەروونتانا، وەرن با ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکدا بدوێین ڕاستییەکان یەکلا بکەینەوە من نامەوێ شوێن بە ئێوە چۆڵ بکەم پێشم ناکرێ و ناشمەوێ ئەوەی گەرەکمە کەرامەتی هاونیشتمانیانی کوردستانە و نەدۆرانی ئەو پرە دەسکەوتەیە ، برەو پێدانی ئەو نیمچە ئازادییە ، پتەوکردنی گیانی نەتەوەیی و خزمەت کردن ، دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بەبێ جیاوازی ، تێهەڵدانی بەرژەوەندی تایبەت لە حیزبایەتیدا ، هاتنە خوارەوەتان لە قوللەی قاف و لووت بەرزیتان داگرن ، واز بهێنن لە مشەخۆریتان لە سەر حیسابی خەڵکی کوردستان چونکە هەموو کورد ئەتان ناسێ کەسێکتان بازرگان یا ملیۆنێر نەبوون پێش هاتنتان بۆ ناو شۆرش ئەوەی هەتانە لە سایەی کوردەوە بەدەستان هێناوە ، بە هۆی ئێوەوەیە مشەخۆرە گچکەکان ماڵی خەڵکیان وێران کردووە، ١٧ ساڵە پارە دێتە دەستتان ئەبوایە کوردستان شامی شەریف بوایە و کەس بێدەرەتان نەبوایە و خۆشگوزەرانی لەدەرگای هەموو ماڵێکی بدایە کە ئەوسا توانای هەموو بەگژا چوونەوەیەکتان دەبوو دەرەکی یا ناوەکی داشتان سوار دەبوو بەسەر حوکمەتی بەغداو حوکمەتە نەتەوە پەرستەکانی ئێران تورکیا ، بەڵام ئێستا مل کەچن بۆ هەر فشارێک بیخەنە سەرتان چونکە دەسەڵاتداریتان لەسەر بنچینەی کوردایەتی و ئازادی کوردستان نیە پاساوتان بۆی هەمیشە باری جوگرافی بووە ، گەر هەروا بکەن و بیرکردنەوەتان وابێ کورد بەرەو شەرمەزاری ئەبەن و بێ هیوایی بەشی ئەبێت .

مامۆستا شێرکۆ

# هەبوونەبوو

بۆتان ئەگێڕمەوە
هەبوونەبوو
لەسەروو چاوەی دوو زێدا (1)
مرۆڤێک بوو
ئەی ووت
لێرە لەدایک بوومەو لێرەش زیندووئەبمەوە
لە نێوان لە دایک بوون و زیندووبوونەوەدا
لولو، کوتی ، کاردۆ ، کاردۆخی ... کوردم بەسەردا دابڕا (2)
کەچی هەرخۆم بەخۆم دەڵێم کوردم
زەرزی و شانەدەری و هەزارمێردوو چەرمۆ (3)
شوێنەواری ڕەجەڵەکی منە
دیاربەکروو وان و ورمێ و شنۆ و سابڵاخ
بێستوون و شیرین و فەرهاد و بابەگوڕگوڕ
ناسنامەی مێژوویی منە
لە چاڵدێراندا لەتیان کردم (4)
لە سایکس بیکۆی شوومدا (5)
لە ناسنامەی جوگرافیدا بێ بەشیان کردم
بەوەشەوە نەوەستان
لە هەموو لاوە لێم قوت ئەبنەوە و خۆیان بەمیراتگرم دادەنێن
دەڵێ تورکی شاخاوین (6)
بەڵام لافاوی خوێن لەدەرسیم (7) هەڵئەسێنن
شێخ ڕەزام (8) بەدەیان هەزار مریدەوە دەکوژن
دەڵێ یەک ڕەگەزیین
بۆچی دەڵێن کوردیین
کەچی چوارچرایان (9) کرد بەسێدارەی قازی (10) و هاوڕەگەزەکان
لای خواریشمانەوە بەناوی خواو ئایینەوە
مافی توانەوەمان پێ ئەبەخشن
پێویست بەجیاوازی ناکات
لە پشتی یەک ئیمامەوەین
بەس مەڵێن کوردیین
کەواتە بۆچی ئیمامەکانمانتان ووردووخاش کرد
سەروماڵمانتان برد بەتاڵان
بە سوورەتێ قورئان
هەروەک ئیمامەکانی ئێوەبوون
یەک خواو یەک قورئان
کەچی هێشتا تێنەگەیشتوون لە (( لعلکم تعقلون ))
دەلەوەلاچن لە بۆ ئێوە ڕەوایەو بۆ من نەنگی. (11)

مامۆستا شێرکۆ
02 تەمموز2003

<u>پەراوێزەکان</u>

1 . زێی دیجلەو فورات ،

2 . ئەو ناوانەی بە کورد ووتراوە، بڕوانە ئاناباز دەربارەی 14 هەزار سوارەی یۆنانی 401 ی ،

3 . زەرزی،هەزارمێرد، شانەدەری ئەو ئەشکەوتانەن کە زۆر لەمێژە ئادەمیزادی تێدا ژیاوە، بەپێی سەرچاوە زا.ستییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ 60 هەزار ساڵ پێش زایین ،

چەرمۆ ، یەکەم شوێنە کە چاندنی دانەوێڵەی تێدا دۆزراوەتەوە لە نزیک شاری چەم چەماڵ ،

4 . چاڵدێران ، پەیمانی چاڵدێران لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان ١٥١٤ ز لەدیاری کردنی سنووری ئێران و تورکیا کە خاکی کوردانی دوو لەت کرد ،

5 . سایکس بیکۆ ، پەیمانی سایکس بیکۆ 1916 ز نێوان ئینگلیزو فەرەنسا کە ئەنجامەکەی دابەش بوونی کردستان بوو بۆ 5 بەشی لکێندراو بە تورکیا ، ئێران ، عیراق ، سوریا ، ئازەر بایبجان ،

6 . تورکی شاخاوی ، تورک بەکوردی کوردستانی لکێندراو بە تورکیاوە دەڵێ تورکی شاخاوی ،

7 . دەرسیم ، شارێکی کوردستانی باکوورە ( کوردستانی لکێندراو بە تورکیا)

8 . شێخ ڕەزا، تێکۆشەرێکی کوردە بەدەستی تورک شەهیدکرا ،

9 . چوارچرا ، مایدانێکە لە شاری سابڵاخ (مهاباد) لەوێدا شەهید قازی و هاوەڵەکانی لە سێدارە دران لە لایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە،

10 . قازی ، قازی موحەمەد ، یەکەم سەرۆکی کۆماری مهاباد ، لە سێدارە درا ،

11 . مەبەست ئەوەیە عارەب مافی وولات بوون بۆ کورد ڕەوا نابینێ هەروەها تورک و فارسیش .

# وەرن با دابنیشین نەک کۆبینەوە

کۆبوونەوە تا ڕادەی وەڕس بوون لە خۆتان و کۆبوونەوەکانتان ، دابنیشین بۆ بڕیاردان لەسەر دەستوور :

١ - بۆ کورد نەک بۆ حیزب

٢ - بۆ بەڕێوە بردنی وڵات بە پێی دەستوور

٣ - بۆ دەرباز بوون لە هەموو قەیرانەکان بە پێی دەستوور

٤ - بۆ دۆزینەوەی چاکترین ڕێگا بۆ سەربەخۆیی بە پێی دەستوور

کە هاتین بۆ دانیشتن دەروازەکان و پەنجەرەکان بخەینە سەرپشت لە ڕووی میدیادا ، پاسەوان نەهێنین خەڵکی دووروو و چەواشەکار نەهێنین بیروو باوەڕوو حیزبەکانمان لە دەرەوە بەجێ بهێڵین وەک بەرپرس و سەرکردەو دەسەڵاتدار نەیەین بۆ دانیشتن چونکە هەموومان کوردین ، بۆ کورد بین دەست بخەینە دەستی یەکەوە وەک کورد نەک وەک نەیاری حیزبی و مەزەب و بیروباوەڕ ، هەر لە سەرەتاوە دوای سەر دانەواندن بۆ سەربازی ونمان بۆ خوێنی ڕشاوی یەکە یەکەی ڕۆڵەی نەتەوەکەمان بۆ بەناهەق ڕژاوی خوێنی هەزاران ساڵ پێش ئێستا تا دەگاتە دەرسیم و خوێنی قازی و هاوەڵانی و بە کۆمەڵ شەهید بوونی بوردومانی هەڵەبجەی یەکەم قەڵادزەو گەلالەو هەڵەبجەی دووهەم و شێخ وەسان و سەوسێنان و گۆپتەپەو عەسکەر و قەڵاچۆکردنی بارزانیان و ئەنفالە بەدناوەکان ، پاشان سوێند بخۆین بە هەرچی باوەڕی ئاسمانی و زەوی هەیە ئەم دانیشتنە بۆ بەرژەوەندی سەدی سەدی نەتەوەی کورد بێت ، بڕیار بدەین کە دەستوور دوور بێت لە سازان و ڕێکەوتنی حیزبی وبازدان بەسەر خزم خزمێنەو بنەماڵەو خێڵەکێتی و چاو بکەن لەو وڵاتانەی گەیشتوونەتە پۆپەی زانست و پێشکەوتن لە کاتێکا چەند سەدەیەک تێپەڕناکات لە دەوڵەتداریان وەک ئەمەریکا و ئێمەی کوردیش چەند هەزار ساڵێکە لە سەر ئەم خاکە ژیان بەسەر دەبەین ، بەڵام نەمان توانیوە هەنگاو بنێین بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت ، کاتێ چاو ئەبڕینە ئەو وڵاتانە بۆ بەدەست هێنانی کۆمەک و پشتیوانی ئەوەمان لە بیر کردووە کە خۆمان لە سەرەتای سەرەتاکانی پشتیوانی کۆمەک بەیەکترمان تێدانیە و هەریەکەمان بەستراوینەتەوە بە لایەکی داگیرکەری کوردستان و شانازیش بەو جۆرە پەیوەندییە گوماناویانەوە دەکەین ، ئەوەندەش بە گومانین لەیەکتری وەک کورد ئەترسین لەوەی فەرمان ڕەوایەتیەکمان هەبێت لە شێوەی ئەمەریکاو سەرۆکێکی بوکەڵەمان هەبێت ناهەقیش ناگرم چونکە پەروەردەی ژیانی بەیەکەوییمان بە خۆمانەوە نەدیوەو نەتەوەکەمان لە ڕووی کردەیی خۆبەڕێوە بردنەوە بازی نەداوە بەسەر خێڵەکێتی و بە ناشکوری ناڵێم هەندێک لە کەسایەتیە دیارەکان هەم خۆیان خەڵکیش هاندەدەن ئەو دەمارە دواکەوتووە خێڵەکییە ببووژێننەوە بۆ مانەوەی خۆیان ، داخوازیم ئەوەیە دانیشتنەکەمان با نازناوی تێدا نەبێت و ناوی سیانی پێوە بێت ، بۆیە گەلی برا **دەستوور**بەهەند وەربگرن کێشەی هەموو خەڵکی کوردستانە لە چنگی حیزبی دەربهێنین و نەهێڵین لە پشتی پەردەوە سازانی لەسەر بکرێت بۆ بەرژەوەندی حیزبی و تایبەت ، گەر دەستوور بۆ خەڵک و لە خزمەتی خەڵکدا نەبێت :

١ - فەرمانڕەوایی لە خزمەتی حیزبا دەبێت

٢ -سوپای حیزب هەر وەک ئێستا دەمێنێتەوە

٣ -داهاتوو پارەو سامان وەک ئێستا ناڕوون و تاڵانکراو دەبێت

٤ -ئابووری کوردستان لە ئێستاش خراپتر دەبێت

٥ - ئازادیەکان سنووردارتر دەکرێن

٦ - گەمە پێکراو دەبین بەدەستی داگیرکەرانەوەو لەسەر پێی خۆمان ناوەستین

٧ - سەربەخۆیی لە قسەی زل و بریق و باق تێناپەڕێن

٨- هاو خەمی و پشتیوانیمان بۆ پارچەکانی تری کوردستان لە درۆو دەلەسە و خۆ نواندن تێپەڕ ناکات

٢٠١٥/٥/١١